کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە: ٩٣١ شەممە، ٣٠ خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

پەیامی هاوخەمیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات

بەبۆنەی ڕووداوی هاتوچۆ لە ئاودانان



بەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٥، وەرگەڕانی ئۆتۆبووسێکی هەڵگری کرێکاران و کارمەندانی پێترۆپالایش لە شاری ئاودانان، گیانلەدەستدانی لانیکەم ١٢ کەس و بریندارببوونی زیاتر لە ١٥ کەسی دیکەی لێ کەوتەوە.

هەواڵی گیانلەدەستدانی ئەم هاوواڵتییانە کە بەپێی زانیارییەکان خەڵکی ئاودانان و موورمووری لە پارێزگای ئیلامن، لە قووڵایی دڵەوە دڵگران و خەمباری کردین.

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە شەپۆلێک لە خەم و پەژارەی خستە نێو دڵی هاووڵاتییانمانەوە و، بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی قوربانییانی ئەم ڕووداوە و هەروەها سەرجەم خەڵکی کوردستان و بەتایبەت هاونیشتمانییانمان لە پارێزگای ئیلام دەکەم و، هیوام ئارامی و سەبوورییانە.

هەروەها هیوای لەشساغی بۆ بریندارانی ڕووداوەکە دەخوازم.

مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٤ی خەزەڵوەری ١٤٠٥

شەڕی مانەوە لە دژی حاکمانی مەرگ لە تاران



ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی ئاودانان

دوێنێ سێشەممە ٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦ (١٧ی نۆڤامبری ٢٠٢٦) خەڵکی تێکۆشەری ئاودانان، دژی سیستەم و کاربەدەستانی گەندەڵ و بۆ ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاتنە سەر شەقامەکان و بە دروشمەکانیان جارێکی دیکە دەسەڵات و شەرعییەتی ئەو ڕێژیمە داگیرکەرەیان ڕەت کردەوە.

ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە دوای کارەساتی وەرگەڕانی پاسێک لە ئاودانان سەری هەڵدا، کە لەبەر خراپیی ڕێگاوبان و نەبوونی خزمەتگوزاریی فریاگوزاریی پێویست بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی ١٣ ئەندازیار و کرێکاری پیشەسازیی نەوت و بریندارببوونی ١٧ کەسی دیکە.

ئەم ڕووداوە کارەساتبارە جارێکی دیکە نەبوونی فریاگوزاری، ستانداردنەبوونی ڕێگاکانی هاتوچۆ و نابەرپرسیارێتیی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی کردەوە بە پرسێکی جێی سەرنج و شەپۆلێکی تووڕەیی و ناڕەزایەتی لە نێو خەڵکی ئاوداناندا وروژاند. لەگەڵ ئەوەشدا، ناڕەزایەتییەکانی دوێنێی ئاودانان تەنیا لە داواکاریی لێپرسینەوە سەبارەت بەم کارەساتەدا قەتیس نەمایەوە و بە خێرایی دەنگ و ڕەنگی سیاسی و دژەحکوومەتی بە خۆوە گرت.

خەڵکی ئازا و چاونەترسی ئاودانان خاوەندارێتییان لە قوربانییانی ئەو کارەساتە کرد و دژی دەسەڵاتی تۆتالیتێر و داگیرکەرەی کۆماری ئیسلامی دەنگیان هەڵبڕی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە تەنیا کاردانەوە بەرامبەر بەو ڕووداوە کارەساتبارە و نەبوونی خزمەتگوزاریی ڕێگاوبان نەبوو؛ بەڵکوو ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی خەبات و ڕابوونی نەتەوەیی کوردستان و ڕیشەکانی بۆ کۆمەڵێک پرس و قەیرانی کەڵەکەبووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئاسایشی دەگەڕێنەوە. هەروەها دیمەنێکی دیکە لە پێشەنگایەتیی کوردستان لە ڕەتکردنەوە و خەبات دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و نادادپەروەری پێشان دەدات.

خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی دوێنێی دانیشتووانی ئاودانان، وەک هەمیشە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە پەلامار و گرتن و لێدان و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ و پچڕاندنی هێڵەکانی ئینترنێت، هەوڵی سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەیان درا. ئامرازگەلێک کە نە ڕێژیمی لە قەیرانەکان ڕزگار کردووە و نە خەڵکی کوردستانی بە چۆکدا هێناوە.

کوردستانییان بە پانتایی نیشتمان ئەو ڕاستییەیان ئەزموون کردووە کە تاران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکان و تێکڕای ئەو هەڕەشانەیە کە لەسەر ژیان و ئاسایشیانن. هاوکات لەوەش تێگەیشتوون کە لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیم و دەسەڵاتەدا، هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چاکسازی و کۆتاییهاتن بە مەینەتەکان بەدی ناکرێت. هەر بۆیە دەنگ هەڵبڕین دژ بە ڕێگاوبانی سەقەت و دژ بە بەڕێوەبەرانی گەندەڵ، بە خێرایی بۆ بەئامانجگرتنی کۆی ڕێژیم هەڵکشا.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییانی کارەساتەکەی ئاودانان، پشتیوانیی خۆی لە هاتنە سەر شەقام و دەنگهەڵبڕینی خەڵکی تازیەباری ئاودانان دەردەبڕێت.

هاوپەیمانیی کوردستانی، داوا لە خەڵکی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێت، پاڵپشتی و هاودەنگی بۆ دانیشتووانی ئاودانان دەربڕن. داوا لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و میدیاکان دەکات، لە کاتێکدا تاران بە ڕاگرتنی هێڵی ئینتەرنێت، بە تەمای خنکاندنی هاواری ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمانە، چاو و سەرنجیان لەسەر ئاودانان و ڕووداوەکانی بێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ژیانویستیی مرۆڤ و مەرگی ڕێژیم

✍️ حەسەن شێخانی

مرۆڤ لەو کاتەوە کە لەدایک دەبێ، بەرەو مەرگ دەڕوا. ئەمە ئێگزیستانسی مرۆڤە و خەسڵەتێکی تراژیکی بە ژیانی مرۆڤ بەخشیوە. چۆنیەتیی خوێندنەوەی ئەم خەسڵەتە و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، مرۆڤەکان و قوتابخانە هزرییەکان لێک جیا دەکاتەوە.

بەشێکیان وەها سێبەری کۆتایی ژیان، کە مەرگە، بەسەر ژیاندا دەکێشن، کە بەتەواوی ژیان دەخەنە ژێر حاکمییەت و سەیتەرەی مەرگەوە. خوێندنەوەیەک بۆ ژیان دەکەن وەک بڵێی ژیان شتێکی بێنرخە و تەنیا سێبەرێکە نەک حەقیقەت. ئەمەش لە ئەفلاتوونەوە کە گەورەترین میتافیزیسیەنی هزری ڕۆژاوایــە، سەرچاوە دەگرێت؛ لەم ڕوانگەیەدا، جیهان و ژیانی ئەم جیهانە، سێبەری میتافیزیک و جیهانی نموونە بالاکانن.

لە یۆنانی کەونـاراوە هەتا ئێستا، ئەم هزر و مـژارە پەرەی سەندووە و شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە و بووەتە جێگەی گەنگەشە و ڕووبەڕووبوونەوەی هزریی فیلسووفان و بیرمەندان. هەندێکیان خەسڵەتی تراژیکیی مرۆڤیان کردووەتە حوججەتێک بۆ ئەوەی ژیان بەهەند نەگرن و پشتی تێ بکەن؛ بەشێکیشیان وێڕای داننان بە خەسڵەتی تراژیکیی ژیانی مرۆڤ، پێیان وایە تا لە ژیاندای، دەبێ تێبکۆشی و شەڕی بۆ بکەی کە ژیانێکی شایستە و دڵخواز دابین بکەیت. ڕاستە ژیانی مرۆڤ کورتە و پڕە لە ناهەمواری و سەختی، بەڵام هیچ ئایدیایەک ناتوانێ و نابێ ببێتە هۆی ئەوەی غەریزەی ژیان و ژیانویستیی مرۆڤ وەلا بنێت و بەسەریدا زاڵ بێت. ڕاستە مرۆڤ لەو کاتەوە کە لەدایک دەبێت، بەڕێ دەکەوێت و تا تەمەنی دەچێتە سەر، لە مەرگ وەک دواوێستگە و کۆتایی ژیان نزیک دەبێتەوە؛ بەڵام لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدات، لێگەڕان دەکات، لەگەڵ شتی تازە بــەرەوڕوو دەبێت و لە هەموو هــەوراز و نشێوی ژیاندا بە تووندی دەست بە ژیانەوە دەگرێ و خۆی دەپارێزێ و، هەر ئەم غەریزەی خۆپاراستن و ژیانەیە کە هۆکاری بەردەوامیی ژیانە. چونکە ئەگەر ئەم غەریزەیە نەبایە، ژیانێک بوونی نەدەبوو. ئەمە بنەڕەتیترین خەسڵەتی مرۆڤە و، تەنانەت بە هەندێک جیاوازییەوە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەشە. ئاژەڵیش هەوڵی خۆپاراستن و مانەوەی هەیە و، لە ئەگەری بەرەوڕووبوون لەگەڵ مەترسیدا، بە شێوازی جۆراوجۆر دەیەوێت خۆی بپارێزێت و ڕزگار بکات. ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتقە، بیر دەکاتەوە و ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی هەیە؛ بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێش خۆی، خۆپاراستن و لە ژیاندا مانەوە و ژیانویستی دەباتە ئاستێکی تر و بە شێوەیەکی جەوهەری لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە.

دڕێژەی سەروتار لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە...

دیوی شاراوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

◆ هەیاس کاردۆ (٣)

هاوپەیمانی چۆن سەیری «ڕۆژی دوای سەرکەوتن» دەکا؟

◆ عەلی فەتحی (٥)

یەکگرتنی دێموکراتیک لە ڕێگەی دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکانەوە

◆ ئیبراهیم لاجانی (٨)

تێکشکاندنی ئێران: لە زەختەوە بۆ گواستنەوە

◆ وەرگێڕ: کەماڵ حەسەنپوور (٩)

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بۆ هاوپەیمانیی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان



دوای ئەوەی لەلایەن چەند پارت و لایەنی سیاسی لە باکووری کوردستان هاوپەیمانییەک دامەزرا و ڕاگەیەندرا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە نەتەوەییەی کرد و پشتگیریی خۆی بۆ هاوپەیمانییەکە ڕاگەیاند.

دەقی پەیامی حیزبی دێموکرات بۆ هاوپەیمانییەکە بەم شێوەیەیە:

بەڕێز هاوپەیمانیی نەتەوەیی کوردستان (هاوپەیمانی)
بە سڵاو و ڕێزی برایانە

ئەنجامەکانی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردستان لە ٢٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی لە ئامەد کە کۆنفرانسی ١٦ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ی بەدوادا هات، پرۆسەکەی گەیاندە ئاستێکی نوێ.

ئەم پرۆسەیە کە بە بەشداریی زۆرێک لە کەسایەتی و نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بەڕێوەچوو، بە سەرکەوتوویی گەیشتە ئامانجی خۆی و هاوپەیمانیی نەتەوەیی ڕاگەیەندرا.

ئێمە بەناوی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەریی حیزبەکەمانەوە، لەگەڵ بەرز نرخاندنی ئەم هەنگاوە نەتەوەیی و ناسنامەپارێزە، پیرۆزبایی لە هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییە بەشدارەکانی ئەم هاوپەیمانییە و هەروەها لە هەموو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و بەرگریکارانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان دەکەین.

ئێمە هیوادارین کە ئەم پرۆسەیە لە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا هەنگاوی کاریگەر و دیاریکەر بەدوای خۆیدا بهێنێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لەو بڕوایەدایە کە بزووتنەوەی کوردستان تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت بگاتە ئامانجەکانی خۆی کە هەموو پارت و هێزە سیاسییەکان بە یەکێتی، هەماهەنگی و گوتارێکی هاوبەشەوە بەرگری لەم ئامانجە ڕەوا و نەتەوەییانە بکەن.

ئێمە هیوادارین کە تێکۆشانی ئێوەی بەڕێز، مسۆگەربوونی ئەم ئامانجانەی بەدوادا بێت.

پیرۆز بێت یەکێتی و هاوخەباتیی ئێوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی پێوەندییە ئێرانی و کوردستانییەکان
٢٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ی هەتاوی

درێژەی سەروتار:

ژیانویستیی مرۆڤ و مەرگی ڕێژیم



دۆخی ئێستا شەڕکردنە لەگەڵ مەرگ و حاکمانی مەرگ. ئەگەر خەڵک لەمەودوا لە مەرگیش نەترسن، هی مەرگدۆستییان نییە، هی ژیاندۆستییانە، هی ئەڤینە بۆ ژیان، هی مەیلی ژیان و مانەوەیە، هی مرۆڤبوونیانە.

...لە ئەنجامی هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤدا، ژیان و گوزەرانی دەگۆڕێ و بەرەوپێش دەچێت؛ گۆڕان و بەرەوپێشچوونێک کە لە ئاژەڵدا نابینرێ. ئاژەڵ چونکە زمان و بیری نییە، بوونێکی بێ گۆڕان و گەشەسەندنی هەیە. تەنانەت ئاژەڵ ناژی، زیندووە؛ ژیان و ژین تایبەتن بە مرۆڤ. مرۆڤ دەژی، ئاژەڵ زیندووە. مەرگیشیان جیاوازە؛ مرۆڤ بیر لە مردن دەکاتەوە و بەشێکی گەورەی میتافیزیک لە بیرکردنەوە لە مەرگ و ئەوەی کە دوای مەرگ مرۆڤ چی لێ دێت، کۆتایی دێت یان بە شێوەیەک بەردەوام دەبێت، سەرچاوەی گرتووە. تەنانەت بیرکردنەوە لە دوای مەرگیش، لە ژیانویستیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤ دەزانێت لەو ڕۆژەوە کە لەدایک دەبێت بەرەو مەرگ دەڕوا، بەڵام نەتەنیا هەوڵی خۆپاراستن، باشترکردن، بەرەوپێشبردنی ژیانی و، ئەوەندەی دەکرێت، درێژکردنەوەی تەمەنی دەدات، بەڵکوو بەوەندەش قەناعەتی نەکردووە و خولیای ئەوەی هەیە ژیانی لە فۆرمێکی دیکەدا هەر بەردەوام بێت.

نیچە فیلسووفی ئاڵمانی، میتافیزیک ڕەت دەکاتەوە و لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕەسەنایەتی بۆ ژیان، بۆ ئەم جیهانە، دەگەڕێنێتەوە. دژی هەموو ئەم هەوڵانە دەوەستێت کە بە بیانووی ژیانێکی تر و جیهانێکی تر، ئەم ژیانە و ئەم جیهانە بێبایەخ دەکەن و دەیکەنە سێبەر و پاشکۆی حەقیقەتێکی تر. ئەمە چەشنێک گەڕانەوەی بایەخ و حەقیقەتە بۆ ژیان. ژیان ئەمەیە: کورتە، پڕە لە سەختی و دژواری، بەڵام مرۆڤ لە پێناو ژیاندا ئەمانە تەحەمول دەکا و تێیان دەپەڕێنێت. مرۆڤ ئیرادەی ژیانویستی هەیە، ئیرادە و خواستی هێز و دەسەڵاتی هەیە؛ هەموو ئەم شەڕ و هەڵاڵیانەی لە میژووی مرۆڤدا دەیانبینین، نوێنگە و دەرخەری ویستی هێز و دەسەڵاتی مرۆڤە، یا باشترە بڵێین ویستی ژیانی مرۆڤە؛ مرۆڤ لە پێناو ژیاندا، ژیانێکی باشتردا، باشتر لەوانی دیکە، هەوڵی خۆبەهێزکردن دەدات و دەیەوێ دەسەڵاتی هەبێت بۆ ئەوەی، ئەوەی ویستی بیکات. لێرەدا دەمەوێت کەمێک لە نیچەش ئەوڵاتر بڕۆم و بڵێم کە میتافیزیکیش چەشنێک ژیاندۆستی و ژیانویستیی مرۆڤە و لە قووڵایی خۆیدا گەڕانە بەدوای بەردەوامیی ژیاندا؛ هەرچەند میتافیزیک بۆ کەمنرخکردنی ژیان و دابەزاندنی ئاستی، لەچاو ژیانێکی دیکە، لێک دراوەتەوە. ئەم ڕاستییانە سەلمێنەری ئەوەن کە خۆپاراستن، ژیان و خواستی باشترکردن و درێژەدانی ژیان، بنەمای بوونی مرۆڤن؛ ئۆنتۆلۆژیی مرۆڤن. تەنانەت ئەو ئایدیۆلۆژییانەی ژیانی خەڵکێکی زۆر لەژێر ناوی جۆراوجۆردا زەوت دەکەن، ئایدیۆلۆژی یان خواستی دەسەڵاتی تاقمێک یان ئۆلیگارشییەکن کە لەپێناو حاکمییەت و دەسەڵاتی خۆیاندا، «سیاسەتی مەرگ» دەگرنە بەر و دەبنە حاکمانی مەرگ؛ لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکدا، ژیانی خەڵک ئاراستە دەکەن، سنووراری دەکەن و ژیان لە خەڵک زەوت دەکەن.

حاکمییەتی مەرگ

یەکێک لە ڕەهەند یان تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆر و خۆسەپێن و تۆتالیتێرەکان ئەوەیە کە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا و لە بەرگی ئایدیۆلۆژیی جیاوازدا، ژیانی خەڵک بەرتەسک دەکەنەوە؛ ئاراستەی دەکەن، لە قاڵبی دەدەن و، بەگشتی ژیانی خەڵک زەوت دەکەن و ناهێڵن ژیان ڕەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێت. خۆیان وەک خێرخوازی خەڵک دەنوێنن، کە مەسڵەحەت و چاکەی خەڵکیان دەوێت؛ وەک بڵێی خەڵک خۆیان نازانن مەسڵەحەت و چاکەیان لە چیدایە! ژیانی خەڵک، جەستەیان و هەڵسوکەوتیان لە بواری کۆمەڵایەتیدا کۆنترۆڵ دەکەن و جەستەی مرۆڤەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لە بیاقی کۆمەڵگەدا، دەکەنە مەیدانی دەسەڵاتیان. ناهێڵن خەڵک بە ئارەزووی خۆی بژی و لە ژیانی چێژ وەربگرێت. ئەمانە هەمووی لەژێر ناوی ئەخلاق و خێر و چاکەی کۆمەڵگەدا دەکرێن، زیندووماناوەشی لێ زەوت کردوون. ئێستاکە دۆخی خەڵکی ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوەندە خراپە کە هەموو هەوڵیان نەک بۆ ژیانکردن، بەڵکوو بۆ زیندووماناوەیە؛ ژیانێکی نەمرنەژییە. کێشەکە هەر ئەوە نییە کە خەڵک ناتوانن بە ویستی خۆیان بژین، بەڵکوو ئەوەیە کە هەر ناتوانن بژین. لێرەدایە کە کۆماری ئیسلامی ڕێک کەوتووەتە بەرامبەر ژیانویستی و غەریزەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەگەر لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خەڵک بۆ چۆنیەتیی ژیان ڕاپەڕین، ئەمجارە بۆ زیندووماناوە و لە ژیاندا مانەوە لە دژی ڕاپەڕین. دۆخەکە بە ڕادەیەک خراپە کە ئەم باسانەی لە چوارچێوەی شۆڕش و شۆڕشەکاندا دەکرێن ـ وەک ئەوەی «ئایا هەژاری دەبێتە شۆڕش یان نا؟» ـ دەرەقەتی دۆخەکە نایەن و ناتوانن تەفسیری بکەن.

کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دۆخێکی دروست کردووە کە دوو بژاردەی لە بەرامبەر خەڵکدا داناوە: ڕازیبوون بە مەرگێکی لەسەرەخۆ، یان هەوڵدان و هەستان و شۆڕش بۆ زیندووماناوە. لێرەدایە کە بە توندی کەوتووەتە بەرامبەر خەسڵەتی هەرە بنەمایی مرۆڤ کە هەوڵدانە بۆ خۆپاراستن و زیندووماناوە و ژیان. پرسەکە هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیان نییە، لەوە تێپەڕیوە؛ بۆ پاراستنی ژیانە. کۆماری ئیسلامی دۆخێکی خولقاندووە کە بەڕاستی دەتوانین پێی بڵێین حاکمییەتی مەرگ و بە حاکمانی کۆماری ئیسلامیش بڵێین حاکمانی مەرگ؛ ژیانی لێ زەوت کردوون و مەرگی خستووەتە بەردەمیان. لێرەدایە کە پارێزگارترین مرۆڤەکانیش تەحەمولی ئەم دۆخە ناکەن و دواجار لێی هەڵدەستن.

ئەگەر جاران دەگوترا خەڵک بیر لەوە دەکەنەوە کە دۆخەکە چی لێ دێتەوە، دوای کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێ و کێ دەبێتە دەسەڵاتدار و ئەمەش خەڵکی موحافزەکار کردووە و وای لێ کردوون کە بە هەراوی نەیەنە سەر شەقام و ئەوەی پێی دەڵێن تۆپژی خۆڵەمێشی، نەیەنە سەر شەقام؛ ئەگەر جاران دەگوترا خەڵک لە ترسی ئەوەی کۆماری ئیسلامی تەقەیان لێ دەکات و دەیانکوژێ، نایەنە سەر شەقام؛ بەڵام ئێستا دۆخێک دروست بووە کە خەڵک لە ترسی مردن دێنە سەر شەقام. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و سیاسەتی مەرگی کۆماری ئیسلامی ناچارن بێنە سەر شەقام. کاتێک زۆرینەی خەڵک هەرچی دەکەن، ناتوانن بژین و بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بۆ خەڵکێکی لەم چەشنە ترس لە مەرگ مانای نامێنێ. ئەگەر ئەم دۆخەی ئێستا بەردەوام بێ، ئەگەری زۆری هەیە کە ڕێژیم لەگەڵ شۆڕشی برسییەکان بەرەوڕوو بێت. دواجار غەریزەی ژیان و زیندووماناوە دەبێتە کۆتاییهێنەری کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ بنەماییترین خەسڵەتی مرۆڤ، لەگەڵ بوونی مرۆڤ، کەوتووەتە بەرامبەرەوە. ئیتر کاتێک دۆخێکی وا دروست دەبێت، خەڵک بیر لە دواهاتەکان ناکاتەوە، بیر لە ولات و نیشتمان ناکاتەوە، ئەمانە هەمووی مانای خۆیان لەدەست دەدەن. شەڕ بۆ مانەوەیە، بۆ خۆڕزگارکردنە؛ ئیتر ناتوانرێ بە ناوی ولات و شتی لەم چەشنە خەڵک لە ڕاپەڕین پاشگەز بکرێتەوە. (تەنانەت مەرگی کۆماری ئیسلامی بووەتە مەرجی پاراستنی ولاتیش؛ چونکە ئەم ڕێژیمە سەرەکیترین دوژمنی ولاتە و، بەو شێوەیەی بەڕێوەی دەبا، مانایەکی بۆ نیشتمانیش نەهێشتووەتەوە و هێناویەتە لێواری لێکهەڵوەشان.) ئەمە خەسڵەتی نەتەنیا مرۆڤ، بەڵکوو ئاژەڵیشە: کاتێک دەکەوێتە بەر مەترسیی لەنێوچوون، هەموو شتێک و هەموو هەوڵێک دەدا کە خۆی ڕزگار بکات؛ ئەوەلەویەتی ئەوەیە، ئەوەی کە دوایی چی لێ دێ، دەکەوێتە قۆناغی دواتر، دوای خۆڕزگارکردن. بەڕاستی کۆماری ئیسلامی حاکمییەتی مەرگە، بەڵام کێشەکەی ئەوەیە کە هیچی پێ لەگەڵ غەریزەی ژیان و ژیانویستیی مرۆڤ ناکرێت، دەرەقەتی نایەت و لە بەرامبەریدا شکست دێنێت.


دۆخی ئێستا شەڕکردنە لەگەڵ مەرگ و حاکمانی مەرگ. ئەگەر خەڵک لەمەودوا لە مەرگیش نەترسن، هی مەرگدۆستییان نییە، هی ژیاندۆستییانە، هی ئەڤینە بۆ ژیان، هی مەیلی ژیان و مانەوەیە، هی مرۆڤبوونیانە. کۆماری ئیسلامی زۆر شتی کردووە، بەڵام لە هەموویان خراپتر ئەوەیە مرۆڤەکانی لە مرۆڤبوون خستووە، کارێکی کردووە کە زیندووماناوە ببێتە مەسەلەیان، ببێتە ڕۆژەڤیان. تەنگی پێ هەڵچنیون، ئیتر هیچی تیدا نەهێشتووەتەوە، بۆیە خەڵک ئیتر هیچی نەماوە لەدەستی بدەن، ئەگەر هیچ نەکەن لەنێو دەچن. بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەوەی زەوت کراوە، ناچارن هەنگاو بنێن. کۆماری ئیسلامی ئەمەی کردووەتە ناچاری. خەڵک هیچ ڕێگەیەکی تریان لە بەردەمدا نەماوە، تەنیا ئەوە نەبێ بۆ زیندووماناوە، بۆ ژیان، باشترکردنی ژیان و هەموو ئەو شتانەی لێیان زەوت کراوە، وەدەنگ بێن و لە دژی مەرگ و حاکمانی مەرگ ڕاپەڕن. کۆماری ئیسلامی ئەمەی کردووەتە تەنیا بژاردەی بەردەم خەڵک.

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

دیوی شاراوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

(لە داگیرکردنی ناسنامەوە تا کۆنترۆڵی میٚژوو، زمان، خاک و چارەنووسی گەلانی غەیرە فارس)





هەیاس کاردۆ

ئەگەر نەتەوەیەک خۆی بە خاوەن هەموو شتێکی وڵات بزانێ، گەلانی دیکە دەبنە میوانی مااڵی خۆیان.

کاتێک باس لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەکەین نابێ تەنیا لە بێدەنگکردن و سەرکوتی ئاشکرا و بەردەوامی گەلانی ژێردەستی غەیرە فارس بدوێین؛ چونکە ئەوە تەنیا ڕووی ئاشکرای مەسەلەکەیە. لەڕاستیدا لە پشت ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەدا پرسیاری گرینگ خۆیان دەردەخەن: چۆن دەکرێ دەسەاڵتێک بە ناوی یەکپارچەیی وڵات میٚژوویەکی ساختە بکاتە هی هەموان؟ بە چ مافێک ناسنامەیەکی دیاریکراو دەکاتە ناسنامەی نیشتمانی و ئەوانی دیکە ژێر پێ دەخا؟ چۆن زمانی کۆمەڵە خەڵکێکی چەند ناوچەیەک دەکاتە زمانی ڕەسمیی هەموان و زمانەکانی دیکە قەدەغە دەکا؟ ئەمە لەڕاستیدا ئەو دیوە شاراوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە کە پێویستیی بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەیە. لێرەدا پێویستە وەبیر بێنینەوە مەبەست لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی ئەو سیاسەت و تێفکرینەیە کە ناسنامە، زمان و میٚژووی فارس دەکاتە پێوەری نیشتمانی و ئەوەش لە ڕێگای دەسەاڵتی سیاسییەوە بەسەر گەلانی دیکەدا دەسەپێنێ. بەگشتی دەکرێ ڕووی شاراوەی ناسیۆنالیزمی دەسەاڵتداری ئێرانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت کەینەوە:

یەکەم، کۆنترۆڵی میٚژوو: یەک لە گرینگترین ئامرازەکانی ناسیۆنالیزمی دەسەاڵتداری ئێرانی هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی میٚژوویە. ئەو کەسانەی لەژێر سەیتەرە و ئیمکاناتی دەسەاڵتدا میٚژووی ئەم وڵاتەیان نووسیوەتەوە، وایان نیشان داوە تەنیا الیەنێکی تایبەت بەردی بناغەی کۆشکی ئێرانی داناوە و بە درێژایی میٚژوو پاراستوویەتی. لە مۆدێلی ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرادا میٚژووی ئێران وا دەخوێندرێتەوە کە فارس کۆڵەکەی سەرەکیی یەکپارچەیی وڵاتە و تەنیا کولتووری ئەم نەتەوەیە شانازیی میٚژوویی خوڵقاندووە. هەرچەند دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی پۆلیسیی ڕەزا پەهلەوی بۆ چەواشەکاری و کاڵو لەسەر نانی خەڵک هەوڵ درا کۆی خەڵکی ئێران وەک نەتەوەیەک حیساب بکرێ، بەاڵم بە کردەوە تەنیا زمان و ئەدەبی ئەم بەشە لە خەڵکی ئێران کراوەتە بەردی بناغە و هیچ زمان و ناسنامەیەکی دیکە بە ڕەسمی نەناسراوە. بەمجۆرە لە نووسینەوەی میٚژووی ئێراندا نەتەوە نافارسەکان جێگە و پێگەیەکی

هەڵەیەکی گەورەی ناسیۆنالیزمی دەسەاڵتدار ئەوەیە فرەیی و یەکدەستی بە دوو ڕووی دژ بەیەک دەزانێ. لەکاتێکدا یەکپارچەیی بەردەوام و قایم لەسەر بنەڕەتی متمانە، تەنیا بە یەکسانی و ڕەزامەندیی کۆی خەڵک دروست دەبێ نەک لە ڕێگای سەرکوت و سەپاندن. سەقامگیریی وڵات بە هێزی هاوبەشی گەلانی پێکهێنەری دروست دەبێ نەک سڕینەوەی چارەنووسی ئەوانی دیکە.

وایان پێ نەدراوە و بەتەواوی پەراوێز خراون.

نەتەوەی باڵادەستی فارس بە سازکردنی شانۆیەک بە ناوی ڕەچەڵەکی ئاریایی و بەدانانی سەرەتای میٚژووی ئێران لە کوورووشی هەخامەنیشییەوە، بە ئاشکرا هەوڵی داوە خۆڵ دەچاوی خەڵک بکا و ئەم درۆ شاخدارە بکاتە ئەمری واقیع. ئەوە لە ڕاستیدا یەک لە دیوە شاراوەکانی ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانییە کە هەتا ئێستاش ملی بۆ ڕاستییە میٚژوونییەکان کەچ نەکردووە.

دووهەم، زمان: یەکی دیکە لە دیوە شاراوەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە وەک چەکێکی کاریگەر کەڵکی لێ وەرگیراوە، زمانە. لە وڵاتێکی پانوبەرینی وەک ئێراندا و بە بوونی زمان و فەرهەنگی جیاوازەوە، کاتێک دەسەاڵتی ناوەندگەرا زمانێکی تایبەت دەکاتە زمانی ڕەسمیی خوێندن و نووسین، بە تۆبزی هەوڵی سڕینەوەی زمانەکانی دیکە دەدا. لە وڵاتێکی ئاوادا دیارە نە عەدالەت و یەکسانی مانای هەیە و نە ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ؛ چونکە دەسەاڵتی ناوەند زیاتر لە نیوەی خەڵکی وڵاتەکەی لە سەرەکیترین مافی خۆیان کە فێربوونی زمانی زگماکییە، بێبەش کردووە. زمان تەنیا ئامرازی پێوەندیگرتن نییە، بەڵکوو هەڵگری بیرەوەری، میٚژوو، کولتوور و ناسنامەیە. بە دروستکردنی بەربەست لەسەر ڕێی فێربوونی زمانی دایک، لە ڕاستیدا هەموو شتێکیان لێ زەوت دەکرێ.

بە پێی ڕاپۆرتە جێی باوەڕەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، وەک ئەمنێستی ئینترناشنال، سیاسەتی هەاڵواردنی زمان لە درێژماوەدا النیکەم دەتوانێ ئەم زیانانەی بەدواوە بێ:

- **الوازکردنی پردی پێوەندیی نەوەی نوێ بە هاوزمان و هاونەتەوەی خۆی؛**
- **پەراوێزخستنی زمانە غەیرە فارسەکان لە دامودەزگا ڕەسمییەکاندا کە شەوقی درێژەدانی کار کەم دەکاتەوە؛**
- **دروستکردنی نایەکسانی لە دەرفەتی کار و خوێندندا؛**
- **دانانی پێوەری پێشکەوتن و پلەی کۆمەاڵیەتی بۆ دامەزراندن کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە بێبەشکردنی زمانەکانی غەیرە فارسەوە هەیە.**

سێیەم، بەئەمنییەتیکردنی داوا نەتەوەییەکان: سێیەمین ڕووی شاراوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە چاوی ئەمنییەتی سەیرکردنی هەر پرسێکی پێوەندیدار بە مەسەلەی نەتەوایەتییە. لە دێرزەمانەوە سیاسەتی ڕەسمیی دەسەاڵتی ناوەند کە ڕاستەوخۆ دەخزمەت نەتەوەیەکی تایبەتدایە، هەر داوایەکی نەتەوەیی وەک مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی وڵات سەیر کردووە و مافخوازانی ئەو پرسە وەک دوژمن بەرخوردیان پێ کراوە. یەک لە میکانیزمە سیاسییە گرینگەکانی دەسەاڵتی ناوەندگەرا پێوەندیدانی هەر داوایەکی نەتەوەیی بە بابەتی ئەمنییەتی نیشتمانییەوەیە (امنیت ملی). بۆ وێنە هیچکات داوایەکی سیاسیی کورد لە ژووری بەرپرسانی ڕەسمیی حکوومەتیدا نایەتە بەرباس. ئەوە دەزگای ئەمنییەتییە سەرکوتکەرەکانن کە چاوەدێریی ئەو پرسەیان قۆرغ کردووە و تەنیا بە زمانی چەک و تووندوتیژی و زۆر جاریش تیرۆر بەرخوردی پێ دەکەن. هەر بۆیەشە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو کێشەی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران چارەسەر نەکراوە و بگرە ئاڵۆزتریش بووە.

چوارەم، کۆنترۆڵی سەرچاوە ئابوورییەکان لە الیەن دەسەاڵتی ناوەندەوە: قۆرغکردنی هەموو سەرچاوە ژێرزەوییەکان و بنکە ئابوورییەکانی ناوچە نافارسەکانی ئێران لە الیەن دەسەاڵتی ناوەندگەراوە هەمیشە وەک چەکی مەزنیخوازی کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە کێشەی نەتەوایەتیی ئێراندا زیاتر باسی زمان و فەرهەنگ و بەستەرە کۆمەاڵیەتییەکان لەسەر زار و زمانە. لە حاڵێکدا مەسەلەی ئابووری و سازکردنی بەربەستی پەرەگرتنی ناوچە نافارسەکان دەبێ وەک ئەسڵێکی گرینگ لەبەر چاو بگیرێ.

ئەگەر ئەوە قبووڵ بکرێ لە ئێرانی فرەنەتەوە و فرەزماندا، ناوچە نافارسەکان سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئەو بوارەن، دەبێ پرسیار بکرێ چ میکانیزمێک بۆ کەڵک لێوەرگرتنیان لەبەر چاو دەگیرێ؟ پرسیارەکان دەکرێ بەمجۆرە بن:

- **سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو ناوچانە چۆن بەڕێوە دەبرێن؟**
- **بڕی بودجەی گەشەپێدانی وڵات چۆن دابەش دەکرێ؟**
- **بۆچی هێندێک ناوچە بەردەوام ڕووبەڕووی هەژاری و کەمداهاتی دەبنەوە؟**
- **خەڵکی ئەو ناوچانە چەندە دەسەاڵتیان بەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیاندا هەیە؟**

ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤ و یەک لەوان ئەمنێستی ئینترناشنال، ئاماژە بە کەموکوڕیی زۆری ئەو بوارە و کەڵک وەرگرتنی ناعادالنەی وەبەرهێنان لە هێندێک ناوچەی سەر بە نەتەوە نافارسەکان دەکەن. ئەمە خۆی بەڵگەی سەلمێنەری نایەکسانیی ئابووری بە مەبەستی سیاسەتی خۆسەپێنەرانەی دەسەاڵتی ناوەندگەرایە. سیاسەتی هەاڵواردنی ئابووری بە درێژایی چەند سەدەی ڕابردوو زۆر زیرەکانە و بەردەوام پێڕەو کراوە کە ئاکامی ماڵوێرانکەری لێ کەوتووەتەوە.

پێنجەم، مەسەلەی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات: دیوێکی شاراوەی دیکەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە شانازیشی زۆر پێوە دەکرێ، مەسەلەی یەکپارچەیی خاکە. دەسەاڵتی ناوەندگەرا هەمیشە لەو چەکە وەک شمشێرەکەی دامۆکلێس کەڵکی وەرگرتووە. واتە لەبەرامبەر هەر داوایەکی مافخوازانەی نەتەوەییدا ترسی لێکترازانی وڵاتی زەق کردووەتەوە.

لە هەموو گێرانەوە و لێکدانەوەیەکی دەسەاڵتدارانی ناوەندگەرادا یەکپارچەیی خاک وەک بەهایەکی نەگۆڕ و بێ مشتومڕ سەیری دەکرێ. لەو پێوەندییەدا بێ ئەوەی گوێ بدەنە داوا ڕەواکانی نەتەوە جیاوازەکان، بەردەوام ترسی (تجزیه ی ئێران وەبیر دێننەوە و خۆیان لە دانی وەاڵمی دروست بە داواکە دەبوێرن. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: داخوا یەکپارچەیی خاک بەبێ یەکسانیی سیاسی و کۆمەاڵیەتی دەتوانێ مانای هەبێ؟ تۆ بڵێی کەسایەتیی مرۆڤەکان و بەها ئینسانییەکان گرینگتر بن یان خاک و خۆڵ و دەشت و دەر؟ هەر بەڕاستی بە سەرکوتی داواکارانی مافی نەتەوەیی دەکرێ یەکپارچەیی خاک بپارێزرێ؟ پاشان کێ بڕیار دەدا خاوەنی ئەم وڵاتە کێیە و چۆنی کەڵک لێ وەردەگیرێ؟

نەزمی سەردەم و عەقڵی مەنتیقی پێمان دەڵێ دەوڵەتێک دەتوانێ سنوورەکانی وڵات ئەمن ڕاگرێ کە مافی هاووڵاتییانی خۆی بپارێزێ. ڕێزگرتن لە ناسنامەی نەتەوەیی کە زمان کۆڵەکەی گرینگییەتی، دەتوانێ یەک لە هۆکارەکانی پێشگیری لە لەتوکوتبوونی وڵات بێ. تەنیا متمانەی هەمەالیەنەی دانیشتووانی وڵات بە یەکترە کە دەتوانێ هاوسەنگیی دەسەاڵت پێک بێنێ کە ئەوە خۆی میکانیزمی ڕاگرتنی یەکپارچەیی وڵاتە.

شەشەم، ئەفسانەی ڕەچەڵەک و پێگەی بەرزتر: یەک لە بابەتە گرینگەکانی لێکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزمی مودێڕنی ئێرانی، بەکارهێنانی دەستەواژەی (ئاریایی) وەک چەمکێکی پێوەندیدار بە ناسنامەی ئێرانیگەرییە. هێندێک لە گێڕانەوە میٚژووییەکان و بە تایبەت لە سەردەمی ڕەزا پەهلەوی بەملاوە، دروستکردنی میٚژوویەکی ساختەیە کە لە دەسەاڵتی هەخامەنیشییەوە دەست پێ دەکا. لەو گێڕانەوەیەدا هەموو خەڵکی ئێران لە لقوپۆپەکانی نژاد، یا ڕەچەڵەکی ئاریایین کە وەک بنەماڵەیەکی گەورە بە درێژایی میٚژوو لە پەنای یەک ماونەتەوە. بە واتایەکی دیکە شتێکیان بە ناوی ڕەچەڵەکی ئاریایی دروست کردووە کە فارس بنەچەکیەتی و چەند (قەوم)ێکی دیکەش لە دەوری هاڵاون و وڵاتی پڕ (عەزەمەت)ی ئێرانیان دروست کردووە. بەپێچەوانەی ڕاستییەکان و زۆریش بە ئانقەست بەشێکی گرینگ لە میٚژووی زێڕینی ئیمپراتۆریی مادەکانیان سڕیوەتەوە چونکە بنەچەکی کوردەکانن.

کێشە هەر ئەوە نییە میٚژوو بشێوێندرێ، بەڵکوو مەترسیی گەورە ئەوەیە کە ئەو میٚژوویە بکرێتە ئامرازی سەپاندنی پێگەیەکی بەرزتر بەسەر خەڵکی دیکەدا. بە مانایەکی دیکە، گرێدانی نەتەوەی باڵادەست بە ڕەچەڵەکی ئاریایی کە خۆی ساختەیە و دانانی ئەو ڕەچەڵەکە وەک پلەیەکی بەرزتر و خاوەن شکۆتر، بووەتە چەکی دەستی دەسەاڵتی خۆسەپێن. دەتوانین بە ڕوونی بڵێین ئەگەر نەتەوەیەک خۆی بە خاوەن میٚژووی ڕاستەقینەی ئێران بزانێ و نەتەوەکانی دیکە لە دەوری ئەو جەغزە ببینێ، ئەوە شانازیی میٚژوویی گۆڕیوە بۆ ئامرازی خۆسەپاندن. واتە هەمان ئیدە و فکری مەترسیداری مەزنیخوازیی سەدەکانی ڕابردوو کە زۆرجار دنیای بەرەو وێرانی بردووە.

حەوتەم، ستراتیژیی سڕینەوەی جیاوازییەکان، یان گۆڕینی گوتاری فرەیی بۆ یەکدەستی: ئەوەش یەک لەو ڕەهەندانەیە کە بەجۆرێک خۆی دەچوارچێوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا جێ دەکاتەوە. وەک ڕۆژی ڕوون دیارە کۆمەاڵگای ئێران فرەچەشن و فرەڕەنگە. کاتێک دەسەاڵت هەوڵ دەدا ئەم فرەییە لە چوارچێوەی ناسنامەیەکی تاکدا کۆ بکاتەوە، پرسیارێکی گەورە دروست دەکا: ئایا هاووڵاتیبوون بە مانای توانەوەی هەموان دەنێو یەکیاندایە؟ ئەو بیری یەکدەستکردنە لە چیرا سەرچاوەی گرتووە و دەیەوێ بە کوێ بگا؟ سیاسەتی یەکدەستکردنی کۆمەاڵگا دیارە جیاوازییەکان بە مەترسیی گەشەی خۆی دەزانێ و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی بکرێ پێشی دەگرێ. پڕۆسەی خوێندنی یەکزمانە، کۆنترۆڵی میٚدیا و ڕاگەیاندن، یەکدەستکردنی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان و ... لەو هەوڵانەن کاریان زۆر لەسەر کراوە.

بەگشتی دەتوانین دیوی شاراوەی ستراتیژیی دەسەاڵت بەرامبەر داواکاریی نەتەوەیی بەمجۆرە پێناسە بکەین:

- **کۆنترۆڵی میٚژوو دەتوانێ خاوەندارییەتیی نەتەوەیی لە ئاستی گێڕانەوەدا دیاری بکا.**
- **کۆنترۆڵی زمان دەتوانێ سنووری بەشداریی یەکسان لە ژیانی خەڵکدا دیاری بکا.**
- **کۆنترۆڵی دامەزراوەکان دەتوانێ دەسەاڵتی بڕیاردان لە ناوەند کۆ بکاتەوە.**
- **کۆنترۆڵی سەرچاوە ئابووریییەکان دەتوانێ پەیوەندیی ناوچەکان بە ناوەندی سیاسی و ئابووریی دەسەاڵتی وڵات دیاری بکا.**
- **ئەمنییەتیکردنی داواکارییەکان دەتوانێ بۆ سەرکوتی مافخوازان بەکار بهێندرێ.**

بەمجۆرە دەسەاڵت تەنیا کۆنترۆڵی خاک ناکا، بەڵکوو دەیەوێ کۆنترۆڵی ئەوەش بکا کە خەڵک چۆن خۆیان بناسێنن؛ چۆن میٚژووی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە؛ بە چ زمانێک بدوێن و بخوێنن؛ سەرەنجام چۆن بەشداری لە بڕیارە سیاسییەکانی وڵاتدا بکەن.

هەڵەیەکی گەورەی ناسیۆنالیزمی دەسەاڵتدار ئەوەیە فرەیی و یەکدەستی بە دوو ڕووی دژ بەیەک دەزانێ. لەکاتێکدا یەکپارچەیی بەردەوام و قایم لەسەر بنەڕەتی متمانە، تەنیا بە یەکسانی و ڕەزامەندیی کۆی خەڵک دروست دەبێ نەک لە ڕێگای سەرکوت و سەپاندن. سەقامگیریی وڵات بە هێزی هاوبەشی گەلانی پێکهێنەری دروست دەبێ نەک سڕینەوەی چارەنووسی ئەوانی دیکە.

لەڕاستیدا زوڵم و ستەمی دەسەاڵتی ناوەند تەنیا دەهێرشە سەربازی و پۆلیسییەکان بۆ سەر گەلانی ژێردەستدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لەو پێوەندییە نابەرامبەرانەوە سەرهەڵدەدا کە ناوەندی دەسەاڵت بە زۆری هەوڵی سەپاندنی دەدا. دەکرێ بڵێین کێشە تەنیا قەدەغەکردنی زمانێک، یان گرتنی چاالکانی سیاسی و مەدەنی نییە. کێشەی سەرەکیتر ئەوەیە کێ گۆپاڵی یاسادانان و سەپاندنی ئەو یاسایانەی بە دەستە؟ کێ میٚژووی وڵات دەنووسێتەوە، کێ کۆنترۆڵی سەرچاوەکان دەکا و کێ پێناسەی نیشتمانی دیاری دەکا؟ لە کوتاییدا کێ بڕیار دەدا نیشتمانپەروەر کێیە و جیاوازیخواز چ کەسە؟

کورد و هیچ نەتەوەیەکی نیشتەجێی ئێران نابێ بۆ سەلماندنی خۆشەویستی بۆ خاک و وڵاتی خۆیان، دەستبەرداری زمان، میٚژوو، ناسنامە و مافی سیاسیی خۆیان بن. ئازادیی گەلانی ئێران بە سەرکوتی یەکتر وەدی نایە. ئێران کاتێک ئازاد و سەقامگیر دەبێ کە لە چنگ دەسەاڵتی خۆسەپێن و ناسنامەی درۆیینی خۆی ڕزگار بکا.

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

خالید عەزیزی:

بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، پێکهێنانی ئالتێرناتیڤ ئەرکی لەپێشتری ئۆپۆزیسیۆنە

وتوێژ: فاتمە عوسمانی



ئاماژە: لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی خێرا بوونەتەوە، بەرنامەی «کانوون»ی کوردکاناڵ لە وتوێژێکی تایبەتدا میواندارێی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کرد. بەڕێز عەزیزی لەم بەرنامەیەدا لێکەوتەکانی هەڵبژاردنەکانی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و کاریگەریی فەزای شەڕ و دیپلۆماسیی لەسەر داهاتووی ئێران شی کردەوە و، وێڕای ڕەخنەگرتن لە پەرتەوازەیی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و نەبوونی ئالتێرناتیڤ، ئەزموونی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی کوردستانی بە مۆدێلێکی هاندەر بۆ ڕێکخستن و خەبات لە ئێراندا لە قەڵەم دا.

بەڕێز عەزیزی، لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا هەندێک گۆڕانکاری ڕوویان داوە؛ بە بڕوای ئێوە ئەم گۆڕانکارییانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر داهاتووی ناوچەکە و ئێران دەبێت؟

بەر لە هەموو شتێک، لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا — وەک زلهێزی جیهانی — و ئیسرائیل — وەک زلهێزی سەربازیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست — بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن کارێکی تەواو ئاساییە. لە سیستمە دێموکراتیکەکانی ئەم دوو وڵاتەدا، خەڵک بەپێی یاسا و لە کەشێکی ئازاددا، بڕیار لەسەر داهاتوو و ستراتیژیی دامەزراوە سیاسی، سەربازی و ئەمنییەکانیان دەدەن. بەڵام لێرەدا لەگەڵ هاوکێشەیەک بەرەوڕووین کە تێیدا ئەمریکا کەوتووەتە نێو شەڕێکەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئیسرائیلیش چەقی ئەم شەڕەیە. لە بنەڕەتدا، شەڕی ئەم دواییە ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی کۆماری ئیسلامی، زیاتر پەیوەندیی بە سروشتی هەڕەشەکانی ئەم ڕێژیمە و نیگەرانی لە ئەگەری بەکارهێنانی بەرنامە ناوکییەکەی لە دژی ئیسرائیلەوە هەیە. هەر بۆیە پاشخانی قەیرانەکانی ناوچەکە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێی ئەمریکاشیان ڕاکێشایە نێو ئەم پێکدادانەوە و هەڵبژاردنەکانی هەردوو وڵات لە کەشوهەوای شەڕدا بەڕێوە چوون.

ئیسرائیل هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا تووشی شەڕی جۆراوجۆر بووە و هاوکات هەڵبژاردنەکانیشی ئەنجام داوە؛ هەر بۆیە ڕەنگە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەوێدا ئەوەندە بەرچاو نەبن. بەڵام ئەمریکا بە ڕەهەندێکی زۆر بەربڵاوتر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا چالاک و بەشدارە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دەتوانێت کاریگەریی زۆری هەبێت. بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەمریکا، سەرۆککۆمار لە داڕشتنی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئاسایشی جیهانی و ئاشتیدا دەسەڵاتێکی یەکجار زۆری هەیە. هەرچەندە ڕەنگە لە کۆنگرێسدا ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگ ببێتەوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتانە بە ئاسانی لێی ناسەنرێنەوە. بەدەر لەم ڕەوتە، دەرەنجامی هەڵبژاردن لەم دوو وڵاتەدا نیشان دەدات کە دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی» یان ڕەوتی گفتوگۆ و ململانێی دیپلۆماتیک هەر بەردەوام دەبێت.

ئێوە سالانێکی زۆر ئەزموونی کارکردنتان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە؛ بە بۆچوونی ئێوە دوای هەڵبژاردنەکان، سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بەرەو کوێ دەڕوات؟

سەرۆککۆمار ترامپ بە بەراورد لەگەڵ سەرۆککۆمارەکانی پێشووی ئەمریکا، ڕوانگەیەکی جیاوازی هەبوو. لە ڕابردوودا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان سیاسەتی ئەمنی و نێودەوڵەتیی دێموکراتەکان و کۆماریخوازەکاندا نەبوو و ناکۆکییەکان زیاتر لە وردەکارییەکاندا بوون. بەڵام ترامپ دەیویست ئەم ڕێڕەوە بگۆڕێت و تا ڕادەیەکی زۆریش وای کرد؛ چونکە جەختی لەسەر پرسە نێوخۆییەکان و دروشمی «سەرەتا ئەمریکا» دەکردەوە. لە سەردەمی ئەودا بینیمان کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە مێژوویییەکانی لە ئورووپا و تەنانەت لەگەڵ کاناداش سارد و ئاڵۆز بوون، ئەمەش دیاردەیەکی نوێ بوو لە سیاسەتی دەرەوەی واشینگتوندا.

بە بڕوای من، ئەمریکا و ئورووپا لەسەر بەرەنگاربوونەوەی کۆماری ئیسلامی، کۆنترۆڵکردنی توانا ناوکییەکانی و ناچارکردنی بەوەی هەڵسوکەوتێکی بەرپرسانە بنوێنێت، هاوڕان؛ بەڵام لە بواری کردەیی، مەیدانی و سەربازیدا، ناکۆکییەکانیان بە تەواوی دیارە. هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ڕەنگە ئەم پەیامە بگەیەنن ترامپ و کۆماریخوازەکان کە پێویستە بە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ هاوپەیمانە دێرینەکان، لانیکەم بەرامبەر بە ئورووپا، بچنەوە.

سەرباری ئەمەش، تەوەری سەرەکیی سیاسەتی ئەمنیی واشینگتون هەر ئێرانە؛ چونکە ئەم پرسە بۆ خودی ترامپ بووەتە پرسێکی جیدی و بێگومان هەوڵ دەدات خۆی وەک «براوە»ی ئەم پرسە نیشان بدات. دەیەوێت بە خەڵکی ئەمریکا بڵێت ئەم شەڕە بایەخی خۆی هەبووە و دەوڵەتەکەی توانیویەتی بەرنامە ناوکیی کۆماری ئیسلامی سنووردار بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت چاوەڕوان بین؛ بەتایبەت کە ئەنجام و پەیامی ئەم هەڵبژاردنانە لەوە بەهێزتر بوو کە چاوەڕوان دەکرا.

لەم کەشوهەوای شەڕەدا، نەبوونی یەکڕیزییەکی کاریگەر و ئالتێرناتیڤ لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریدا تا چەند کاریگەریی لەسەر داهاتووی ئێران دەبێت؟

یەکێک لە ئالنگارییە گەورەکانی خەڵکی ئێران ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی سالانێکی درێژ بەرنامە ناوکییەکەی خۆی وەک کارتی یاری و ئامرازی بەرپەرچدانەوەی نێودەوڵەتی بەکار هێناوە و هەرکاتێک لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا باسی ئێران دەهاتە گۆڕێ، کاری هەرە لەپێش، ئاوڕدانەوە لە دۆسیەی ناوکی بووە. ئەم دۆخە جەنگییە و دۆسیە ناوکییە، لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێران و جیهانیان بە بارمتە گرتووە. کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی سوود لە کەشوهەوای شەڕ وەردەگرێت، هەروەک چۆن خومەینی شەڕی بە «نیعمەتی خودایی» دەزانی؛ ئەم ڕێژیمە بەرژەوەندیی خۆی لە نائارامیی ناوچەکە و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکاندا دەبینێتەوە تا بیروڕای گشتیی نێوخۆی ئێران بە لاڕێدا ببات.

ئەگەر ئەم شەڕە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی سەربازی یان ڕێککەوتنی دیپلۆماتیکدا کۆتایی پێ بێت، خەڵکی ئێران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن لە گۆڕەپانی خەباتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا چالاکتر دەربکەون. بەڵام لە تەواوی ئەم ماوەیەدا، بەداخەوە ئالتێرناتیڤێک دروست نەبوو، خەڵک ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە وریایی و پارێزەوە دەجووڵایەوە. ئەمە بۆ خودی ئەمریکاش بووەتە گرفت، چونکە سەلما کە تەنیا بە بۆمبارانی هەوایی ناتوانرێت ڕێژیم بڕووخێنرێت؛ ئامادەبوونی خەڵک و هەبوونی ئالتێرناتیڤێکی جێی متمانەی کۆمەڵگەی جیهانی پێویستە، ئالتێرناتیڤێک کە بۆشاییەکەی بە تەواوی هەستی پێ دەکرێت.

یەکڕیزی و هاوکاریی کاریگەری ئۆپۆزیسیۆن لە بارودۆخێکی ئاوادا چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران دەبێت؟

حیزبی دێموکرات هەمیشە لە پێناو یەکگرتوویی هێزە سەرانسەری و کوردستانییەکاندا هەوڵی داوە و کەمتەرخەم نەبووە. ئێمە لەگەڵ ڕەوت و لایەنە جۆراوجۆرەکاندا گفتوگۆمان کردووە، بەڵام دەبێت ڕاستییەکە قبووڵ بکەین کە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری زۆربەی کاتی خۆی بە لێکدانەوە و پێشبینیی چارەنووسی شەڕەوە بەفیڕۆ دا.

ئەم هێزانە تا ڕادەیەک متمانەی خۆیان لەدەست دا، ئیرادەیەکی جیدییان پێشان نەدا و بە بۆچوونی من، لە «وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریێتی» دەترسان و ئامادەیی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لە خۆیاندا نەدەبینی. ئۆپۆزیسیۆن چ لە سەردەمی بزووتنەوەی «ژینا» و چ لە گەرمەی هێرشەکانی ئەم دواییەدا، زیاتر سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانی خۆی بوو. ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی بەردەوامبوونی سیاسەتی یەکترقبووڵنەکردن، جەمسەربەندییەکان و ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکانە.

ئێمە لە حیزبی دێموکرات ناهومێد نین و هەوڵ دەدەین ئۆپۆزیسیۆن دەست بداتە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ورد تا بەرنامەیەکی ستراتیژی بۆ قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامی دابڕێژێت.

حیزبی دێموکرات لە هاوپێوەندیی حیزبە کوردییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا؛ تا چەند دەکرێت کەڵک لەم ئەزموونە بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و هاوکارییەکی سەرانسەری لە ئێراندا وەربگیرێت؟

مۆدێلی هاوپەیمانی لە کوردستاندا مۆدێلێکی ئامادەکراوی پێشوەختە نەبووە، بەڵکوو ڕەگی لە پاشخانێکی مێژوویی و خەباتگێڕانەدایە. ئێمە دەتوانین بۆ ڕێکخستن، بەهێزکردنی بزووتنەوەی مەدەنی و پەرەپێدانی نافەرمانی مەدەنی لە سەرانسەری ئێراندا، کەڵک لەم ئەزموونانە وەربگرین؛ چونکە خۆشبەختانە ڕوانینی خەڵکی ئێران و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر بە پرسی کورد گۆڕانێکی ئەرێنیی بەسەردا هاتووە.

خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە نابێت داهاتووی ئێران تەنیا لە ڕەهەندە سەربازییەکان و دەستێوەردانی دەرەکیدا کورت بکەینەوە. ئۆپۆزیسیۆن دەبێت واوەتر لە گۆڕانکارییە سەربازییەکان بیر بکاتەوە.

ئەزموونی حیزبایەتی لە کوردستاندا چەندە لەم یەکگرتوویییەدا کاریگەر بووە و ئایا دەتوانێت ببێتە مۆدێلێکی سەرانسەری؟

ئەم ئەزموونە بێگومان لە کوردستاندا کاریگەر بووە، بەڵام گشتاندنی بۆ ئاستی ئێران لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوویە. گرژی و کێشمەکێش لە نێوان ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکان لە ئێراندا هەمیشە زۆر و توند بووە و زۆربەی وزەی ئۆپۆزیسیۆن لەم ناکۆکییانەدا بەفیڕۆ دراوە. حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی داوە پەرە بە کولتووری دێموکراسی، یەکترقبووڵکردن و گفتوگۆ بدات. کۆمەڵگە و هێزە سیاسییەکانی ئێران ئەزموونێکی درێژخایەنیان لە دێموکراسیدا نەبووە و دامەزراوەی مەدەنیی بەهێز تێیاندا دروست نەبووە؛ هەر بەم هۆیەشەوە ئەم هێزانە لە دەرفەتە مێژوویییەکانی وەک بزووتنەوەی «ژینا» یان شەڕی ئەم دواییەدا، نەیانتوانی ئالتێرناتیڤێکی کارا پێک بهێنن. کارێکی ئاسان نییە، بەڵام حیزبی دێموکرات سوورە لەسەر ئەوەی لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ئێراندا ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت.

ئێوە باستان لە دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی» و ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتن کرد. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدوای گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا نەبێت و هێشتاش هیچ ئالتێرناتیڤێک لە ئارادا نەبێت، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ داهاتووی ئێران چۆن دەبێت؟

زۆرینەی خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامین، بەڵام ئەم زۆرینەیە یان هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی خواستەکەی بکاتە داخوازییەکی کاریگەر، یان نەیتوانیوە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بخاتە نێو قۆناغی دروستکردنی ئالتێرناتیڤەوە. دژایەتیکردن و ناڕەزایەتی بەرامبەر بەم ڕێژیمە، مەرج نییە خۆبەخۆ ببێتە هۆی دروستبوونی ئالتێرناتیڤێک.

من پێم وایە تەنانەت ئەگەر شەڕیش کۆتایی بێت، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ئەم دۆخە ئەمنی و جەنگییە بە شێوازێکی دیکە درێژە پێ بدات. ڕەنگە ئەم دەسەڵاتە لە نێوخۆی وڵاتدا پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە ببات و بەتایبەت لە کوردستاندا، سیاسەتی بەئەمنیکردن هەروەک ڕابردوو بەڕێوە ببات.


کۆتاییهاتنی شەڕ لە دژی ئێران، ئەگەری ڕێککەوتن لە نێوان ئەمریکا و ئێران یان بەردەوامبوونی دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی»، بەو مانایە نییە کە مێژوو دەوەستێت. نەخێر؛ کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا شکستی هێناوە و ئەگەر شەڕ بە هەر شێوەیەک کۆتایی بێت، کێشە نێوخۆییەکان زیاتر لە جاران دەردەکەون و بەڕۆکی دەسەڵات دەگرنەوە. لەو قۆناغەدا، ئەم ڕێژیمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێکی یەکجار بەرفراوان لە داخوازییە جەماوەرییەکان دەبێتەوە و ئەو کاتە ئۆپۆزیسیۆن و هەموومان بۆ درێژەدان بە خەباتمان، شێواز و ڕێکاری نوێ دەگرینە بەر. هەتا ئەو کاتەی ئەم کەشوهەوای شەڕە سێبەر بەسەر کۆمەڵگەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆندا بکێشێت و خەڵک، دەسەڵات و حیزبەکان بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات، پێ دەچێت جوواڵەی جیدی و مەیدانی لە شەقامەکاندا بە ئاسانی لە دژی کۆماری ئیسلامی سەر هەڵنەدات.

سەرباری ئەمەش، من گەشبینم؛ چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە خراپترین دۆخی مێژووی سیاسیی خۆیدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، پرسی ئۆپۆزیسیۆن و دروستکردنی ئالتێرناتیڤ دەبێت بە شێوەیەکی جیدی ئاوڕی لێ بدرێتەوە. دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنبوون، بووەتە ئەمری واقیع لە بەرامبەر ئەم ڕێژیمەدا؛ بەڵام بەداخەوە تا ئەم چرکەساتە، زۆربەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و پێکهێنانی ئالتێرناتیڤدا سەرکەوتوو نەبوون. خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی، چ لە دۆخی ئێستادا و چ دوای شەڕ، ڕێک هەر ئەم خاڵە لاوازەی ئۆپۆزیسیۆنە.


ئەو لاوازییەی من باسی دەکەم، پرسی ئالتێرناتیڤە. بۆ ڕووخاندنی سیستمێکی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامی، دروستکردنی ئالتێرناتیڤ بێگومان دەبێت ئەرکی لەپێشتری بێت؛ شتێک کە بەداخەوە هەتا ئەمڕۆ نەمانبینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جارێکی دیکە جەخت دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم پرۆسەیەدا هەرگیز کەمتەرخەم نابێت و ئێمە وەک ڕابردوو درێژە بە سیاسەتەکانی خۆمان دەدەین.

• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦
کوردستان

هاوپەیمانی چۆن سەیری «ڕۆژی دوای سەرکەوتن» دەکا؟



عەلی فەتحی



ئازادی دیاری و کالا نییە لەلایەن کەسانێکەوە خەڵات بکرێت، مافێکە لە ڕێگەی تێکۆشان و فیداکارییەوە دەستەبەر دەبێ؛ هەر وەک شاعیری یۆنانی دەڵێ: «ئازادی پێویستی بە بوێری و فەزیلەت هەیە»؛ ئەگەر بوێری و فەزیلەت لەگۆڕێدا بێ و دەرفەتەکان لە کاتی گونجاودا بقۆزرێنەوە، شانسی گەیشتن بە سەربەستی زۆرە.

ئازادی، چەمکێکە خاوەن مانا و گرینگییەکی تایبەت. چ وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و چ بە شێوەی خۆزگە و خەیاڵ. بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ لە زەینی ئینسانەکاندا جێی خۆش کردووە. ئەگەر چەشنی ماف سەیر بکرێت، واتە ئەو تواناییەی کە مرۆڤ بۆی هەبێ بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکا و مافی دەرکەوتن و دەربڕینی هەبێ. لە خۆدەرخستن و هەڵبژاردن و چێژوەرگرتن، خاوەن سەربەخۆیی کەسیی خۆی بێ، بەبێ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتێک یا مرۆڤگەلێکی دیکەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و دادگاییکردنی دادپەروەرانە ئەو مافەی لێ زەوت بکرێت. ئازادی، تێگەیشتنێکە کە سەبارەت بە کەرامەتی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، گوزارشت لە ڕاستییەکی بێپایان دەکا. ئەو تێگەیشتنە یا بابەتە، دیاری و کالا نییە لەلایەن کەسانێکەوە خەڵات بکرێت، مافێکە لە ڕێگەی تێکۆشان و فیداکارییەوە دەستەبەر دەبێ. لەمەڕ دابینکردن و وەدەستخستنی ئازادی، فرە لە زانایان دواون، بەڵام ئاندرێئاس کالڤۆس، شاعیری یۆنانی جوانترین بۆچوونی پێشکەش کردووە. ناوبراو دەڵێ:

«ئازادی پێویستی بە بوێری و فەزیلەت هەیە.»

وەک تاک یا کۆمەڵگە، مرۆڤ بە درێژایی مێژوو هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو مافە ئینسانییەی داوە و لە پێناویدا خوێن و گیانی پێشکەش کردووە. مێژووی گەلانی جیهان پڕە لە گوزارشتی تێروتەسەل لەمەڕ چۆنیەتیی دەستەبەرکردنی ئەو مافە پیرۆزە. بە خوێندنەوەی بەسەرهاتی ڕزگاریی گەلان لە دەست ستەم و ژێردەستەیی دەسەڵاتە پاوانخوازەکان، بۆمان دەردەکەوێ هەرکامە بە شێواز و ڕێگەی تایبەت بە خۆی هەوڵی دەستەبەرکردنی سەربەستی داوە. هەڵبەت، زۆربەیان ناچار بوونە دەست بۆ چەک بەرن، وەختێک دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان هیچ مەجالێکیان بۆ وتوێژ و لێکتێگەیشتن نەهێشتووەتەوە. لەو نێوەدا دەکرێت ئاماژە بە شۆڕشی ١٨٢١ی یۆنان بکەین. ئامانجی یۆنانییەکان ئەو کاتە ڕزگاربوون بوو لە دەستی ستەمکاریی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی؛ یا شۆڕشی ئەمریکییەکان بۆ سەربەخۆیی، ئەو سەرهەڵدانەش سااڵی ١٧٧٦ی زایینی دژی دەسەڵاتداریییەتی ئیمپراتۆریی بریتانیا ساز بوو.

بە خوێندنەوەی پتر بۆمان دەردەکەوێ کە دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەن گەلانی جیهانەوە، بە شێوەیەکی یەکسان و ڕاحەت جێبەجێ نەبووە، بەڵکوو ئاکامی گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی درێژخایەن و ئاڵۆز بووە. زۆربەی ئەو گەلانە وەختێک بوونەتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، کە هەرکامیان لەبەرخۆیەوە ساحێبی زمان و کولتوور و مێژوویەکی دیار و هاوبەش بوونە و بۆیە توانیویانە ڕاحەتتر دژی دەسەڵاتداریییەتیی چەوسێنەر بوەستنەوە. شۆڕشی یۆنانییەکان و ئەمریکییەکان کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، نموونەی بەرچاوی ئەو چەشنەن. لەو نێوەدا، هەلە مێژوویی و کەشە لەبارەکان ناکرێت وەبەرچاو نەگیرێن. سەدەی بیستەم بۆ وێنە، گونجاوترین وادەی زەمەنی بووە و باشترین فرسەتی ڕەخساندووە بۆ بەشێکی زۆر لە گەلانی جیهان، بەتایبەت ئەفریقییەکان. ئەو سەردەمە وڵاتە کۆلۆنیالیستە ئوروپاییەکان کە نەتەوەکانی ئەو قارەیان دەچەوساندەوە، خۆیان بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە تووشی داڕمانی ئابووری هاتبوون و توانایی فەرمانڕەواییان لە ئەفریقا کەموزۆر لەدەست دابوو. بۆیە دەیان نەتەوەی ئەفریقی و ئاسیایی توانیان دوای تێکۆشان و سەرهەڵدان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئازادی، ببنە خاوەن دەوڵەت و سەروەریی خۆیان. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، جیا لە داڕمانی فەرمانڕەوایی ئۆتریش – مەجارستان لە ساڵی ١٩١٨دا، ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانیشمان چوار ساڵ دواتر (١٩٢٢) دیت. ئەوانە بە لێکهەڵوەشانیان بوونە هۆی دروستبوونی دەیان دەوڵەت–نەتەوەی سەربەخۆ. ساڵی ١٩٩١ی زایینی، گۆرباچۆف ڕۆژی ٢٥ی دیسامبر دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ئیمزا کرد. شەو ئاڵای سووری سۆڤیەت لەسەر بانی کۆشکی کرێملین داگیرا و ئەو فەرمانڕەواییەش لەبەر یەک هەڵوەشا و دروستبوونی دەیان دەوڵەتی سەربەخۆی لێکەوتەوە. هەر ئەو ساڵە هەمان چارەنووس تووشی یوگۆسلاڤیاش بوو و لە ئاکامدا چەند دەوڵەتێکی وەکوو سلۆڤێنیا، کرۆواتیا و مەقدۆنیا و هتد بوونە وڵاتگەلی سەربەخۆ.

بە وردبوونەوە لە ڕەوتی دامەزران و سەرهەڵدانی زۆربەی دەوڵەتەکان، بەتایبەت ئەوانەی باسمان لێوە کردن، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچوونی شاعیری یۆنانی تەواو لە جێی خۆیدا بووە. واتە، ئەگەر بوێری و فەزیلەت لەگۆڕێدا بێ و فرسەتەکان لە کات و ساتی گونجاودا بقۆزرێنەوە و گرینگییان پێ بدرێت، شانسی سەرکەوتن و گەیشتن بە سەربەستی گەلێک زۆرە. هەڵبەت، پێویستە ئاماژە بەو گرینگییەش بکرێت کە ئەو مەرجە، واتە بوێری و فەزیلەت، ڕەنگە لە قۆناخێکی تایبەتدا کاریگەریی بەرچاوی هەبێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر دەم و وەرزێک هەمان کاریگەریی لێ بکەوێتەوە. ئەو ماوە زەمەنییەی شاعیر تێیدا ژیاوە سەدەی نۆزدەهەم بووە، واتە سەردەمی دەستپێکی جوواڵانەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلانی دنیا. جیهان لەو سەدەیەدا شاهیدی ئاڵوگۆڕی قوواڵ بووە و بەتایبەت ئوروپا قۆناخی بەهاری گەلانی دەست پێکردووە. تەنیا لە ساڵی ١٨٤٨دا شۆڕش و سەرهەڵدان سەرتاسەری ئەو قارەی تەنیوە و ڕاپەڕینەکانی فەڕانسە، ئاڵمان، ئیتالیا و مەجارستان نموونەی بەرچاوی ئەو جوواڵانەوانە بوون.

کورد وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە، ئەویش لە دوای ڕووخانی فەرمانڕەوایی میدیاوە، لەژێر هەر ناوێکدا کە بۆی لوابێ، هەوڵێکی ناتەواوی بە ئامانجی ڕزگاریی خۆی داوە. بۆیە دەڵێم لەژێر هەر ناو و ناسناوێکدا، چونکە وەکوو نەتەوەیەکی یەکگرتووی خاوەن پێناسەی کوردی، بە داخوازییەکی دیار و ڕوون دەرنەکەوتووە. هەوڵدان و ڕاپەڕینەکان زیاتر داکۆکیکردن بووە لە دەسەڵاتی ناوچەیی بەهۆی عەشیرەتەکان و بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی ئەوان. ویستی سەربەخۆیی هەتا سەدەی نۆزدە بە ئاشکرا و بە ڕوونی نەهاتووەتە گۆڕێ. بە کورتی، تەنیا لە سەردەمی گەشەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا، کوردیش وەکوو گەلانی دیکەی جیهان بە ناوی خۆیەوە هاتووەتە مەیدان و هەوڵی بۆ سەربەستی داوە. مەخابن، کاتێک کورد وەختۆ کەوتووە هەم درەنگ بووە و هەم چەند پرسێکی گرینگی بەر لە دەستپێکی خەبات چارەسەر نەکردووە. نەتەوەیەکی گەلێک بوێر و خۆڕاگر بووە، لەخۆی ڕادیوە ڕاپەڕێ و زۆریش هەوڵی داوە فرسەتەکان بقۆزێتەوە، بێفەزیلەتیش نەبووە و کەموزۆر دۆست و دوژمنەکانی ناسیوە، بەڵام بۆ جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانە تەنیا لەیەکتر جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن بەس نییە، بەڵکوو چۆنیەتیی مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دوو لایەنە هونەری تایبەت بە خۆی گەرەک بووە. جێبەجێبوونی ئەو خاڵەش، واتە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ یار و نەیار هەردەم ئاریشەیەک بووە بۆ سەرکردایەتیی کورد. ئەو سەرکردایەتییە چ وەک تاک و چ وەکوو ڕێکخراو، چونکە خاوەنی وردبینیی پێویست و گونجاو نەبووە، دواجار تووشی داڕمان هاتووە. تێکشکانی شۆڕشەکان شاهیدی ئەو کەمایەسییەن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگای دۆست و نەیار گۆڕدراوە. دۆست وەکوو نەیار بووە و دوژمنیش چەشنی دۆست سەیر کراوە. لە پەنای ئەو گرفتە بنەڕەتییە، نەخۆشییەکی تاقەتپڕووکێنیش جێی خۆش کردووە و هەناسەی لە بەرخۆدانەکان بڕیوە. کورد وەکوو جەماوەر بەگشتی، هەرچەند بوێری ڕەچاوکردووە، ئەو بوێرییە زۆربەی کات بە ڕووی خۆیشیدا شکاوەتەوە. ئەو هەستە لەجیاتی ئەوەی تەنیا لە هەمبەر دوژمندا مانای هەبێ، بۆ هاوڕەگەزیش کارایی فرەی هەبووە. کە دیارە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بابەتێک کە پێی دەگوترێ ئێگۆئیزم (خۆویستی) یا هەمان خۆپەرستی/خۆویستی. سەیری ڕەوتی هەر ڕاپەڕینێکی کوردی بکەین، وەختێک لە شکستەکەی دەکۆڵینەوە، دواجار دەگەینە ئاکامێک کە گرینگترین هۆکاری ئەو سەرنەکەوتنە هەمان خۆپەرستی بووە. زەحمەت نییە پێداچوونەوەیەکی ورد بەسەر ڕەوتی شۆڕشەکانی کورد لە دوو سەدەی ڕابردوودا بکەین و ئەو دیاردەیە بە زەقی ببینین. هەر سەرۆک عەشیرەتێک تا پێش دەستپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی و هەر حیزبێکی سیاسیش دوای ئەو شەڕە، بە ئاشکرا بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆی وەبەرچاو گرتووە هەتا ئەوەی کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئامانجی بێ. تەنانەت لەنێو ڕێکخراوەکانیشدا، بەرژەوەندیی تاک دیسان ڕۆڵی لە بڕیاردانداگێڕاوە، بە واتایەک خۆویستییەکی بەهێز، یا من یا هیچ کەسێکی تر.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە لەنێو جوواڵانەوەی میللەتانی دیکەشدا ئەو دیاردەیە بە ئاشکرا هەبووە و بووەتە هۆی شەڕ و ململانێی نێوخۆیی. بۆ وێنە شەڕەکانی نێوان بەشەکانی باشوور و باکووری ئەمریکا، شەڕی نێوخۆیی لەنێوان کۆماریخوازان و فاشیستەکان لە ئیسپانیا یا بۆلشێڤیک و پاشایەتیخوازان لە ڕووسیە. کە سەیری ڕەوتی ئەو شەڕە نێوخۆییانەی ئەو وڵاتانە دەکەین، دەبینین پتر لە ڕووی فیکرییەوە بووە. شەڕیان لەسەر چۆنیەتیی سیستەمی دەسەڵاتداریی وڵاتەکە بووە، بۆ وێنە چەپ و ڕاستەکانی یۆنان. لە کوردستان بەڵام، ئەگەر هۆی ململانێیەکان ڕکابەرییەکی فیکری و ئایدیایی بووبێ، ئەوەندە کرچ و کاڵ بووە کە تەنانەت مێژووش لە ئاست تۆمارکردنیدا هەست بە شەرمەزاری دەکا. ئەزموونی تاڵیش لەو نیشتمانە ماڵوێرانەدا مانایەکی نییە. ئەوەتا لەسەر ئەو خاکە دابەشکراوە، سەیری هەر پارچەیەکی بکەین، دەیان حیزب و ڕێکخراو دەبینین. زۆربەیان بەشی ململانێی نێوخۆییان زۆر لە بەگژداچوونەوەی داگیرکەر بەلاوە گرینگترە. واتە هەمان نەخۆشیی چارەسەرنەکراوی ئاشنا بە ناوی ئیگۆئیزم یا خۆویستی. سەیرەکەی لەوەدایە کە هەر هەموشیان وا دەنوێنن کە باوەڕی قووڵیان بە فرەچەشنی و پلۆرالیزمی سیاسی هەیە. لە حاڵێکدا بە بچووکترین دڵێشانیان، هەڵبەزینەوە ساز دەبێ و دەگژیەکتر ڕۆدێن. ئا لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، داخوا بەو هەستە نەگریسە بەهێزەی ئیگۆئیزم و ئەو گشتە هەستیارییە، نەتەوەیەکی دابەشکراو لەنێوان چوار وڵاتدا دەتوانێ بە پلۆرالیزمی باسکراو سەرکەوتنێک لە سەرهەڵدانەکانیدا دەستەبەر بکا و ببێتە خاوەن دەسەڵاتی سەربەست و کیانێکی ڕزگاربوو لە دەستی ستەم و چەوسانەوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە دوو ڕێگا بگرینە بەر؛ یەکەم سەیری مێژووی ڕەوتی گەلانی دیکەی جیهان بکەین کە بە هەبوونی پلۆرالیزمێکی لەو چەشنە توانیویانە بە قۆناخی سەربەستی بگەن. دووهەم ڕێگا ئەوەیە کە ئایا دەتوانین چارەسەری کێشەی خۆویستی بکەین.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە کە ئایا نەتەوەیەک بە هەبوونی چەندین ڕەوانگە و ئایدیای جیاواز دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا؟ وەڵامەکەی «ئەری»یە، بەڵام ئەزموونەکان پێمان دەڵێن کە پرۆسەکە بە بواریکی ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێ و پێویستی بە بەرەیەکی یەکگرتوو هەیە. پلۆرالیزم دەتوانێ هەم بەربەست بێ لە بەرامبەر سەرکەوتندا و هەم هێزێکی بزوێنەر. گرینگ ئەوەیە کۆمەڵگا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو فرەچەشنییە دەکا. پێویستییە سەرەکییەکانی کە دەتوانن یارمەتیدەر بن تا بیرۆکە جیاوازەکان کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر ڕەوتی خەبات هەبێ، زۆر نین. سەرەتا پێویستە کۆدەنگی یا لانیکەم یەکهەڵوێستی لەگۆڕێدا بێ، زەروور نییە هێزەکان لە باری فیکرییەوە تەواو هاوڕا بن، بەڵکوو لێکنزیکبوونەوە لەمەڕ ئامانجێکی هاوبەش کیفایەت دەکا. بە واتایەک فراکسیۆنەکان لەسەر ئەو خاڵە کۆک بن کە داگیرکەرێک یا دەسەڵاتێکی پاوانخواز لەگۆڕێدا هەیە و لایەنەکان پێویستە پێکەوە دژی بوەستنەوە. نموونەی لەو چەشنە، شۆڕشی ١٨٢١ی یۆنان دیارترینە. سەرۆک عەشیرەتەکان، ئاغاوەت و نوێنەرانی گوندە مەسیحییە یۆنانییەکان، فەناریۆتییەکان (یۆنانییەکانی دانیشتووی دەوروبەری ئیستانبوڵ)، زانایان و ڕووناکبیرانی سەردەمی ڕۆشنگەری، گشتیان بۆ خواستێکی هاوبەش، واتە سەربەخۆیی یۆنان یەکیان گرت و دواجار سەرکەوتن. خاڵێکی تر کە گرینگە وەبەرچاو بگیرێت، بریتییە لە چارەسەری مەترسییەکانی بەر لە قەومانی شەڕێکی نێوخۆیی. لێرەدا مەترسی ئەوە هەیە کە فیکر و ئایدیا وەکوو ئامانج گرینگتر بێ لە خودی ئازادی. بۆ ئەو مەبەستەش پۆتانسیەلی بەخۆوەستان و پشوودرێژیی هێزەکان فاکتەری سەرەکییە و دانەسەپاندنی بەزۆرەملیی ئایدیا بەسەر لایەنەکانی تردا بنەمایەکی پتەوە. هەڵبەت چەند بابەتێکی تریش کە گەرەکە ئاماژەیان پێ بکرێت، ئەمانەن: دیاریکردنی ستراتیژییەکی فرەڕەهەند، دەستەبەرکردنی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و گرینگیدان بە دۆخی ڕۆژی دوای سەرکەوتن.


جیا لە نموونەی یۆنان، لە چەند شۆڕشی گەورەی دیکەشدا، ڕاست لە قۆناخی خەباتدا، گرووپە جیاوازەکانی خاوەن ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆر وەکوو لیبراڵ، چەپ، ئایینی و ناسیۆنالیست یەکیان گرتووە و هاوپەیمانییان دامەزراندووە کە ئامانجی هەموویان تەنیا یەک خاڵ، واتە ڕووخاندنی ڕژێمی دەسەڵاتدار بووە. شۆڕشی ڕووسیە ساڵی ١٩١٧، کە تێیدا مێنشڤیکەکان (میانەڕەو) و بۆلشێڤیکەکان (ڕادیکاڵ) گرینگترین ڕۆڵیان گێڕاوە بە مەبەستی ڕووخاندنی فەرمانڕەوایی تزار. لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانیشدا بە هەمان شێوە لایەنە ئایینی، ناسیۆنالیستی، چەپ و ڕۆشنبیرییەکان بەشداریان کرد کە ڕووخاندنی حکوومەتی پەهلەوی لێکەوتەوە. شۆڕشی کووبای ساڵی ١٩٥٩، لەو شۆڕشەدا بە هەمان شێوە، چەند هێزێکی دێموکراسیخواز و ناسیۆنالیست بە ئامانجی کاراکردنەوەی دەستووری دێموکراتیک یەکیان گرت. لە سەردەمی دەسەڵاتداریییەتیی حیزبی بەعس لە عێراق، بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام، بە دامەزرانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی – کوردستانی هەنگاوی خێرا نرا و ئاکامەکەی بووە کۆتایی حکوومەتی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣دا.

بە خوێندنەوەی دووبارەی مێژووی ئەو شۆڕشانەی دواجار باسمان لێوە کردن، دەبینین لە گشتیاندا هێزەکان پێش شۆڕش تەبا و ڕەبا بوونە، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش دە گیانی هەڤدوو بەربوونە و یەکتریان لە گۆڕەپانەکە دەرکردووە. نموونەی زەق هاتنە سەر دەسەڵاتی ئایینییەکان لە ئێران و بۆلشێڤیکەکان لە ڕووسیە و هێزەکانی شیعە و سوننە و کورد لە عێراق. جا مادام ئەو دیاردە ناحەزە چاوەڕوانی دواڕۆژی هاوپەیمانییە لاوازەکانە، پێویستە بەر لە سەرکەوتنی خەبات بۆ ڕووخانی سیستەمەکان، خۆیان میکانیزمێک دامەزرێنن کە دواڕۆژی سەرکەوتن بە خوێن سوور هەڵنەگەڕێ. بە واتایەک ئەگەر بوێری و فەزیلەت وەبەرچاو گیرا، شەرگێڕەوەیەکیش بۆ ڕۆژی دوای سەرکەوتن پێویستە و ئەوە تێبینییەکی گرینگە و دەبێ لە سەرەتاوە وەبەرچاو بگیرێت. ئەگەر نا هاوپەیمانییەک کە هەر بۆ ڕووخانی ڕژێمێکی ستەمکار بێ و ڕۆژی دوای ڕووخانی بۆ گرینگ نەبێ، مانای ئەوەیە لە سەرەتاوە بە بەردی فرتوفێڵ بناخەکەی دامەزراوە.

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

تەیموور مستەفایی:

بە پشتبەستن بە هێزی گەل دەکرێت لە بەرامبەر هێزێکی پڕچەکدا بەربەرەکانێ بکەیت



ئێمەش وەک هێزێک کە بڕوامان بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان هەبوو، وەڵامی ئەرێنیمان بە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی دایەوە. لە جەریانی دانیشتنەکانی وەفدی ڕێژیم و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد ئیتر دەرکەوت کە ڕێژیم مەبەستی ئاشتی و ڕێککەوتنی نییە.

وتوێژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە: مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، پڕە لە وێستگەی پڕشکۆ، قوربانیدانی گەورە و هەڵوێستی ئازایانە کە هەریەکەیان وانەیەکی گەورەن بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو. یەکێک لە هەستیارترین و چارەنووسسازترین قۆناغەکانی ئەم مێژووسازییە، «شەڕی سێ مانگە» و ڕووداوەکانی پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییە؛ کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای شکستهێنانی لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵایینی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، ناچار بوو لە ٢٦ی خەزەڵوەردا پەیامی ئاگربەست بنێرێت.

ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز تەیموور مستەفایی، تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ئازادی و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گێڕانەوەیەکی زیندوو و ڕاستەقینەیە لەو سەردەمە پڕ فیداکارییە. بەڕێزیان وەک یەکێک لە بەشداربووانی مانگرتنی مێژوویی قوریقەڵا و بەرپرسی کۆمیتەی کامیارانی ستادی یارمەتیگەیاندن بۆ بەرەکانی شەڕ، باسی ئەو دۆخە ئاڵۆزە دەکات کە چۆن گەلی کورد لە نێوان تەسلیمبوون بە داگیرکاری و بەرگریی ڕەوادا، بژاردەی دووهەمی هەڵبژارد.

ئەم گفتوگۆیە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتیی ڕێکخستنی بەرگریی پارتیزانی بە چەکی سووک لە بەرامبەر سوپایەکی پڕچەکدا، نهێنیی سەرکەوتنی پێشمەرگە و ڕۆڵی بێوێنەی خەڵک و ڕێکخستنەکانی نێو شارەکان وەک پشتیوانی سەرەکیی بەرەی دەرەوەی شار. خوێندنەوەی ئەم ئەزموونە مێژووییە، تەنیا گەڕانەوەیەک نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو وانەیەکی گەورەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بە پشتبەستن بە هێزی گەل و یەکڕیزی، دەکرێت لە بەرامبەر هەر هێزێکی داپڵۆسێنەردا ڕاوەستیت و سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی سێ مانگە و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ٢٦ی خەزەڵوەردا، بەرپرسیارێتیی بەڕێزتان لە کوێ بوو و سەختترین بڕیار کە لەو ماوەیەدا داتان چی بوو؟

لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی سێ مانگەدا، دوو مانگرتن لە ناوچەی پاوە لە گۆڕێدا بوو؛ یەکیان مانگرتنی بەردەرکی فەرماندارییی پاوە بوو کە مانگرتووان داوای گەڕانەوەی هێزی حکوومەتییان دەکرد بە بیانووی دابینکردنی ئاسایش، کە ئەم مانگرتنە لە ڕاستیدا مانگرتنی لایەنگرانی ڕێژیم بوو کە زۆر لەمێژ بوو پیلانیان بۆ دەگێڕا و لە ڕاستیدا ئامانجیان هەڵایساندنی شەڕ بوو لە کوردستاندا. مانگرتنی دووهەم لە ٣٥ کیلۆمەتری شاری پاوە لە شوێنێک بە ناوی قوریقەڵا هەڵکەوتبوو، داواکاریی مانگرتووان چوونە دەرەوەی هێزی بیانی و سپاردنی کاروباری خەڵکی ناوچە بە دەست خۆیانەوە و هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە ڕووداوی شەڕ بوو، کە بەرپرسیارێتیی ئەم مانگرتنە کەوتبووە سەر شانی حیزبی دێموکرات. بەداخەوە سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی مانگرتووانی قوریقەڵا کە منیش یەکێک لە ئەندامانی مانگرتنی قوریقەڵا بووم، ڕێژیم شەڕی بەسەردا سەپاندین.

لەو کاتەدا ستادێکی یارمەتیگەیاندن بۆ بەرەکانی شەڕمان پێکهێنابوو کە من لەو ستادەدا ئەرکی بەرپرسیارێتیی کۆمیتەی کامیارانی ئەم ستادەم بۆ گەیاندنی کەرەستە و خواردنی پێویستی ئەم بەرەیە کەوتبووە سەر شان.

بەڕیاری هەرە قورس لەو کاتەدا دووڕێیانێک بوو لە تەسلیمبوون لەبەرامبەر شالاوی هێرشی داگیرکەر یا بەرگریکردن و ڕاوەستان لە بەرامبەر فەرمانی جیهادی خومەینی، کە داوای لە هێزەکانی «دەریایی و هەوایی و زەمینی» و تەواوی شوێنکەوتووانی کردبوو بێنە شەڕی کوردستان و خەڵک قەڵاچۆ بکەن. کە بەخۆشییەوە ڕێگای دووهەم واتە ڕێگای بەرگریم هەڵبژارد و ئەوە ٤٨ ساڵە لەو بەرگرییە ڕەوایەدا بەشدارم.

بە چەکێکی سووک بەرامبەر سوپایەکی پڕچەک؛ ئەو خاڵە وەرچەرخانە مەیدانییە چی بوو کە لەو سێ مانگەدا هاوکێشەی شەڕەکەی لە بەرژەوەندیی پێشمەرگەدا گۆڕی؟

یەکەم، شەڕی ئێمە لە بەرامبەر ڕێژیمدا شەڕێکی بەرگریکارانە و ڕەوا بوو، شەڕ لەپێناو ئازادی و مافەکانی گەلەکەماندا بوو؛ هەر بۆیە لەلایەن گەلەکەمانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا.

دووەم، شەڕی ئێمە شەڕێکی پارتیزانی بوو، شەڕی پارتیزانی تایبەتمەندیی خۆی هەیە:

- پارتیزان شوێنی دیاریکراوی نییە و بەئامانجگرتنی زۆر دژوارە.
- خەڵکی ناوچەکەیە، بەرزونزمیی زەوی و ڕێگا ئەستەم و ستراتیژییەکان باش دەناسێ.

سێهەم، شەڕکەری کورد «پێشمەرگە» خاوەن بیروباوەڕێکی بەهێز و ئیرادەیەکی پۆڵایینە و ئامادەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گیانی ببەخشێ.

ئەو تایبەتمەندییانە و زۆر تایبەتمەندیی دیکە هۆکاری سەرکەوتنی پێشمەرگەکان بوو. لە شەڕی سێ مانگەدا هێزی پێشمەرگە دەیان چالاکیی بەهێز و گەورەیان لەسەر هێزەکانی ڕێژیم بەڕێوە برد و هێزی ڕێژیمیان لە کوردستان تێکشکاند، بۆیە خومەینی بە پێچەوانەی ویستی خۆی لە ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ پەیامی ئاشتی نارد کە لە ڕاستیدا دانان بە شکستی هێزەکانی بوو.

بڕیاری چۆڵکردنی شارەکان بۆ پاراستنی خەڵک، لە نێو سەنگەرەکانی ئێوەدا وەک پاشەکشە بینرا یان وەک ستراتیژێکی سەرکەوتوو بۆ جەنگی پارتیزانی؟

بڕیاری چۆڵکردنی شارەکان لەلایەک بەو مەبەستە بوو کە بەرگری لە وێرانکردنی شارەکان و کوژرانی ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیل بکرێ کە لە کاتی هێرشی ڕێژیم بۆ سەریان، دەستی لێ نەدەپاراستن و قەڵاچۆی دەکردن. لەلایەکی دیکەوە، شەڕی خەباتگێڕانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و بێ ئیمکانات لە بەرامبەر هێزێکی دەوڵەتی و بەئیمکانات هەر دەبێ شەڕی پارتیزانی بێت.

لە سەختترین ڕۆژەکانی ئەو سێ مانگەدا، چۆن پەیوەندی و متمانەی نێوان ڕێکخستنەکانی نێو شار و هێزی پێشمەرگە بە زیندوویی ڕاگیرا؟

ڕاستە پێشمەرگە وەک هێز، شارەکانی چۆڵ کردبوو، بەڵام بۆ تاوێکیش شار لە خەباتگێڕانی حیزبەکان چۆڵ نەکرا. ماوەبەماوە هێزی پێشمەرگە لەنێو شارەکاندا چالاکیی زۆر گەورەیان بەڕێوە دەبرد و ژمارەیەکی زۆر لە بەکرێگیراوان و هێزەکانی ڕێژیمیان بە سزای جینایەتەکانیان دەگەیاند. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە پێشمەرگە لەدەرەوەی شارەکان بووە، شارەکان پشتی بەرەیەکی بەهێز بوون بۆ هێزی پێشمەرگە. تێکۆشەرانی نێو شارەکان بەناردنی هەواڵ و زانیاری، ئیمکاناتی مادەی و... هتد، ڕۆڵێکی گرنگیان لە هاوکاری و ڕێنوێنیکردنی خەباتگێڕانی دەرەوەی شاردا هەبووە.

کاتێک تاران داوای ئاگربەستی کرد، ئێوە وەک کادرێکی مەیدانی متمانەتان بە نیازی ئاشتیی ڕێژیم هەبوو یان وەک پشوویەک بۆ خۆڕێکخستنەوە لێتان دەڕوانی؟

ڕێژیم لە یەکەمین ڕۆژەکانی دامەزرانییەوە و تا ئێستاش نییەتی بەرامبەر بە کوردستان پاک نەبووە؛ لە ٤٠ەمین ڕۆژی هاتنە سەرکاری، لە یەکەمین نەورۆز کە بە نەورۆزی ئازادی ناودێر کرابوو، شاری سنەی قارەمانی خەڵتانی خوێن کرد. لە ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ شەڕی نەغەدەی خولقاند و دوای چەندان پیلانی دیکە لەکۆتاییدا شەڕی پاوەی سەپاند، کە بوو بە شەڕی سەرانسەری لە کوردستاندا. بۆیە باسکردن لە متمانەبوون بە ڕێژیم لە ئارادا نەبوو. لە سیاسەتدا هێزە کە قسەی کۆتایی دەکات؛ ئەوکات کوردستان لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، هەر بۆیە ڕێژیم درۆزنانە داوای چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستانی کرد. دواتر خومەینی وتی: «من گوتوومە گەمارۆیان بدەن و لەنێویان بەرن». ئێمەش وەک هێزێک کە بڕوامان بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان هەبوو، وەڵامی ئەرێنیمان بە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی دایەوە. لە جەریانی دانیشتنەکانی وەفدی ڕێژیم و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد ئیتر دەرکەوت کە ڕێژیم مەبەستی ئاشتی و ڕێککەوتنی نییە.

ئەگەر تەنیا یەک وانەی سیاسی یان سەربازیی ٢٦ی خەزەڵوەر بۆ ئەمڕۆی خەباتی کورد هەڵبژێرن، ئەو وانەیە چییە؟

هەڵوێستی بەرگری لە کوردستان وەک نیشتمان و گەلەکەمان، هەڵوێستێکی ئازایانە و بەرپرسانە بوو. ئێمە بەو هەڵوێستەمان پارێزگاریمان لە گەلەکەمان کرد و ڕێگامان نەدا کوردستان وێران و گەلەکەمان قەڵاچۆ بکرێ. تا کورد و میژوو هەبێ دەبێ چیرۆکی ئەو بەرەنگارییە قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بە خەتی زێڕین لە دڵی خۆیدا تۆمار بکات. ئەو وانەیە کە دەبێ بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلەکەمان لەم هەڵوێستە وەربگرین ئەوەیە: بە پشتبەستن بە هێزی گەلەکەمان و یەکهەڵوێستیی ڕیزەکانی دەکرێ لە بەرامبەر هێزێکی داپڵۆسێنەر و پڕچەکی وەک کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانێ بکەیت و لەو خەباتەشدا هیوامان بە سەرکەوتن هەبێت.

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

هەموو کێشەیەک لەبن سەری ژناندایە!

ژن تاوانبارترین بوونەوەری مێژووی مرۆڤایەتییە. ئەو تاوانانەی ژن لە درێژایی مێژوودا کردوونی، ئەگەر لە هەزاران کتێبیشدا بنووسرێن، کۆتاییان نایەت و تەواو نابن. ژن و تاوان دوانەیەکن هەرگیز ناتوانین لە یەکتریان دابڕین. ئەی ئەوە نییە لە سەرەتای خولقاندنی مرۆڤدا، حەوا بە قسەی مار پیاوەکەی ناچار کرد میوەی قەدەغەکراو بخوات، بەمەش هەردووکیان لە بەهەشت فڕێ درانە دەرەوە؟

لەو کاتەوە تا ئێستا، هەرچی کێشە و چەرمەسەری لە دنیادا هەبێت، پەنجەی تۆمەت بۆ ژنان درێژ دەکرێت و تەنانەت شەڕی هابیل و قابیلیش بەهۆی ئەوانەوە ڕووی داوە! پێویست ناکات بە مێژوودا بسووڕێینەوە و تاوانە کۆنەکان بژمێرین، با هەر باسی ئەم ئێرانەی خۆمان بکەین؛ لە سەرەتای سەرکەوتنی «انقلاب مقدس اسلامی»یەوە تا ئێستا، ژنان دنیایان لە پیاوان کردووە بە دۆزەخ و ژیانیان لێ تاڵ کردوون.

سەیر بکەن؛ کاتێک سیستەمی «طاغوت»یان بۆ ڕووخاندین و ئەم «انقلاب اسلامی»یەیان بۆ دامەزراندین، ژنان چەند ئەوەندەی پیاوان کەوتنە گیانی ئەم دەسەڵاتە پاکە. هێشتا دەسەڵاتی شۆڕشگێڕ خەریکی یەکلاییکردنەوەی حیساباتی خۆی بوو، ژنان لە شەقامەکانی تاراندا خۆپێشاندانیان کرد و داوای لابردنی حیجابی زۆرەملێیان کرد. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەم ژن و ژاڵە هەروا لەسەر ئەو کارەیان بەردەوامن.

دواتر کێشەیەکی دیکەیان بۆ پیاوان دروست کرد، ئەویش سواربوونی دووچەرخە بوو! خۆ ئێمە شۆڕشمان بۆ ئەوە نەکردبوو ژنان دوولینگانە بەسەر دووچەرخەدا بێنن و خۆیان باوێنە سەر زینی و بە کەیفی خۆیان پێ بخەنە سەر ڕکێفێ. پیاوانی شۆڕشگێڕیش ناچار بن دەگەڵ هەڵبەز و دابەزی لەشیان، ملیان بسووڕێنن و پەنجەی پێیان بەر شتێک بکەوێت و لاتڕە بەرن. بەم جۆرە هۆشیان لە بەشداریکردن لە «دفاع مقدس» و بەرەوڕووبوونەوەی «آمریکا و ڕژیم صهیونیستی» دوور بکەوێتەوە.

ئەگەر کورتی ببڕینەوە، ئەوەندەی ژنان زیاتر سەرپۆشیان فڕێ دەدەن، دۆخی ئابووریی وڵاتیش چەند ئەوەندە خراپتر دەبێت. کوا پێش سەرهەڵدانی ئەم شێوازە خۆپێشاندانانەی «ژن، ژیان، ئازادی»یە، دۆلاری ئەمریکا وەک ئێستا گران بوو؟ یان نرخی پارەی خۆمان و دەستەسڕی کاغەزی ئاوا لە یەکتر نزیک بوونەوە؟

با شتێکی سەیرترتان بۆ بگێڕمەوە؛ چەند ڕۆژ لەمەوبەر برادەرانی «امر به معروف و نهی از منکر» دروشمێکی جوانیان لە شەقامەکانی تاران بڵاو کردبووەوە و بە زمانی فارسی لەسەریان نووسیبوو: «خوشکی من، ئەگەر تۆ خۆت دابپۆشی، بەڵێنت پێ دەدەین لە ماوەی سالێکدا نرخی هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانتان بۆ دابەزێنین!» کەواتە، بە مەرجێک کچان و ژنانمان وەک ژنانی ئەفغانستان خۆیان دابپۆشن، هیچ دوور نییە نرخی کەلوپەل دابەزێت و دۆلاریش بگەڕێتەوە ئەو کاتەی ماشێنێکی پەیکانی جەوانان بە نرخی «پفک نمکی»یەکی ئێستا بوو.

لەم دواییانەدا، جگە لە فڕێدانی سەرپۆش، ئەم ژنانە دەستیان داوەتە کاری سەیرتر و ناشازی دیکەش. تاوانی لە هەژمار نەهاتوویان کردووە. بۆ وێنە، با باسی ئەم دۆزینەوەیەی «دادگاه انقلاب»ی خۆمان بکەین. دادگا وێڕای دەستڕانەگرتن لە ئیعدامی ئەو کەسانەی پشتگیریی «حرکت‌های ناهنجار زنان» دەکەن و دروشم و مروشمی ئازادی و مازادی دەڵێنەوە، پەردەی لەسەر تاوانێکی مەترسیدار هەڵدایەوە. تاوانەکەش بریتییە لە دروستکردنی فیلمێک بە ناوی «یەل». لەو فیلمەدا، گەنجێکی جگەرەکێش و مەشرووبخۆر خۆی وەک خێرخواز و چاکەکار و لایەنگری چینی هەژاران نیشان دەدات. لە گرتەیەکی چەند چرکەییدا، ئەکتەرێکی ژن کە ڕۆڵی دایکی کوڕەکە دەبینێت، باوەش بەو کوڕەدا دەکات و بۆ یەکتر دەچەمێنەوە و بە گوێرەی چیرۆکی پڕ لە درۆ و دەلەسەی فیلمەکە، ئەو کەسەی دەگەڵ ئەم ژنە باوەش بە یەکتردا دەکەن، کوڕی ژنەکەیە. باشە هەر لە تۆ دەپرسم: دەکرێت درۆیەکی گەورە بکرێت و بڵێین ئەم ژن و پیاوە دایک و کوڕن؟ ئەی بۆچی لەم بەینەدا هاوکات لەگەڵ باوەشەکە، ژنە پەنجەی هەردوو دەستی لە پشتی کوڕەکە دەدات؟ ئەگەر ئەمە تاوانی ژنانە نەبێت، تاوانی ژنان چییە؟

ئەمەی لە کۆتایی ئەم بابەتەی سەرەوەدا باسی کرا، بۆ خزمەتکارانی «نظام مقدس جمهوری اسلامی»، هەر زۆر مەترسیدارە! ڕەنگە بەو جوولە ناشیاوە، پیاوان بۆ پەیوەندیی جەستەیی لەگەڵ ژناندا هان بدرێن و هۆش و بیریان لە خەبات دژی ئەمریکا، ئیسرائیل و تەنانەت «ضد انقلاب تجزیه‌طلب»یش دوور بکەوێتەوە. نەبادا ناچار ببن لە نێو ئاسانسۆرێکدا، تەنانەت لەسەر حیجابیشەوە بێت، ڕانی «همکار خواهر» بە هەڵە بگوشن و شوێنپەنجەی ڕێککوشینەکە لە ژێر حیجابەکەدا خوێنی تێ بزێت و هاوژینی «خانم همکار» لە کاتی پێویستدا چاوی پێی بکەوێت. ئەمەش دەبێتە هۆی پشێوی لە نێو خاوخێزانی «حامیان نظام مقدس».

کەواتە، ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو کێشەکان لە بن سەری ژناندان. با ئیتر واز لە بیانووهێنانەوەی بێسوود بهێنین و دانی پێدا بنێین؛ تاوانبارە سەرەکییەکەی مێژووی مرۆڤایەتی تەنیا و تەنیا «ژن»ـە.

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

ڕەخنە لە پارادایمی دێموکراتیزەکردنی ئێران لە ڕوانگەی نەتەوە چەوساوەکانەوە



ئازاد مستۆفی



یەکێک لە تەحەددا بنەڕەتییەکان لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا، کەمکردنەوەی هەموو ئازار و نادادپەروەرییە پێکهاتەییەکانە بۆ «نەبوونی دێموکراسی» لە ئێراندا. دوای زیاتر لە سەدەیەک لە پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن لە ئێراندا، زۆربەی ڕەوتە سیاسییە ناوەندگەراکان، چ دەسەڵاتدار و چ ئۆپۆزیسیۆن، دێموکراتیزەکردن وەک پڕۆژەیەکی گشتگیر و ڕزگارکەر دەخەنە ڕوو، لە کاتێکدا پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران خۆی لە پڕۆسەیەکی نادێموکراتیکدا و لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی نەتەوەکانی دیکە هاتووەتە ئاراوە. لە پێکهاتەیەکی وەهای نادێموکراتیکدا، ئایا ئەم قەوارەیە دەتوانێت یاخود ڕوونتر بڵێین، دەیەوێت دێموکراسی تێیدا سەقامگیر بێت؟ لەم بارودۆخە سیاسییەی ئێستادا پرسیارێکی دیکەی بنچینەیی ئەوەیە: ئایا بەڕاستی هەندێک کۆتڵەی حیزبی دەسەڵاتدار لەنێوخۆی ئێران کە دەسەڵاتیان نەماوە یان ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستڕەوی ئێران خوازیاری دێموکراسی لە ئێرانن؟ ئایا دێموکراسی لە وڵاتێکدا کە پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی فەرمی (فارسی-شیعە) و سڕینەوەی بوونی مێژوویی «ماد» بێت، دەکرێت دەرهاویشتەکەی دێموکراسی بێت بۆ سەرانسەری وڵات، یان خواستی دێموکراسی لە ناوەنددا تەنیا بەرگ و ڕووکەشێکە بۆ نۆژەنکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەی «کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی» و درێژەدان بە تالانکردنی سەرچاوەکانی نەتەوە چەوساوەکان؟

دەوڵەت-نەتەوەسازیی مۆدێرن لە ئێراندا، لە سەردەمی سەرەتای دەسەڵاتی پەهلەوییەوە، لەسەر بنەمای پڕۆسەی ئاسمیلەکردنی زۆرەملێ، یەکسانکردنی کولتووری و کەڵەکەکردنی سامان لە تاران و پارێزگاکانی نێوەڕاست لەسەر حیسابی دەستبەسەرداگرتنی «دەوروبەر / پەراوێز» دامەزراوە. لە پێکهاتەیەکی وەهادا، پێوەندییەکانی نێوان ناوەند و ئەوەی پێی دەوترێت «پەراوێز»، لەگەڵ مۆدێلی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییدا دەگونجێت. ناوەند تەنیا دامەزراوەیەکی سیاسیی ستەمکار نییە بەڵکوو سوودمەندی سەرەکییە لە بەرهەمهێنانەوەی جیاوازیی پێکهاتەیی نێوان ناوەندی خاوەن ئیمتیاز و پەراوێزی دوورخراوەدا. لە چوارچێوەیەکی وەهادا، گواستنەوەی دەسەڵات لە دیکتاتۆرییەکی ناوەندییەوە بۆ «دێموکراسییەکی پەرلەمانیی زۆرینە»، لۆژیکی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی ناگۆڕێت. لە دێموکراسیی ئاسایی و زۆرینەدا کە لەسەر بنەمای ژمارە و ئامار دامەزراوە، نەتەوەی ستەملێکراو بە کورد و بەلووچیشەوە، بەهۆی کەمتربوون یان دەستکاریکردنی ڕێژەی دانیشتوانیانەوە، هەمیشە لە پێگەی «کەمینەیەکی پێکهاتەیی»دا دەمێننەوە. دێموکراسیی زۆرینە لە وەها وڵاتێکدا شەرعییەتی یاسایی دەداتە زۆرینەی نەتەوەیی و زمانەوانیی ناوەند بۆ بەردەوامبوون، و لە ئامرازەکانی سندووقی دەنگدان و پەرلەمان بۆ درێژەدان بە سیاسەتی ناوەندگەرایی و سەپاندنی زمانی فەرمی و تالانکردنی سەرچاوە ژینگەیی و ئابوورییەکانی دەوروبەر لەژێر ناوی «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» یان «گەشەپێدانی نەتەوەیی» کەڵک وەردەگیرێت.

هەڵەی ستراتیژیی سەرەکی لە گواستنەوەی بەرپرسیارێتی یان چاوەڕوانیی گواستنەوەی بەرپرسیارێتیی دێموکراتیزەکردنی ئێران بۆ سەر شانی نەتەوە چەوساوەکان، پشتگوێخستنی هاوسەنگیی هێزە. گۆڕینی پێکهاتەی سیاسیی تاران و دێموکراتیزەکردنی دامەزراوە سەرەکییەکانی وڵات پێویستی بە ئامرازەکانی دەسەڵاتی پێکهاتەیی هەیە؛ ئامرازگەلێک کە گەلانی غەیرەفارس بە ئەنقەست لێیان بێبەش کراون؛ وەک نایەکسانی لە بەشداربوون لە ڕاگەیاندن و بونیادنانی گوتار، چ لەنێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی وڵات کە لەلایەن سوپەرمیدیای زمانی فارسی لە واشنتۆن و لەندەنەوە قۆرخ کراوە؛ هەروەها کۆنترۆڵکردنی هەموو خوێنبەرە سەرەکییەکانی سەروەت و سامان و دامەزراوە دارایییەکان و داهاتی نەوت و کانزاکان کە دەگوازرێنەوە بۆ تاران. نەتەوە پەراوێزخراوەکانی غەیرەفارس بە درێژایی مێژووی ئێران، خاوەنی ئامرازگەلی ئابووریی پێویست بۆ گوشارخستنە سەر حکوومەت نین. لە بواری کولتووریییەوە تەنانەت کورد لەسەر بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ساڵانەی نەورۆز سەرکوت دەکرێت و زیاتر لە ٩٠٠ کەس لە بەناو نوخبە، هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی ناوەندگەرا نامەیەکیان بۆ حکوومەت نووسیوە و داوای سنووردارکردنی ئەو ڕێوڕەسمەیان بۆ کورد کردووە. ناوەندی سیاسی هەمیشە لە تەواوی ئامرازە سەربازی و ئەمنییەکان و میلیتاریزەکردنی ناوچە غەیرەفارسییەکان بۆ پاراستنی پێکهاتەی ناوەندی کەڵک وەردەگرێت و هەر جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسی، کولتووری و مەدەنی لە ناوچەکانی کوردستان، بەلووچستان، ئەحواز و ناوچەکانی دیکە بە تووندترین شێوە سەرکوت دەکرێت. بە سەرنجدان بەم نایەکسانییە ستراکتۆرییانە، پشتبەستن بە گۆڕینی ڕەفتاری سیاسیی ناوەندگەراکان یان هەوڵدان بۆ دێموکراتیزەکردنی تاران لەلایەن نەتەوە چەوساوەکانەوە، بەفیڕۆدانی تێچووی قەرەبوونەکراوی مرۆیی و سیاسییە لە پڕۆسەیەکدا کە لەلایەن نوخبەکانی ئێرانشارییەوە کۆنترۆڵ کراوە.

لە مەشرووتەوە هەتا هەرێمی کوردستان-عێراق

ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات کە بەشداریی نەتەوەکانی غەیرەفارس لە پڕۆژەکانی گۆڕینی ڕێژیم یان دێموکراتیزەکردنی ناوەندا، جگە لە قووڵکردنەوەی ژێردەستەیی هیچ دەرئەنجامێکی دیکەی نەبووە.

مەشرووتە و ١٣٥٧: لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە و پاشان شۆڕشی ١٣٥٧، نەتەوەکانی غەیرەفارس باجی قورسیان دا بۆ چەسپاندنی ئازادی و یاسا لە ئێراندا، بەڵام دەرئەنجامی شۆڕشی مەشرووتە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی پەهلەوی و سەرکوتکردنی شوناسە غەیرەفارسییەکان بوو. دوای شۆڕشی ١٣٥٧ داخوازییە یاساییەکان و ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد بە وەڵامێکی سەربازی، سەرکوت و کۆمەڵکوژیی بەربڵاوی خەڵکی بێدیفاع وەڵام درانەوە.

ئەزموونی هەرێمی کوردستان-عێراق: ڕوانینێک بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراقیش وانەی گرنگی تێدایە. لە عێراق، هەرچەندە لایەنە کوردستانییەکان، بەتایبەتی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، بەشداریان لە پڕۆسەی داڕشتنی دەستوور و پێکهاتەی نوێی بەغدا لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی تاوانکاری بەعسدا کرد، بەڵام هەر کە دەسەڵاتی گرووپە ناوەندگەرەکانی شیعە و سوننە چەسپا، ئەو بەڵێنانەی پەیوەست بوون بە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە (ماددەی ١٤٠ی دەستوور) پشتگوێ خران، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە بودجەی هەرێمی کوردستان بڕدرا، و دەسەڵاتە فیدراڵییەکان ڕووبەڕووی لاوازی و مەترسی بوونەوە. ئەم ئەزموونە دەریخست کە نەبوونی سەقامگیریی تەواوی پێکهاتەکانی «سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم (Decolonization)» و پشتبەستن بە نیازپاکی ناوەند، هەمیشە پێگەی «پەراوێز» دەخاتە مەترسییەوە.

ئەولەوییەتی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بەسەر دێموکراتیزەکردنی ناوەنددا

بۆ تێپەڕاندنی ئەم چەقبەستوواییە شیکارییە، دەبێت جیاوازی لەنێوان «دێموکراتیزەکردنی ناوەند» و «سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمی نەتەوە ستەملێکراوەکان»دا بکرێت. سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم (Decolonization) واتە بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کولتووری و خاکی ناوەند بەسەر پەراوێزدا. ئەم پڕۆسەیە لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

ئا- پیادەکردنی (مومارەسەکردنی) مافی چارەی خۆنووسین: ئیرادەی گەلانی چەوساوە بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسی، ئیداری و ئابووریی خۆیان لە دەرەوەی سەرپەرشتیکردنی ناوەند.

ب- کۆتاییهێنان بە تالانی ئیکۆلۆژی و ئابووری: وەستاندنی پلانە ناوەندگەرایانەکان کە دەبنە هۆی گواستنەوەی سامانی سروشتی، ئاو و کانزاکانی ناوچە دەوروبەرەکان بۆ پارێزگاکانی نێوەڕاست.

ج- وەرگرتنەوەی شوناس و سەروەریی زمانی: هەڵوەشاندنەوەی قۆرخکاریی زمانی و کولتووریی ناوەند و بەفەرمیکردنی دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرەکانی پەراوێز.

د- ئەولەویەتدان بە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم: لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسیی مۆدێرندا و تۆێژینەوەکانی پاشکۆلۆنیالیزمدا، دێموکراسی بەبێ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم تەنیا «گۆڕینی فۆرمی حوکمڕانییە لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمدا»، نەک هەڵوەشاندنەوەی پێوەندیی کۆلۆنیالیستی. سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بە مانای بنەڕەتیی خۆی، پڕۆسەیەک نییە کە تەنیا پێوەندیی بە گۆڕینی کابینەکان یان هەموارکردنی یاساکانی دەستوورەوە بێت؛ بەڵکوو هەڵوەشاندنەوەی هەمەلایەنەی ئەو ناسنامە و پێوەندییە ئابووری، سیاسی و جوغرافییە هێژمۆنگەراکەیە کە ناوەند بەسەر پەراوێزدا سەپاندوویەتی. کاتێک ستراکتۆرێک لەسەر بنەمای کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی دروست دەبێت، دامەزراندنی دێموکراسی لە ناوەنددا بەبێ هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی کۆلۆنیالیزم هیچ دەرئەنجامێکی دیکەی نییە جگە لە «دێموکراتیزەکردنی ستەم». پڕۆسەی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بۆ نەتەوە غەیرەفارسەکان لەسەر سێ بناغەی تیۆری و پراکتیکی دامەزراوە کە پێش هەر پڕۆژەیەکی دێموکراسیی سەرتاسەری دەکەوێت:

١. پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین و تێکدانی قۆرخکاریی سەروەریی نەتەوەی بااڵدەست:

لە ڕوانگەی تیۆری سیاسییەوە شەرعییەتی هەر سیستەمێکی سیاسی لە ڕەزامەندیی حوکمدراوانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە جوغرافیایەکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا، نەتەوە ستەملێکراوەکان هەرگیز لە پڕۆسەیەکی ئازاددا دەنگیان بە پێکهاتەیەکی سیاسیی ناوەندی نەداوە. مافی چارەی خۆنووسین، ئیرادەی سەروەریی نەتەوە غەیرەفارسەکانە بۆ ئەوەی بە ئازادی پێکهاتەی سیاسی، ئیداری و یاسایی خۆیان هەڵبژێرن. ئەزموونی وڵاتانی وەک بریتانیا لەگەڵ سکۆتلەند یان کەنەدا لەگەڵ پارێزگای کیوبێک (Quebec) دەیسەلمێنێت کە دێموکراسیی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک مانای هەیە کە دان بنێت بە مافی جیابوونەوە یان مافی هەڵبژاردنی پێکهاتەیەکی سیاسیی ئارەزوومەندانە وەک ڕیفراندۆمی فەرمی. لەبەرامبەردا کاتێکی نوخبەکانی سەر بە ناوەند لە ئێراندا بانگەشەی دێموکراسی دەکەن بەڵام پێشوەختە هەر باسێک سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین یان ئۆتۆنۆمی بە «هێڵی سوور» یان «هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی» پێناسە دەکەن، ئەو دێموکراسییەی کە لە مێشکیاندایە، لە چاکسازی لە پڕۆسە پێکهاتەییەکانی نێوخۆی نەتەوەی دەسەڵاتدار زیاتر تێناپەڕێت کە لە ڕاستیدا درێژەدەری ستەمی حکوومی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.

٢. کۆتاییهێنان بە ئیکۆ-کۆلۆنیالیزم (Eco-Colonialism) و تالانی ئابووری:

یەکێک لە نیشانە ڕوونەکانی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە ئێراندا، کەڵەکەبوونی سەرمایە و گەشەسەندنە لە پارێزگاکانی نێوەڕاست لەسەر حیسابی تالانکردن و لەنێوبردنی پەراوێزەکان. لە تیۆرییە ژیئۆپۆلیتیکییەکاندا، گواستنەوەی زۆرەملێیانەی سەرچاوە ژینگەییەکان (ئاو، کانزا، نەوت و وزە) لە ناوچە پەراوێزەکانەوە بۆ ناوەند بۆ تێرکردنی پیشەسازییە نائابووریییەکان و کشتوکاڵی ناوەند، پێی دەوترێت «کۆلۆنیالیزمی ئیکۆلۆژی / ئیمپریالیزمی ژینگەیی». پڕۆژە بەرفراوانەکانی گواستنەوەی ئاو لە سەرچاوەکانی کاروون و ناوچەی ژینگەیی ئەحواز و کوردستان بۆ پارێزگاکانی ئیسفەهان، یەزد و کرمان، نموونەیەکی کلاسیکی زەوتکردنی ژینگەییە (بایۆلۆژییە). پەرلەمانی تاران تەنانەت بە زۆرینەی دێموکراتیکیش، هەمیشە پشتگیری لەم پڕۆژانە دەکات؛ چونکە نوێنەرانی ناوەند هیچ سوودێکی ژینگەیی و ئابووریان لە پاراستنی ئیکۆلۆژیی پەراوێزدا نییە. هەروەها سەرچاوە ژێرزەوینییەکان، نەوت و گاز لە بەلووچستان و ئەحواز و کانگە دەوڵەمەندەکانی زێڕ و بەرد لە کوردستان (وەک کانگای زێڕی زەرشۆران لە تیکاب) دەردەهێنرێن بەڵام داهاتەکەی بۆ ناوەندە و ئەو ناوچانەی باسکرا ڕووبەڕووی هەژاریی پێکهاتەیی، کۆڵبەری و سووتەمەنیبەری (سوختبەری) و بەرزترین ڕێژەی بێکاری دەبنەوە. دێموکراسی لە ناوەنددا ئەم تالانکارییە سیستماتیکە ڕاناگرێت، بەڵکوو بە پەسەندکردنی یاساکان لەلایەن «زۆرینەی سوودمەند»ەوە پێگەی یاسایی پێ دەبەخشێت.

٣. سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمی زانستی و وەرگرتنەوەی سەروەریی زمانی-ناسنامەیی:

بە پشتبەستن بە تیۆریی «ئیمپریالیزمی زمان» لەلایەن ڕۆبێرت فیلیپسۆن، سەپاندنی زمانێک وەک تاکە زمانی فەرمی و پەروەردەیی ئامرازێکە بۆ ژێردەستەیی دەروونی، دەرکردنی نوخبە غەیرەفارسەکان لە پێکهاتەکانی بەڕێوەبردن و دروستکردنی هەستی خۆکەمبینی و بێبایەخیی کولتووری لە نەوە یەک لە دوای یەکەکاندا. سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم قۆرخکارییەیە کە دان بنێت بە تاکەکەسی و ئازەربایجانی، گیلەکی، عەرەبی و هتد، وەک زمانی هەرێمی/نەتەوەیی کە خاوەنی دەسەڵاتی دامەزراوەیی تەواون. سیاسەتی «خوێندنی زمانی دایکی» جیاوازە لە «خوێندن بە زمانی دایک». لە پڕۆسەی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا، زمانی نەتەوە غەیرەفارسەکان دەبێت بێتە زمانی فەرمیی پەروەردە، دادگا و میدیا لە جوغرافیای خۆیاندا. هەتا ئەو کاتەی زمانی فارسی تاکە ئامرازی پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و دامەزراندن لە داموودەزگاکانی دەوڵەتدا بێت لە سەرانسەری وڵات، تەنانەت لە سیستەمێکی دێموکراتیکیشدا، سیستەمی پەروەردەیی بەردەوام دەبێت لە بەرهەمهێنانەوەی زاڵکردنی ناسنامەی ناوەند.

دەرئەنجامی ئەم ڕەهەندانە ئەوە دەردەخات کە دێموکراتیزەکردنی ناوەند، پڕۆسەیەکی دابەشکردنی دەسەڵاتە لەنێو نەتەوەی باڵادەستدا؛ لە کاتێکدا سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم پڕۆسەیەکی قەوارەشکێن و ڕزگاریدەرە بۆ نەتەوە چەوساوەکان کە نابێت ئامانجی خۆیان بۆ چاکسازیی ڕەفتاری یان پێکهاتەیی لە تاراندا بچووک بکەنەوە. ئەولەوییەتی ستراتیژیک بریتییە لە دامەزراندنی دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرەکان، چەسپاندنی دەسەڵات بەسەر جوغرافیا و سەرچاوە ژینگەییەکاندا (بایۆلۆژییەکاندا) و قووڵکردنەوەی گوتاری مافی چارەی خۆنووسین. تەنیا دوای تەواوبوونی پڕۆسەی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و هاوسەنگیی هێز، دەتوانرێت دانوستان لەسەر هەر نەزمێکی نوێ یان ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ناوەنددا بکرێت. هەتا ئەو کاتەی پێکهاتەی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی هەڵنەوەشێتەوە، باسکردنی دێموکراسی لە ئێراندا، کە ناوەندخوازەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، لە بنیاتنانەوەی مۆدێرنتری هێژمۆنی بەسەر نەتەوە غەیرەفارسەکاندا زیاتر تێناپەڕێت. دێموکراسیی ڕاستەقینە ناتوانێت لەسەر بنەمای ئینکاری ناسنامە و زەوتکردنی خاوەندارێتیی خاک و پێگەی سیاسیی نەتەوەکانی دیکە بنیات بنرێت.

دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران» وەک ئامانجی سەرەکی بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان لە کاتی خەبات یان دانوستان، هەڵەیەکی شیکاری و ستراتیژیکە. دێموکراسی لە تاران بەبێ چارەسەرکردنی پرسی هەژموونی مێژوویی و بێ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، هیچ دەرئەنجامێکی نابێت جگە لە قووڵکردنەوەی ناوەندگەرایی، شەرعییەتدان بە ستەمی زۆرینە و درێژەدان بە دەستبەسەرداگرتنی خاکی نەتەوە غەیرەفارسەکان لەلایەن حکوومەتەوە. نەتەوە چەوساوەکان نە خاوەنی ئامرازە پێویستەکانی دەسەڵاتن بۆ دێموکراتیزەکردنی ناوەند، نە ئەرکێکی مێژوویییشیان لەسەرە کە چاکسازی لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی تاراندا بکەن. چارەسەری کۆتایی بۆ پاراستنی ناسنامە، جوغرافیا و سەرچاوە ژینگەییەکانی ئەم نەتەوانە، لە خزمەتکردنی بنیاتنانەوەی دەسەڵات لە ناوەنددا نییە؛ بەڵکوو لە قووڵکردنەوەی گوتاری مافی چارەی خۆنووسین، دامەزراندنی دەسەڵاتداریێتیی (حاکمییەتی) هەرێمەکان و پێشخستنی پڕۆسەی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدایە.

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

یەکگرتنی دێموکراتیک لە ڕێگەی دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکانەوە

(چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بەشداریی نەتەوەی کورد لە دەسەڵات، حوکمڕانی و سەروەت و سامانی ئێراندا)





ئیبراهیم لاجانی

پێشەکی:
پرسی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا ناکۆکییەکی سیاسیی نێوخۆیی نییە؛ ئەم پرسە ڕاستەوخۆ بە پابەندبییە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتان لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بە بنەمای «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ەوە بەستراوەتەوە.

ڕێگای بەردەوام و ژیرانەی یەکگرتنی ئاڕەزوومەندانە و دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا، بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوەی ناسنامە)، میلیتاریزەکردن و ئەمنیکردنی پرسەکەدا تێناپەڕێت. ئەم یەکگرتنە تەنیا کاتێک بەدی دێت کە دان بە مافە نەتەوەییەکاندا بنرێت، نەتەوەی کورد بەشداریی ڕاستەقینەی لە دەسەڵات و سەروەریدا هەبێت و بەشێکی دادپەروەرانەی لە حوکمڕانی و دابەشکردنی سامانی وڵاتدا بۆ مسۆگەر بکرێت.

لە ئەدەبیاتی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئەو بۆچوونە جێگیر بووە کە یەکگرتنی بەردەوام کاتێک دێتە دی کە پێکهاتەی دەوڵەت ڕەنگدانەوەی فرەنەتەوەیی کۆمەڵگا بێت و یەکسانیی پێکهاتەیی بۆ هەموو گەل و گرووپە پێکهێنەرەکانی وڵات دەستەبەر بکات. ئەم وتارە لە چوار تەوەردا ئەم بۆچوونە شی دەکاتەوە: بنەما یاساییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی؛ بەشداری لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا؛ بەشداری لە سامان و سەرچاوەکاندا و، مافە کەلتووری و زمانییەکان.

ڕێگای بەردەوام و ژیرانەی یەکگرتنی ئاڕەزوومەندانە و دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا، بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوەی ناسنامە)، میلیتاریزەکردن و ئەمنیکردنی پرسەکەدا تێناپەڕێت. ئەم یەکگرتنە تەنیا کاتێک بەدی دێت کە دان بە مافە نەتەوەییەکاندا بنرێت، نەتەوەی کورد بەشداریی ڕاستەقینەی لە دەسەڵات و سەروەریدا هەبێت و بەشێکی دادپەروەرانەی لە حوکمڕانی و دابەشکردنی سامانی وڵاتدا بۆ مسۆگەر بکرێت.

١. بنەما یاساییەکان: مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی

بناغەی یاسایی بۆ بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران، ماددەی یەکەمی هاوبەشی دوو پەیماننامەی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤە: «پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان» (ICCPR) و «پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان» (ICESCR). ئەم دوو پەیماننامەیە لە ساڵی ١٩٦٦دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراون و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥دا، بەبێ هیچ مەرجێکی پارێزراو (ڕیزەرڤ)، هەردووکیانی پەسەند کردووە.

بەپێی بنەمای «Pacta sunt servanda»، واتە «پابەندبوون بە پەیمان»، کە لە ماددەی ٢٦ی کۆنڤانسیۆنی ڤیەن سەبارەت بە یاسای پەیماننامەکان (١٩٦٩) تۆمار کراوە، ئێران ئەرکدارە ئەم دوو پەیماننامەیە بە نییەتپاکییەوە و بە تەواوی جێبەجێ بکات. هەروەها بەپێی ماددەی ٢٧ی هەمان کۆنڤانسیۆن، هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت یاسای نێوخۆیی خۆی بکاتە بیانوو بۆ جێبەجێنەکردنی پەیمانێک. ئێران کۆنڤانسیۆنی ڤیەنی واژۆ کردووە، بەڵام پەسەندی نەکردووە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دوو بنەمایە بەشێکن لە یاسای نێودەوڵەتیی نەریتی (عورفی) و بۆ هەموو دەوڵەتان پابەندکەرن.

بڕگەی ١ی ماددەی ١ی هەردوو پەیماننامەکە دەڵێت:

«هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. بەپێی ئەم مافە، بە ئازادی دۆخی سیاسیی خۆیان دیاری دەکەن و بە ئازادی بەدوای پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆیاندا دەچن.»

لە دۆکترینی یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخ و لە ڕاڤەکانی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (بۆ نموونە، لێکدانەوەی گشتیی ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٨٤)، مافی دیاریکردنی چارەنووس دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندی «دەرەکی»، واتە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و، ڕەهەندی «نێوخۆیی». مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی بە واتای مافی نەتەوەیەکە لەنێو دەوڵەتێکی مەوجوددا بۆ بەهرەمەندبوون لە خۆبەڕێوەبەرییەکی دێموکراتیک، بەشداریی کاریگەر لە بڕیارە گشتی و سەرەکییەکانی دەوڵەت و، بەڕێوەبردنی کاروبارە نێوخۆیی و هەرێمییەکانی خۆی بەبێ دەستێوەردانی جیاکارانە و پڕ لە هەڵاواردنی ناوەند.

کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزیی نەتەوە یەکگرتووەکان (CERD) لە ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٦دا بە ڕاشکاوی ڕوونی دەکاتەوە کە ڕەهەندی نێوخۆیی مافی دیاریکردنی چارەنووس بریتییە لە مافی هەموو گەلان بۆ بەدواداچوونی ئازادانەی پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆیان و، ڕاستەوخۆ بە مافی هەموو هاوواڵتییەکەوە بۆ بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا لە هەموو ئاستەکاندا بەستراوەتەوە. هەمان ڕاسپاردە داوا لە حکوومەتەکان دەکات ڕێز لە مافەکانی کەسانی سەر بە گرووپە ئەتنیکییەکان بگرن؛ بەتایبەتی مافیان بۆ ژیانی شکۆمەندانە، پاراستنی کەلتوورەکەیان، بەشی دادپەروەرانە لە بەرهەم و سەروەتی نیشتمانی و، ڕۆلگێڕان لە حکوومەتی وڵاتدا.

جارنامەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەیوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان (بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی کۆمەڵەی گشتی، ساڵی ١٩٧٠) پاراستنی یەکپارچەیی خاک بۆ ئەو دەوڵەتانە دەستەبەر دەکات کە بنەمای یەکسانیی مافەکان و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان ڕەچاو دەکەن و «حکوومەتێکیان هەیە کە نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی سەر بەو خاکە دەکات، بەبێ جیاوازی لە ڕووی ڕەگەز، بیروباوەڕ یان ڕەنگی پێستەوە». بەم پێیە، ڕەوایی یەکپارچەیی خاک لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی هەموو گەلانی وڵاتەوە بەستراوەتەوە.

کەواتە، داوای نەتەوەی کورد بۆ خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک یان ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزم لە چوارچێوەی ئێراندا، نەک هەر لەگەڵ بنەمای یەکپارچەیی خاک، کە لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، ناکۆک نییە؛ بەڵکوو میکانیزمێکی یاساییە بۆ پاراستنی سەقامگیری و یەکپارچەیی وڵات لە ڕێگەی ڕەزامەندیی دێموکراتیکەوە.

٢. بەشداری لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا

یەکگرتنی ڕاستەقینە پێچەوانەی تواندنەوەی زۆرەملێی ناسنامەیە. بەپێی ماددەی ٢٥ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، هەموو هاووڵاتییەک مافی هەیە، بەبێ هیچ کام لەو جیاکارییانەی لە ماددەی ٢ی پەیماننامەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا بەشدار بێت، دەنگ بدات و هەڵبژێردرێت و، بە یەکسانی دەستی بە پۆست و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وڵات ڕابگات. بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد، کە لە ڕووی مێژوو، زمان و خاکەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، جێبەجێکردنی ماددەی ٢٥ تەنیا بە واتای مافی دەنگدانی تاکەکەسی نییە؛ بەڵکوو پێویستی بە بەشداریی پێکهاتەیی لە حوکمڕانیدا هەیە.

«جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی کەسانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی یان ئەتنیکی، ئایینی و زمانییەکان» (بڕیارنامەی ١٣٥/٤٧، ساڵی ١٩٩٢)، بە تایبەتی ماددەکانی ٢ و ٤ی، دەوڵەتان ئەرکدار دەکات مەرجە پێویستەکان بۆ بەشداریی کاریگەری ئەم گەل و نەتەوە و گرووپانە لە بڕیاردان لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمیدا دابین بکەن. هەرچەندە ئەم جارنامەیە وەک پەیماننامە پابەندکەر نییە، بەڵام ستانداردێکی نێودەوڵەتیی پەسەندکراوە و کەمترین ئاستی پاراستن دیاری دەکات؛ ئەمەش بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە پێگەی کورد وەک گەل و نەتەوە ناکات. لە کوردستانی ئێراندا، بەدیهێنانی ئەم پێوەرە یاساییە پێویستی بە جێبەجێکردنی دوو بنەمای سەرەکی لە داڕشتنی سیستەمی سیاسیدا هەیە:

• **خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی:** سپاردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری لە کاروبارە نێوخۆییەکاندا بە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی میللەتی کورد لە کوردستان، بە پشتبەستن بە بنەمای دابەشکردنی ستوونیی دەسەڵات.

• **حوکمڕانیی هاوبەش لە ناوەندا:** بەشداریی مسۆگەرکراو و ڕێژەیی نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا، لەوانە دەسەڵاتی جێبەجێکار، ئەنجومەنی باڵا لە سیستەمێکی دووئەنجومەنیدا، دادگای یاسای قانوونی ئەساسی و، دامەزراوە باڵاکانی ئاسایش و سوپا. بەبێ بەشداری لە ناوەندی بڕیاردان لە تاران، هەر جۆرە خۆبەڕێوەبەرییەکی نێوخۆیی لاواز و لەرزۆک دەبێت و گەرەنتیی جێبەجێکردنی نابێت.

٣. بەشداری لە سامان و دەسەڵات بەسەر سەرچاوەکاندا

یەکێک لە گرنگترین بەربەستەکانی لێکنزیکبوونەوە لە ئێران، دواخستنی سەپێنراوی پەرەپێدان و دابەشکردنی نایەکسانی سامان لە نێوان ناوەند و ناوچە میللییە پەراوێزخراوەکاندا بووە. بەڵگەی یاسایی بۆ بەشداریی کورد لە سامانی وڵاتدا لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

ئا) بڕگەی ٢ی ماددەی ١ی هاوبەشی هەردوو پەیماننامەکە: ئەم بڕگەیە ڕایدەگەیەنێت کە «هەموو گەلان دەتوانن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان، بە ئازادی هەڵسوکەوت لەگەڵ سامان و سەرچاوە سروشتییەکانیان بکەن... و لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت گەلێک لە ئامرازەکانی بژێوی خۆی بێبەش بکرێت.»

ب) مافی پەرەپێدان: بەپێی «جارنامەی مافی پەرەپێدان»ی نەتەوە یەکگرتووەکان (بڕیارنامەی ١٢٨/٤١، ساڵی ١٩٨٦)، پەرەپێدان مافێکی مرۆیی لێنەسەندراوەیە. بەپێی ماددەکانی ٢ و ٨ی ئەم جارنامەیە، دەوڵەتان ئەرکدارن دابەشکردنی دادپەروەرانەی سوودەکانی پەرەپێدان و سەرچاوەکانی وڵات لە نێوان هەموو دانیشتووان و ناوچەکاندا مسۆگەر بکەن.

جیاکاریی ئابووریی سیستەماتیک بەرامبەر بە ناوچەکانی کوردستان، کە لە ڕێژەی بەرزی بێکاری، لاوازیی ژێرخانی پیشەسازی و دیاردە مرۆییە دڵتەزێنەکانی وەک مەینەتبەشی، کۆچ، نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و «کۆڵبەری»دا ڕەنگی داوەتەوە، پێشێلکردنی ئاشکرای ماددەی ٢ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان و ماددەی ٥ی «کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتیی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی ڕەگەزی» (ICERD)یە؛ کۆنڤانسیۆنێک کە ئێران لە ساڵی ١٩٦٨دا پەسەندی کردووە.

بۆ کۆتاییهێنان بەم پێشێلکارییە یاساییە و دروستکردنی پەیوەندییەکی ئابووریی تەندروست و بەهێز، پێویستە پێکهاتەی دارایی دەوڵەت لەسەر بنەمای فیدراڵیزمی دارایی لە نوێوە دابڕێژرێتەوە. ئەمەش سێ هەنگاو دەگرێتەوە: تەرخانکردنی پشکێکی دادپەروەرانە لە داهاتە گشتییەکانی وڵات، وەک نەوت، گاز و باجە سەرانسەرییەکان، بۆ بودجەی هەرێم یان پارێزگاکانی کوردستان؛ دانپێدانان بە مافی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتی و نێوخۆییەکان و بازرگانیی سنووری و، تەرخانکردنی بودجەی قەرەبووکردنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو دواکەوتنە مێژوونییەی بەسەر کوردستاندا سەپێنراوە. ئەم هەنگاوانە دەچنە چوارچێوەی ئەو «ڕێوشوێنە تایبەتانە»ی کە لە بڕگەی ٤ی ماددەی ١ و بڕگەی ٢ی ماددەی ٢ی کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزیدا ڕێگەیان پێ دراوە.

٤. مافە کەلتووری و زمانییەکان وەک مەرجی کەرامەتی مرۆیی

یەکگرتنی سیاسی و ئابووری، بەبێ دانپێدانان بە ناسنامەی کەلتووری و زمانی نەتەوەی کورددا، ناتەواوە. بەپێی ماددەی ٢٧ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، نابێت کەسانی سەر بە گرووپە ئەتنیکی و زمانییەکان لە مافی بەهرەمەندبوون لە کەلتووری خۆیان و بەکارهێنانی زمانەکەیان بێبەش بکرێن. کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێکدانەوەی گشتیی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٩٤دا جەختی کردووەتەوە کە ماددەی ٢٧ تەنیا ئەرکێکی نەرێنی، واتە دەستێوەرنەدان، نییە؛ بەڵکوو ئەرکی کردەییش دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت، بۆ ئەوەی بە ڕێوشوێنی ئەرێنی، لەوانە ڕێوشوێنی یاسایی، بەردەوامی و پێشکەوتنی ژیانی کەلتووری و زمانیی ئەم گرووپانە مسۆگەر بکات.

ناساندنی فەرمیی زمانی کوردی وەک زمانی پەروەردە، کارگێڕی و دادوەری لە کوردستان، لە پاڵ زمانی هاوبەشی وڵات، نەک هەر جێبەجێکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێرانە بەپێی ماددەی ٢٧ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ماددەکانی ١٣ و ١٥ی پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان؛ بەڵکوو هەستی نامۆبوونی هاووڵاتییانی کورد بەرامبەر بە دەزگای دەوڵەت کەم دەکاتەوە و وەفاداریی مەدەنی بە پێکهاتەی سیاسیی هاوبەش بەهێز دەکات.

دەرئەنجام


لە لۆژیکی یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخ و ئەزموونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری ئاشتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا، ئاسایشی نیشتمانی و یەکپارچەیی خاک بەرهەمی سەرکوت یان نکۆڵیکردن، لەنێوبردن و تواندنەوەی جیاوازییەکان نین؛ بەڵکوو ئەنجامی ڕاستەوخۆی دادپەروەری لە دابەشکردنی سامان و دێموکراسیی موشارەکەتی و بەشداریکارانەن.

نکۆڵیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران، پێشێلکردنی بەردەوامی پابەندییە پەیماننامەییەکانی دەوڵەتی ئێرانە بەپێی هەردوو پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٦ و کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزی. لە بەرامبەردا، دانپێدانان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی نەتەوەی کورد، لە ڕێگەی دامەزراوەییکردنی بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا، پشکی دادپەروەرانە لە سامانی وڵات و مسۆگەرکردنی خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیکەوە، تاکە ڕێگاچارەی یاسایی و کردەیی بۆ گۆڕینی قەیرانێکی مێژوویی درێژخایەن بۆ یەکگرتنێکی بەردەوام، ئاڕەزوومەندانە و دێموکراتیک لە ئێراندا.

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

تێکشکاندنی ئێران: لە زەختەوە بۆ گواستنەوە

میدڵ ئیست فۆروم – سێت د. کاپلان و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور



نووسەر سێت د. کاپلان لە وتارێکی دوورودرێژدا کە لە ماڵپەڕی ناوەندی توێژینەوەی میدڵ ئیست فۆرومدا بڵاو کراوەتەوە، باسی چۆنیەتیی تێکشکاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ڕێژیمێکی نوێ دەکات. لەبەر دوورودرێژبوونی وتارەکە، من تەنیا بەشە گرینگەکانی وتارەکەم وەرگێڕاوە، بە شێوەیەک کە بکرێ لە ژمارەیەکدا چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

نووسەر لە وتارەکەیدا دەڵێ هەشت مانگ دوای هێرشی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل و زەختی ئابووری، ئەم ڕێژیمە لە ڕوانگەی سەربازییەوە لاواز بووە، ڕێبەرە پلەبەرزەکانی کۆژراون، ژێرخانە ناوکی و هاژەکییەکانی زەرەری بەرچاویان بەر کەوتووە و، دەستڕۆیشتوویی ناوچەیی لاواز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی هێشتا لەسەر دەسەڵات ماوە. ڕێژیم درێژە بە شەڕ دەدات، بە درۆن و هاژەک، هێزی دەریایی، بەکرێگیراوان و ڕێگریی دەریایی و، بە ئامرازە ناهاوسەنگەکان هەڕەشە لە داڵانی وزەی کەنداو دەکات. بەڵام نووسەر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لاوازیی سەربازی بە تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی بەس نییە.

لە ڕوانگەی نووسەری وتارەکەوە، ناوەندی یەکلاکەرەوەی دەسەڵات ئەو هاژەکانە نین کە ڕێژیم هێشتا بەدەستییەوە ماون یان سانتریفیۆژەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم، بەڵکوو یەکگرتوویی نێوان سپا و ئەو نوخبەیە کە ئیستا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. سپای پاسداران وەک بڕبڕەی پشتی ڕێژیم و ناوەندی لێکبەستنەوەی دامەزراوە داپلۆسێنەرەکان، ناوەندە هەواڵگرییەکان، دەسەڵاتدارانی پارێزگاکان، ڕایەڵەکانی بازرگانی، دامەزراوە ئایینییەکان و پیشەسازییە ستراتیژیکەکانە. سپای پاسداران بە هۆی دامەزراوە دارایی‌یەکانییەوە خۆبەڕێوەبەرە، ڕێنوێنیکاری سەرکوتە و دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت. ئاڵوگۆڕەکانی دوای کوژرانی ڕێبەری پێشوو، عەلی خامنەیی، وا پیشان دەدەن کە دەسەڵات بە قازانجی دەوڵەتێکی ئەمنییەتیی ژێر ڕکێفی سپای پاسداران لاسەنگ بووە کە ڕەوایی ئایینی وەک ئامرازێکی دەوڵەتداری بەکار دەهێنێت. دەسەڵاتی بەکردەوە لەدەست ئەو دامەزراوانەدایە کە هێزی داپلۆسێنەر و سەرچاوەکانی کۆنترۆڵکردنیان بەدەستەوەیە. مانەوەی تاقمی هاوپەیمانی ترۆپکی دەسەڵات زۆرتر بە چاوەڕوانیی هاوبەش لە داهاتوو بەستراوەتەوە هەتا ئایدیۆلۆژی. گەلێک لە بازرگانە ناسراوەکان، تێکنۆکراتەکان، کاربەدەستانی پارێزگاکان، کارمەندان و تەنانەت بەشێک لە کارمەندانی بەشی ئاسایش بە شێوەی کەسی ئەم ڕێبازە دەخەنە ژێر پرسیار، بەڵام مەترسییەکانی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سەرکوتکەر پێشی بە جیابوونەوە لە ڕێژیم گرتووە و ئەو ڕەوتە هەتا نوخبەکان لەوە دڵنیا نەبن کە ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە لە ڕێژیم جیا دەبنەوە و جێگرەوەیەکی جێگای باوەڕ سەرهەڵدەدات، بەردەوام دەبێت.

سیستمە دیکتاتۆرییەکان زۆر بە دەگمەن تەنیا بە هۆی ناڕەزایەتییەوە هەڕەس دەهێنن. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی دوو دەیەی ڕابردوودا، سەرەڕای خۆپیشاندانی میلیۆنان ئێرانی و ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەوانەوە، مانگرتنی کرێکاران، کەمپەینەکانی چالاکانی مافەکانی ژنان، چالاکییەکانی خوێندکاران و خەباتی مەدەنی و لە کۆتاییدا بە هۆی لاسەنگیی دەسەڵاتی داپلۆسێنەری سەرکوت و پرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن، تا ئێستا ڕێژیم نەڕووخاوە. ڕەوایی دژبەران بە تەنیا نابێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیم، بەڵکوو بە ڕێکخستن دەتوانن بەم ئامانجە بگەن.

ڕێگایەکی جێگەی متمانە بەرەو سەقامگیری پێشکەش دەکات. گۆڕانی ڕێژیم لە ئاکامی پرۆسەی کەڵەکەبووی نادڵنیایی نوخبەی دەسەڵاتدارەوە دێتە ئاراوە نەوەکوو تاکە ڕووداوێک. بۆیە ستراتیژییەکە دەبێ پەرەپێدان بە نادڵنیایی لەنێو تاقمی دەسەڵاتداردا و هاوکات بەهێزکردنی جێگرەوەیەکی جێگای باوەڕ لە ئێران بێت. هەموو هەوڵەکان دەبێ بە وردی هەڵسەنگێندرێن، جا بەرزکردنەوەی نادڵنیایی لەنێو دەسەڵاتداراندا بێت یان بەهێزکردنی ئاڵترناتیڤێکی ئێرانی بێت. لایەنە دەرەکییەکان (لە پێش هەمووانداوە ئەمریکا و ئیسرائیل) دەبێ هەلومەرجەکان بۆ گواستنەوەیەکی تەواو ئێرانی ئامادە بکەن، چونکە پشتگیریی ئاشکرای دەرەکی مەترسیی ڕەواییدان بە پرۆپاگاندای ڕێژیمی لێ دەکەوێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە پرسی سەرەکی چیدیکە ئەوە نییە کە ئاخۆ کۆماری ئیسلامی دەکرێ لە ڕوانگەی سەربازییەوە لاواز بکرێت، بەڵکوو ئاخۆ دەکرێ بە شێوەیەکی سیستماتیکی پاشماوەی بناغە سیاسییەکانی ڕێژیم بە جێگرەوەیەکی ئێرانیی جێگای متمانە بڕووخێندرێت. بە بۆچوونی نووسەری وتارەکە ئەم کارە پێویستی بە ستراتیژییەک هەیە کە لە چەند بەش پێکهاتبێت:

بەشی یەکەم: سپای پاسداران وەک چەقی دەسەڵات

ناوەندی یەکلاکەرەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پاشماوەی توانایی سەربازییەکانی نییە، بەڵکوو یەکگرتوویی نێو سیستمی سیاسی و ئەمنییەتییەکەیەتی کە لە دەوری سپای پاسداران چڕ بووەتەوە. بەڵام ئەو تاقمە یەکچەشن نییە: فەرماندە پلەبەرزەکانی لە تێکنۆکراتەکان، بەڕێوەبرانی پارێزگاکان، بەرپرسانی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، دادوەران، ڕێبەرانی پێشەسازییەکان، کارمەندان و ئەفسەرانی ئەرتەش جیاوازن. جیاوازیی تێوەگلان گرینگە؛ بەرپرسیارێتی بۆ ئەوانەی بەرپرسی سەرکوت و گەندەڵین، هاوکات دانی دەرفەت و دڵنیایی بە ئەوانی دیکە هەتا بەبێ دڵەخورپە لە تێکڕمانی ڕێژیم و تۆڵەسەندنەوەی کوێر، دەست لە ڕێژیم بەردەن. ئەمە توانایی دامەزراوەیی پێویست بۆ بەڕێوەبەریی وڵات دەپارێزێت و هاوکات خۆڕاگریی یەکدەستی دەسەڵات لاواز دەکات.

بەشی دووەم: چوارچێوەیەک بۆ گواستنەوەی دەسەڵات

لێرەدا پێویستە چوارچێوەیەک کە پێکهاتبێ لە چوار هێڵی هاوتەریب، کە بەردەوام یەکتر بەهێز بکەن، دروست بکرێت:

١. توانایەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ پەرەی پێ بدرێت: دروستکردنی یەکەیەکی یەکگرتووی سیاسی بە مەبەستی هاوئاهەنگکردنی لایەنەکانی نێوخۆ و تاراوگە پێویستە. دەبێ ڕێبەریی کاریگەر، پلاتفۆرمێکی گشتگیر، ئامرازی پێوەندیی دڵنیا و توانایی ڕێکخستنی ناڕەزایەتی، مانگرتن، دیپلۆماسی، یارمەتیی مرۆڤانە و لە کۆتاییدا دەوڵەتداری هەبێت. ئامانج لێرەدا یەکگرتوویی دامەزراوەییە نەوەکوو یەکچەشنیی ئایدیۆلۆژیک؛ واتە ناوەندێکی دانپێدانراو کە ناڕەزایەتی بکاتە کردەوەی بەردەوام و دەسەڵاتی ڕەوا. ئەمەش پێویستی بە یەکگرتوویی دامەزراوەیی بەرفراوان هەیە.

٢. پارچەپارچەکردنی بەرەی دەسەڵاتدار: بۆ ئەم مەبەستە دەبێ کەڵک لە زەختی جۆراوجۆر وەرگیرێت. لێپرسینەوە لە سەرکوتکەرە سەرەکییەکان و هەرە گەندەڵەکان پێویستە، بەڵام دەبێ داهاتوویەکی ڕوون بخرێتە بەردەم مووچەخۆرە پلەنزمەکانی دامودەزگا ئەمنییەتییەکان. گوشاری هاوشێوە بەبێ جیاوازی زۆرجار دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی یەکگرتوویی لە نێوان تاقمی دەسەڵاتدارەدا، بەڵام جیاوازیدانان دەبێتە هۆی بەرینتربوونی کەلێنی نێوانیان و کشانەوەی وردەورده. گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی زۆر بە دەگمەن بە جیابوونەوەیەکی کتوپڕ ڕوو دەدات، ئەوان کاتێک دێنە ئاراوە کە بڕوابەخۆبوونی نوخبەی دەسەڵاتدار وردەورده بنکۆڵ بکرێت و هێدیهێدی ویستی داکۆکی لە دۆخی زاڵ لەنێو بچێت.

٣. بردنەوەی گۆڕەپانی زانیاری: گشت نۆژەنکردنەوەی وێرانییەکان، پارێزگاری لە مافی خاوەندارێتیی مووڵک، بەردەوامبوونی دانی موچەی خانەنشینی، بەردەوامبوونی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، گەڕاندنەوەی وەبەرهێنان و هاوگونجیی بازاڕ دارێژرێت. داهاتوویەکی ئابووریی جێگای باوەڕ، بەستراوەیی بە بەخێوکران لەلایەن سپای پاسداران و دەوڵەتەوە کەم دەکاتەوە و ئاڵوگۆڕ لە هەڕەشەوە دەکاتە دەرفەت.

هیچکام لەم چوار هێڵە بە تەنیا بەس نییە؛ ڕێکخستنی بێ وازهێنانی نوخبەی دەسەڵاتدار لە بەرامبەر زۆرەملێدا شکست دەهێنێت؛ نادڵنیایی نوخبەکان بەبێ ئاڵترناتیڤێک دەبێتە هۆی ئیفلیجی؛ زانیاری بەبێ ڕێکخستن ناتوانێ ببێتە هۆی بەردەوامبوون؛ گوشاری ئابووری بەبێ دوورەدیمەنی گەڕانەوەی دۆخی ئاسایی دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ. بەرەوپێشچوونی هاوکات دەبێتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگیی سیاسی.

بەشی سێهەم: مەرجەکانی تێکشکاندنی ڕێژیم

ئاڵوگۆڕی ڕێژیم بەرهەمی کەڵەکەبوونە: شکستی سەربازی، ئابووری، لێکهەڵتەکان، ناڕەزایەتییەکان، شکست لە بەرەی زانیاریدا و پارچەپارچەبوونی دامەزراوەیی لەسەر یەک کەڵەکە دەبن هەتا ئەوانی نێو دەسەڵات بەم ئاکامە دەگەن کە ڕێژیم ناتوانێ ئاسایش یان درێژەی تەمەنی ڕێژیم دەستەبەر بکات. پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکان تێچووی سەرکوت دەبەنە سەر و لەکیسچوونی ڕەوایی ڕێژیم پیشان دەدەن، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوەکانی نوخبەی دەسەڵاتدار دەبێت (وەکوو لە جوواڵانەوەکانی دوای ٢٠٠٩ دیتراوە). گۆڕانی یەکلاکەرەوە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی نادڵنیایی، پەرەسەندنی هەستی خۆدەربازکردن، کەمبوونەوەی هاوکاری، خۆبواردن لە بڕیاری پڕمەترسی، پێوەندیی نهێنی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن. جیابوونەوەکان لە ڕێژیم هۆی سەرەکیی تێکڕمانن بەڵام خاڵی کۆتایی نین. زەختی ئابووری و سەربازی، چاوەڕوانییەکان لە ڕێژیم بە چوونەسەری تێچووی وەفاداری بە ڕێژیم دەگۆڕن. زانیاری پەرە بە نادڵنیایی دەدات بەهۆی ئاشکراکردنی دۆخی ئێستا و پیشاندانی جێگرەوەکان. دەبێ باوەڕبەخۆبوون لە دەسەڵاتدارانەوە بگوازرێتەوە بۆ نێو دامەزراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە توانای ڕێکخستنی کردەوەکان، پێوەندییەکان، ئامادەکاری بۆ وەئەستۆگرتنی بەڕێوەبەریی دەوڵەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی هەیە. ئامانجەکە ئەوەیە کە مەترسیی پاراستنی دۆخی ئێستا مەزنتر بێت لە پشتگیری لە جێگرەوەکە.

سیستمە دیکتاتۆرییەکان زۆر بە دەگمەن تەنیا بە هۆی ناڕەزایەتییەوە هەڕەس دەهێنن. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی دوو دەیەی ڕابردوودا، سەرەڕای خۆپیشاندانی میلیۆنان ئێرانی و ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەوانەوە، مانگرتنی کرێکاران، کەمپەینەکانی چالاکانی مافەکانی ژنان، چالاکییەکانی خوێندکاران و خەباتی مەدەنی و لە کۆتاییدا بە هۆی لاسەنگیی دەسەڵاتی داپلۆسێنەری سەرکوت و پرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن، تا ئێستا ڕێژیم نەڕووخاوە. ڕەوایی دژبەران بە تەنیا نابێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیم، بەڵکوو بە ڕێکخستن دەتوانن بەم ئامانجە بگەن.

بەشی چوارەم: ستراتیژییەکی گشتگیر بۆ گواستنەوەی سیاسی

وەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، ئاڵوگۆڕی سیاسی تەنیا بە لاوازکردنی ڕێژیم نایەتە ئاراوە؛ ئەو، بەهێزکردنی جێگرەوەیەکی سیاسیی جێگەی متمانە دەخوازێت، هاوکات دەبێ بە شێوەی سیستماتیک ئەوانی نێو ڕێژیم هان بدرێن کە لێی جیابنەوە. لێرەدا دەبێ ئەوانەوییەت بدرێت بە جێگرەوەی سیاسیی بەرفراوان (کە خاوەنی پلاتفۆرم، نەخشەڕێگا، تێوەگلان لەگەڵ کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان، مامۆستایان، بازرگانان، کەسایەتییە ئایینییەکانی خوازیاری چاکسازی؛ پێکهاتن لەسەر پرەنسیپە گشتییە دێموکراتیکەکان، دەوڵەتداریی پشتبەستوو بە یاسای بنەڕەتی، یەکپارچەیی خاک و گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات بێت). ستراتیژیی دانی زانیاری دەبێ هاوتەریبی دابینکردنی ئامرازەکانی جێگای متمانە بۆ پێوەندیگرتن، ئامرازی دژی سانسۆر، ئامرازی تۆمارکردن و پیشاندانی ئاسۆیەکی ڕوون بێت. ستراتیژیی ئابووری دەبێ پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆن و گەمارۆی ئامانجدار و پلانی گەڕاندنەوەی دۆخی ئاسایی بگرێتەوە. پلانی بێڕێنگکردنی نوخبەی دەسەڵاتدار دەبێ جیاوازی لە نێوان کەسایەتییە سەرەکییەکانی سەرکوت (بەرپرسیارکردنی لەژێر یاسادا) و ئەوانی دیکە دانێت (بە دانی دڵنیایی بۆ دەورگێڕانیان لە داهاتوودا، بەردەوامبوونی کاری دامەزراوەکان، پاراستنی کەسانی پسپۆڕ بەو مەرجەی لە پێشێلکارییەکاندا بەشدار نەبووبن). کەرتی ئاسایش دەبێ ئەرتەش بگرێتە خۆ، ئەفسەرانی پلەنزم و سەربازانێک کە خوازیاری خزمەت بە نیشتمانن، بەڵێنی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا بەگوێرەی یاسا و دڕێژەدان بە خزمەتیان لەو شوێنانەی پێویستن، هاندان بەرەو بێلایەنبوون یان جیابوونەوە لە ڕێژیم، توانایی سەرکوت لەلایەن ڕێژیمەوە کەم دەکاتەوە. بەرخۆدانی مەدەنی و خۆڕاگریی سایبێری دەبێ ئامرازی پێوەندیگرتنی سەربەخۆ، ئامرازی دیجیتاڵی، ڕایەڵەی نانەوەندگەرا و پشتگیری لە کرێکاران، کارمەندان، زانستگاکان و تاقمە پیشەییەکان بگرێتەوە.

هاوئاهەنگیی نێونەتەوەیی گەمارۆکان، گەیاندنی پەیامەکان، یارمەتی و پلاندانان لە نێوان وڵاتانی دێموکراتیک و هاوپەیماناندا بە وریاییەوە و بە ڕێبەریی لایەنی ئێرانی ڕێک بخرێت. «پلانی ڕۆژی دوای ڕووخان» دەبێ پاراستنی وەزارەتخانەکان، دادگاکان، کەرەستە گشتییەکان، بەڕێوەبەریی ناوچەیی و بەردەوامبوونی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بگرێتەوە بۆ ئەوەی پێش بە تێکڕمانی دامەزراوەیی بگیرێت. دادپەروەریی ئینتیقالی دەبێ کەڵک لە ڕێکارێکی چەندتوێ وەربگرێت: لە کاتێکدا کە مەزنترین پێشێلکارەکان دادگایی دەکات، پارێزگاری لە یارمەتیدەرە ئاساییەکان دەکات، هاوکات دەبێ کەرتی ئاسایش چاکسازیی تێدا بکرێت، میکانیزمی ئەوتۆ کەڵکی لێ وەربگیرێت کە دانوستانی لەسەر کرابێت، شاندی لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان پێکبێت و وردەورده پشێوی و دڵەڕاوکێ کەم بکاتەوە و بڕوا بە دۆخێکی سەقامگیر بچەسپێنێت.

دڕێژەی ئەم بابەتە لە لاپەڕەی ١٠

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

پێویستیی ڕەچاوکردنی «مودیرییەتی مەترسییەکان» لە پڕۆسەی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا



ڕەزا دانشجوو

پرس و مەسەلەی ڕێکخراو و حیزبێکی سیاسی تەنیا هەبوونی ئارمان و ئامانجێکی سیاسیی ڕوون و دیاریکراو نییە. لە ڕاستیدا پرسی سەرەکیی هەر حیزب و جوواڵانەوەیەکی سیاسی بریتییە لە هەبوونی پلانێکی تۆکمە و فرەلایەنە بۆ گەیشتن بەو ئایدیاڵ و ئامانجە ڕوون و دیاریکراوانە و تێپەڕاندنی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە لە ڕێبازی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسیدا بوونیان هەیە یان بەپێی بارودۆخی کات و شوێن سەرهەڵدەدەن. ئەمە سروشتی هەر بزووتنەوەیەکی هەڵسووڕ و دینامیکە کە بەهۆی جووڵە و تێکۆشانی بەردەوام و هەڵبەت گۆڕانکارییەکان، لەسەر ڕێڕەوی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون ڕووبەڕووی کێشە و قەیرانی جیاواز دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا تێڕوانینێکی زانستی بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو و هەبوونی پلانێکی تۆکمە و هەمەلایەنە بۆ ناسین و دەستنیشانکردن، شیکردنەوە و پۆلێنکردن و لە کۆتاییدا دۆزینەوەی وەڵامگەلێکی شیاو و کردەیی بۆ ڕیسک و مەترسییەکانی داهاتوو دەتوانێت چرای ڕوناکیی ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان بێت؛ ڕێگایەک کە تێیدا ناڕوونی و نادڵنیایی و هەبوونی ڕیسک و مەترسییە جۆراوجۆرەکان دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی ئاڵۆزی و قەیرانە نەخوازراوەکان.

ڕوونە کە کاتێک باسی ناڕوونی، نادڵنیایی و ڕیسک و مەترسی دێتە گۆڕێ، باس لە ئەگەری ڕووداوێک دەکرێت و لە جیهانی ئەگەرەکاندا هەر پێشبینی و پلاندانانێک بە دڵنیاییەوە ڕێژەیەک لە خەتا و هەڵەی لەگەڵدایە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هیچ بەرنامەیەکی «مودیریەتی مەترسییەکان» بەبێ گوێدان بە ئاستی وردبینی و زانیاری و شیکاریی دروست، ناتوانێت هەموو ڕیسک و مەترسییەکانی داهاتوو دەستنیشان بکات و تەنانەت ئەگەر بتوانێت دەستنیشانیشیان بکات، ناتوانێت وەڵامێکی یەکلاکەرەوە و ڕاست و دروست بۆ هەموو مەترسییە دەستنیشانکراوەکان بدۆزێتەوە! ئەوە سروشتی هەر تێڕوانینێکی زانستییە و قبوواڵکراوە.

لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکیی «مودیریەتی مەترسییەکان» ئەوەیە کە تا دەتوانرێت کاریگەریی ڕووداوە نێگەتیڤ و نەرێنییەکان کەم بکرێتەوە و ئەگەر بتوانرێت وەک دەرفەت کەڵکیان لێ وەربگیرێت!

بەپێی ستانداردی دامەزراوەی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی ئەمریکا (PMI)، «مودیریەتی مەترسییەکان»ی (Risk Management) پڕۆژە، تێڕوانین و پڕۆسەیەکی سیستماتیکە بۆ دەستنیشانکردن، شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەو ڕیسک و مەترسییانەی کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئامانجەکانی پڕۆژە هەبێت. ئەم ستانداردە، ڕیسک و مەترسی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «ڕووداوێک یان بارودۆخێکی نادیار کە ئەگەر ڕوو بدات، کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر یەکێک یان چەند ئامانجێکی پڕۆژەکە دەبێت.»

دوو خاڵی گرنگ لەم پێناسانەی سەرەوە جێی سەرنجن: یەکەم، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، «مودیریەتی مەترسییەکان» پڕۆسەیەکی زانستی و سیستماتیکە و خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە مەترسی بە پێچەوانەی پێناسە نازانستییەکان، لێرەدا دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنیشی هەبێت و مەرج نییە هەمیشە بە دیاردەیەکی نەرێنی هەژمار بکرێت!

لە ڕوانگەی «مودیریەتی مەترسییەکان»ەوە، بۆ دەستپێکردنی پڕۆسەی مودیریەتی مەترسییەکان، سەرەتا دەبێت نیشان بدرێت کە ئەو پڕۆژەیەی کە باسی لێ دەکرێت هەڵگری چەندین تایبەتمەندییە وەک ئاڵۆزیی زۆر و پێکهاتەیەکی دینامیک و هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش پێویستیی بە ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی «مودیریەتی مەترسییەکان» هەیە. ئەم کورتە نووسینە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە؛ بە مانایەکی تر، ئەوەی لە خوارەوە دێت تەنها نیشاندانی پێویستیی ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی «مودیریەتی مەترسییەکان»ە و باسێک لە خودی پڕۆسەکە نەکراوە!

لە ڕوانگەی ستانداردی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی ئەمریکاوە، ئەو پڕۆژانەی کە ماوەی جێبەجێکردنیان درێژخایەنە، پڕۆسەکەیان دژوار، ناڕوون و ئاڵۆزە، کەش و دەوروبەری پڕۆژەکە نالەبارە، چڕیی داراییان هەیە، یان بەشەکانی بنیاتنەری ڕێکخراوەکە پێکهاتەیەکی گۆڕاو و دینامیکییان هەیە، پێویستیی زۆریان بە ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی «مودیریەتی مەترسییەکان» هەیە.

چاوخشاندنێکی کورت بە سروشتی دەکرێت وەک ڕیسک و مەترسییەک بە کاریگەریی پۆزێتیڤ و ئەرێنی و لە ڕاستیدا وەک دەرفەتێک هەژمار بکرێت، بەڵام ئەگەر بەپێی پێویست جیاوازییەکان دەستنیشان نەکرێن و وەڵامی گونجاو بۆ پێداویستییەکانی هەر بەرە و نەوەیەک نەدۆزرێتەوە، دەتوانێت چاوگەی زۆر ڕیسک و مەترسیی نەرێنی بێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ، دۆخی دارایی و بارودۆخی ئابووریی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتە. شاراوە نییە کە حیزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کە بە درێژایی تەمەنی نەگریسی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت بەشێکیان لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیشدا سااڵنێک بەردەوام لەژێر سەرکوتکردن و هێرشی دڕندانەی دوو ڕێژیمی خۆسەپێندا بوون، دۆخی دارایی و بارودۆخی ئابووری و ماڵییان تا چ ڕادەیەک دژوارە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و هەلومەرج و بارودۆخی ناوازەی ناوچەکە و دەوروبەر، بە ڕوونی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە تا چ ڕادەیەک ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا لە پەیکەری ئەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازەدا دەبینرێن.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵات خاوەنی میژوویەکی لانیکەم هەشتا و چەند ساڵەیە، میژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە شکست و سەرکەوتن. ئاشکرایە لەم ڕێبازە دوور و درێژەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵات دەیان بەربەست و لەمپەڕ و گەردنە و بستووکی سەختی تێپەڕاندووە. سەرەڕای بوونی ئەو هەموو ئەزموونە بەنرخانەی کە بە دڵنیاییەوە بە تێچوویەکی یەکجار زۆر بەدەست هاتوون، بەداخەوە بەهۆی نەبوونی تێڕوانینێکی زانستی بۆ بەڵگەمەندکردن و خەسارناسیی ڕووداوەکانی ڕابردوو، بەشێکی زۆر لەم کارەسات و ڕووداوە ناخۆش و نەخوازراوانە بە درێژایی ساڵان دووپات و دووبارە بوونەتەوە.

خەبات و بەرخۆدان لە جوغرافیایەکی ناسەقامگیر و نائارام وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی لە خۆیدا و لە بنەڕەتدا ناڕوون، پێچدراو و ئاڵۆزە. بوونی بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکانی وزە و نەوتی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییەی زۆر زیاتر کردووە؛ ناوچەیەک کە لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەیان کودەتا و شۆڕش و شەڕی بە خۆیەوە بینیوە.

کێبەرکێی نێوان چەند هێز و دەسەڵاتێکی ناوچەیی کە بەداخەوە زۆربەیان داگیرکەری بەشێک لە کوردستانن، ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییەی گەیاندووەتە لووتکەی خۆی.

ئاشکرایە ئەم ناوچە پشێو و ناسەقامگیرە خۆی سەرچاوە و چاوگەی ڕیسک و مەترسیی بێشوماڕە. لە جوغرافیایەکی وەها ئاڵۆز و پێچراوادا تەنانەت زیندوومانەوەش بەبێ پلانێکی تۆکمە و فرەلایەنی «مودیریەتی مەترسییەکان» کارێکی زۆر چەتوون و ئاستەمە، چ بگات بە خەبات و بەرخۆدان و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان!

پرس و بابەتێکی زۆر گرنگی تر بریتییە لە ئاڵۆزییە نێوخۆیی و ڕێکخراوەییەکان، کە خۆی دەتوانێت سەرچاوە و چاوگەی ڕیسک و مەترسیگەلێکی بێشومار بێت. بەداخەوە زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات تامی تاڵی دابڕان و جیابوونەوەیان چێشتووە. بەبێ گوێدانە ئاکام و ئەنجامی ئەم دابڕان و جیابوونەوانە، ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە کە هەموویان کەم تا زۆر کۆمەڵێک برین و زامیان چێهێشتووە؛ ئەم زام و برینانە دەتوانن لە ئەگەری کەمتەرخەمی و خەسارناسی نەکردنیان خۆیان ببنە سەرچاوەی کۆمەڵێک ڕیسک و مەترسیی چاوەڕواننەکراو!

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ کە بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە خاوەن میژوو و لەمێژینەکانی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسی «کەلێن و بۆشاییی نەوەکان»ە، کە ئەگەرچی جگە لەو پرسانەی کە لە سەرەوە وروژێنراون، چاوخشاندنێکی کورت بە بارودۆخی ئێستای ناوچەکەدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی «مودیریەتی مەترسییەکان» چ شوێن و پێگەیەکی دەتوانێت هەبێت. شەڕ و پێکدادانی ئەم دواییەی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا ئێستا خۆی بووەتە سەرچاوە و چاوگەیەکی نوێی ڕیسک و مەترسی لە ناوچەکەدا و لە ڕاستیدا نادڵنیایی و ناڕوونی لەم جوغرافیا پشێو و ناسەقامگیرەدا گەیشتووەتە لووتکە.

ئەوەی تا ئێستا بە کورتی باس کرا، تێڕوانینێکی گشتی بوو بۆ پێویستیی ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی «مودیریەتی مەترسییەکان» و هەبوونی پلانێکی تۆکمە و گشتگیری مەترسی بۆ دەستنیشانکردن و وەڵامدانەوەی ڕیسک و مەترسییەکانی داهاتوو لەم کات و شوێنە تەواو ناڕوون و نادیارەدا. پلانێکی تۆکمە و گشتگیری ڕیسک و مەترسی کە بەردەوام نوێ بکرێتەوە و بتوانێت وەڵامگەلێکی گونجاو و کردەیی بۆ ڕیسک و مەترسییەکانی داهاتوو بدۆزێتەوە، کلیلی دەربازبوون لەم بارودۆخە ناڕوون و مەترسیدارەیە!

تێچووی ئەم پلانە زۆر کەم و گونجاوە و دەستەبەر و بیمەی ڕۆژە ناڕوون و نادیارەکانی داهاتووە!

ئەگەر ئەمڕۆ بە ڕەچاوکردنی تێڕوانینێکی تەواو زانستی و پێشوەخت بیر لە پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی ڕیسک و مەترسییەکانی داهاتوو و دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو بۆیان نەکەینەوە، بە دڵنیاییەوە سبەی بە ناچاری خۆمان لە نێوەڕاستی قەیرانێکی نادیار و ناڕوندا دەبینەوە؛ قەیرانێک بە تێچووی یەکجار زیاتر و ئەنجام و کۆتاییەکی لێڵ و نادیار!



دێژەی بابەتی:

تێکشکاندنی ئێران: لە زەختەوە بۆ گواستنەوە

بەشی پێنجەم: دامەزراندنی ناوچە پارێزراوەکان بۆ ئۆپۆزیسیۆن

ئەزموونە میژوونییەکان سەلماندوویانە کە سیستمە دیکتاتۆرەکان کاتێک بە شێوەی بەرچاو لاواز دەبن کە ئۆپۆزیسیۆن بتوانێت دەست بە سەر هێندێک پارچەی وڵاتدا بگرێت و بیانپارێزێت. ئەم ناوچانە دەبنە هۆی ئەستاندنەوەی کۆنترۆڵ بە سەر کۆی ڕووبەری وڵات لەلایەن ڕێژیمەوە و پاراستنی دامەزراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ کاتی دوای گواستنەوەی دەسەڵات. بۆ وێنە لە سووریە، ناوچەی ئیدلیب لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە یارمەتیی هێزی سەربازیی چاوترسێنکەری دەرەکی و پشتگیریی لۆجیستیکی سەرسنوور، بووە هۆی پاراستنی دامەزراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن، سەرەڕای تێکشکانی ئۆپۆزیسیۆن لە شوێنەکانی دیکە.

لە ئێران ئەم ناوچانە وێدەچێت لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان و بەلووچستان سەرهەڵدەن، چونکە لەوێ ڕایەڵە سیاسییەکان دەتوانن دەرفەتی لەبارتر بۆ ڕێکخستنی بەردەوام دەستەبەر بکەن. بەڵام ناوچەکانی شوێنی ژیانی پێکهاتە نەتەوەییەکان وێناچێت ڕەوایی پێویست بۆ گواستنەوەی سیاسی وەدەست بهێنن و ئەگەری هەیە ببنە هۆی بەهێزکردنی گوتاری ڕێژیم لەمەڕ جیاییخوازیی ئەم نەتەوانە. بۆیە دەبێ ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ناوچانە ئەوە بێت کە ببنە بناغەی جوواڵانەوەیەکی بەرفراوانی نیشتمانی کە بە شێوەی پەرەئەستێن دەسترۆیشتوویی سیاسیی خۆی لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران کە زۆرینەی فارسن پەرە پێ بدات.

پاراستنی ئەم ناوچانە پشتگیریی لۆجیستیکی، پێوەندی، مرۆیی، پێڕاگەیشتنی پزیشکی، پسپۆڕیی میدیایی و یاسایی و هەروەها بەڕێوەبەریی دامەزراوەیی دەخوازێت. لەگەڵ لاوازبوونی دەسترۆیشتوویی سەربازیی ڕێژیم، دەسەڵاتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بەرینتر دەبێت کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بڕوابەخۆبوون. ناوچە پارێزراوەکان تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە ببنە هۆی بەهێزتربوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی سەرانسەری کە بتوانێت لە کۆتاییدا دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەست.

بەشی شەشەم: جێبەجێکردنی ستراتێژییەکە، بژاردە سیاسییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل

ئەمریکا هەوڵە سیاسی، ئابووری، زانیاری و پلانەکانی گواستنەوە ڕێبەری دەکات: بوار بۆ سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دەڕەخسێنێت، گەمارۆکان بەرەو گوشاری ئامانجدار بۆ سەر سپای پاسداران و ڕایەڵەی سەرکوت دەگۆڕێت، پشتگیری لە میدیای فارسی و ئامرازەکانی دژەسانسۆر دەکات، خۆڕاگریی سایبێری دروست دەکات، دڵنیایی بە تاقمی نوخبە دەدات و پلانی جێگرەوە بۆ بەردەوامبوونی کاری دامەزراوەکان، سەقامگیرکردن و باشکردنەوەی دۆخەکە دادەڕێژێت. ئیسرائیل درێژە بە گوشاری بەردەوامی سەربازی و هەواڵگری بۆ سەر فەرماندەکانی سپای پاسداران، هێزەکانی درۆن/هاژەک، بەکرێگیراوە دەرەکییەکان (حیزبوڵاڵ و حوسییەکان) و، تواناییە ناچارکەرەکان دەدات و هاوکات زانیاریی هەواڵگری لەسەر کەلێنەکانی نێو ڕێژیم کۆ دەکاتەوە و بە وریاییەوە یارمەتیی دەرفەتەکانی ناوچەکان دەدات. هەردووڵا بە بێدەنگی کاری خۆیان دەکەن. هاوپەیمانییەکی ناوچەیی دەتوانێت یارمەتییە مرۆییەکان، لۆجیستیکی ناوچەکان، پلانی پەنابەران، ئاسایشی هاتووچۆی دەریایی و دروستکردنەوەی وڵات ڕێک بخات. سەرجەم یارمەتییە دەرەکییەکان بە وریاییەوە جێبەجێ دەکرێن و دەبێ بکەرە سەرەکییەکان ئێرانی بن و ڕەواییەکەی نەیەتە ژێر پرسیار.

دەرئەنجام

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لاوازە بەاڵم خۆگونجێنە؛ بەبێ ڕێکخستنی سیاسی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵیدا، ئەگەری وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوو، پەرەپێدان بە نادڵنیایی تاقمی نوخبەی دەسەڵاتدار، ڕایەڵەی خۆڕاگر، ناوچەی پارێزراو و پێشکەشکردنی دووربەدیمەنی خۆشبژیوی ئابووریی دوای ڕووخانی ڕێژیم، بگۆڕدرێت. کێبڕکێی سیاسی یەکلاکەرەوەیە.

لایەنە دەرەکییەکان زۆرتر توانابیبەخشن هەتا بەڕێوەبەر. سەرکەوتن بە ئەگەری سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی جێگای باوەڕ، ڕێکخراو و ئامادە لە کاتی ڕووداندا ئاڵوگۆڕ کە بتوانێت ڕێگای بەرەو ئێرانێکی سەقامگیر، دێموکراتیک و گونجاو لە کۆمەڵگەی ناونەتەوەییدا بپێوێت، بەستراوەتەوە.

سەرچاوە:
https://www.meforum.org/mef-reports/fracturing-the-iranian-regime

کوردستان
• ژمارە: ٩٣١
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ _ ٢١ نۆڤامبری ٢٠٢٦

میلیاردەکانی پشت دەرگای بانکەکان، پوڵە بلۆککراوەکانی ئێران لە کوێن و سەرچاوەیان چییە؟





ئەمیر سوڵتانی

گرنگترین پرسیار لە داهاتوودا تەنیا ئەوە نییە کە چەند میلیارد دۆلار ئازاد دەکرێت، بەڵکوو ئەوەیە کە ئایا ئەو سامانە مەزنە دەگاتە ئابووریی ڕاستەقینەی وڵات و دەبێتە هۆی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک، یان جارێکی دیکە لە ناو بازنەی کێشە سیاسی، دارایی و کارگێڕییەکان کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی ئێرانن گیر دەکات؟

یەکێک لە گرنگترین پرسە ئابووریییەکانی ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا، چارەنووسی ئەو میلیاردان دۆلارەیە کە لە بانک و دامەزراوە دارایییەکانی دەرەوەی وڵاتدا بلۆک کراون. ئەم پوڵە کە بەشێکی زۆری لە داهاتی فرۆشتنی نەوت و گازی ئێران پێکهاتووە، لە ئەنجامی گەمارۆ ئابووری و بانکییەکاندا دەستڕاگەیشتنی حکوومەتی ئێرانی بۆ سنووردار کراوە. لە کاتێکدا ئابووریی ئێران بەدەست کەمبوونی دراوی بیانی، هەڵاوسان، دابەزینی بەهای ڕیاڵ و کەمیی وەبەرهێنانەوە دەنالێنێت، بوونی ئەو سامانە گەورەیە لە دەرەوەی وڵات پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنێت: ئەو پارەیە لە کوێیە، لە چ سالێکەوە بلۆک کراوە، سەرچاوەکەی چییە و بۆچی ئێران ناتوانێت بە ئازادی دەستی پێی ڕابگات؟

بۆ تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی ئەم کێشەیە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ی زایینی و سەرەتای ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا. دوای داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، جیمی کارتەر، سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، لە ١٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا فەرمانی بلۆککردنی سامانەکانی دەوڵەتی ئێرانی دا لە ئەمریکا. بڕی ئەو سامانە لەو سەردەمەدا نزیکەی ١٠ تا ١٢ میلیارد دۆلار مەزندە دەکرا. بەشێکی زۆری دوای ڕێککەوتننامەی جەزایر لە ساڵی ١٩٨١دا ئازاد کرایەوە، بەڵام هەندێک دۆسیەی دارایی و یاسایی هەر بە کراوەیی مانەوە. لەوێوە پرسی پوڵە دەستبەسەرکراوەکان بووە بەشێک لە ناکۆکییە درێژخایەنەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

قۆناغی دووەمی ئەم کێشەیە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١١ تا ٢٠١٣دا گەیشتە ئاستێکی دیکە. ئەمریکا و یەکێتیی ئوروپا گەمارۆی توندیان خستە سەر بانکی ناوەندی، نەوت و سیستەمی بانکیی ئێران. لە ساڵی ٢٠١٢دا ئوروپا هاوردەکردنی نەوتی ئێرانی قەدەغە کرد و ژمارەیەک بانکی ئێران لە تۆڕی نێودەوڵەتیی گواستنەوەی پوڵدا، واتە سویفت SWIFT، دابڕان. لە هەمان کاتدا یاساکانی ئەمریکا وایان کرد ئەو وڵاتانەی هێشتا نەوتیان لە ئێران دەکڕی، پوڵەکە لە هەژماری بانکی ناوخۆی خۆیاندا هەڵبگرن. بەم شێوەیە، نەوتەکە دەفرۆشرا و پوڵەکەش دەدرایە بانک، بەڵام تاران نەیدەتوانی بە ئازادی بیگوازێتەوە. ئەمە جیاوازییەکی گرنگە لە نێوان خاوەندارێتیی پوڵ و دەستڕاگەیشتن بەو پوڵە بۆ بەکارهێنان.

لە ساڵی ٢٠١٦دا، بە دوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی بەرجام، بەشێک لەو سنووردارکردنانە هەڵگیران و ڕێگە بۆ دەستڕاگەیشتنی ئێران بە هەندێک لە داهات و سامانەکانی خۆش کرا. بەڵام ئەو بارودۆخە زۆری نەخایاند. لە مانگی مەی ٢٠١٨دا دۆناڵد ترامپ، ئەمریکای لە بەرجام کشاندەوە و لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا گەمارۆ نەوتی و بانکییەکانی گەڕاندەوە. لە مانگی مەی ٢٠١٩یشدا مۆڵەتە تایبەتییەکانی کڕینی نەوتی ئێران بۆ چەند وڵاتێک کۆتاییان پێ هات. ئەوە بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە میلیاردان دۆلار لە بانکەکانی ئاسیا و شوێنەکانی دیکەدا گیر بکەن.

کۆریای باشوور یەکێکە لە دیارترین نموونەکانی ئەم پرۆسەیە. ئەو وڵاتە تا پێش گەمارۆکانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، کریارێکی گرنگی نەوت و گازی ئێران بوو. نزیکەی ٧ میلیارد دۆلار لە داهاتی ئەو فرۆشتنانە لە هەژمارە بانکییەکانی کۆریادا کۆبووبووەوە. لە ساڵی ٢٠٢٣دا، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئالۆگۆڕی زیندانیانی نێوان ئێران و ئەمریکا، نزیکەی ٦ میلیارد دۆلار لەو پوڵە، دوای گۆڕینی دراو، گوازرایەوە بۆ بانکەکانی وڵاتی قەتەر. بەڵام گواستنەوەی پوڵەکە بە واتای ئازادبوونی تەواوی نەبوو، چونکە بەکارهێنانی تەنیا بۆ کڕینی کاڵای مرۆیی وەک خواردەمەنی و دەرمان ڕێگەپێدراو بوو. لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣دا ئەمریکا و قەتەر بەکارهێنانی ئەو پارەیان ڕاگرت. بەپێی ڕاپۆرتی کۆنگرەسی ئەمریکا لە مانگی ئووتی ٢٠٢٦دا، ئەو بڕە پوڵە هێشتا لە بانکەکانی قەتەردا مابووەوە.

وڵاتی عێراق شوێنێکی دیکەی کۆبوونەوەی داهاتی سنووردارکراوی ئێرانە. بەڵام لێرەدا جیاوازییەکی گرنگ هەیە، پوڵەکە بە شێوەیەکی سەرەکی نەک هی نەوت، بەڵکوو داهاتی فرۆشتنی گاز و کارەبای ئێرانە بە عێراق. دوای گەڕانەوەی گەمارۆکانی ساڵی ٢٠١٨، ئەمریکا مۆڵەتی کاتیی بە بەغدا دەدا تا بتوانێت وزە لە ئێران بکرێت، بەڵام پوڵی ئەو مامەڵانە دەبوو لە هەژمارە سنووردارکراوەکاندا بمێنێتەوە. لە ساڵی ٢٠٢٣دا بڕی ئەو پوڵە کەڵەکەبووانە بە نزیکەی ١٠ میلیارد دۆلار مەزندە دەکرا، هەرچەندە لە ڕاپۆرتە جیاوازەکانی دیکەدا ژمارەی ٦ میلیارد دۆلاریش هاتووە. بەشێک لەو پوڵە بە مۆڵەتی تایبەت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێران یان دانەوەی قەرزی وزە بەکار هاتووە. دیارە لە مانگی مارسی ٢٠٢٥شدا ئەمریکا مۆڵەتی هاوردەکردنی کارەبای ئێرانی بۆ عێراق نوێ نەکردەوە. بەڵام داهاتی ئەو پوڵە لە بانکەکانی عێراق و ئەمریکادا هەر دەستبەسەرکراو ماوەتەوە.

وڵاتی هێندستان لە قۆناغەکانی گەمارۆدا یەکێکی دیکە لە کڕیارە گەورەکانی نەوتی ئێران بووە. لە ساڵی ٢٠١٢وە سیستەمێکی تایبەتی پارەدان بە ڕوپیەی هێندی لە ڕێگەی بانکی UCO کارا بوو. بەشێک لە پوڵی نەوت لە هێندستان دەمابووەوە و ئێران دەیتوانی لە بەرامبەریدا کاڵای هێندی وەک برنج، دەرمان و پێداویستییە پیشەسازییەکان بکڕێت. دوای ساڵەکانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، گەمارۆ بانکییەکان دووبارە توند بوونەوە. هەندێک ڕاپۆرت بڕی سامانەکانی ئێران لە هێندستان بە نزیکەی ٧ میلیارد دۆلار دەخەمڵێنن، بەڵام بەڵگەیەکی گشتی و نوێ نییە کە پشتڕاست بکاتەوە هەموو ئەو بڕە پوڵە تا ئەمڕۆ بلۆک ماوەتەوە یان نا.

چین بەشێکی گرنگی ئەم هاوکێشەیەیە. ئەو وڵاتە لە ساڵانی دوای ٢٠١٩دا بووەتە سەرەکیترین کریاری بازاڕی نەوتی ئێران. هەندێک مەزندەی ڕاپۆرتی کۆن باسی نێزیکەی ٢٠ میلیارد دۆلاری ئێران لە چین دەکەن، بەڵام هەموو ئەو پوڵە نابێت بە مانای یاسایی بلۆککراو بێت. بەشێک لە مامەڵەکان بە دراوی یوانی چینی، هەژماری تایبەت، کریدیتی بازرگانی یان ئالۆگۆڕی نەوت بە کاڵا جێبەجێ دەکرێن. لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠٢٦دا ئاژانسی هەواڵدەریی ڕۆیتەرز ڕاپۆرتێکی لەسەر میکانیزمی ئالۆگۆڕی نەوتی ئێران بە کریدیتی کڕینی کاڵا لە چین بڵاو کردەوە. ئەو جۆرە مامەڵانە نیشان دەدەن کە ئێران دەتوانێت هەندێک داهاتی نەوت بەکاربهێنێت، بەڵام دەستڕاگەیشتنی بە دۆلار و یۆرۆی ئازاد و گواستنەوەی ئاسایی دراوی بۆ سنووردارە. لە ڕووی ئابوورییەوە هەمە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لە جۆری مامەڵەی دوولایەنەدا.

ژاپۆن یەکێکی دیکە لەو وڵاتانەیە کە لە ساڵانی پێش گەمارۆدا کریارێکی گرنگی نەوتی ئێران بوو. لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٢ تا ٢٠١٥دا گەمارۆ بانکییەکان گەیشتنە ئەو وڵاتە، لە ٢٠١٦ تا ٢٠١٨دا هەندێک ئاسانکاری هاتە ئاراوە، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکانی کڕینی نەوت لە مانگی مەی ٢٠١٩دا جارێکی دیکە مامەڵەکان سنووردار بوونەوە. لە هەندێک هەڵسەنگاندنا بڕی پارەی ئێران لە ژاپۆن بە نزیکەی ١.٥ میلیارد دۆلار دانراوە. ئەم ژمارەیەش مەزندەیەکی پوڵی فرۆشتنی نەوتی پێشووە، نەک پشتڕاستکردنەوەی پوڵی دەستبەسەرداگیراوی ئێستا. سەرچاوەی سەرەکیی ئەو داهاتە فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان بووە.

لە ئوروپادا دۆسیەی لۆکسەمبۆرگ لە ئارا دایە. لەو وڵاتەدا بڕی ١.٦ تا ١.٧ میلیارد دۆلار سامانی پەیوەندیدار بە بانکی ناوەندیی ئێران لە سیستەمی هەڵگرتنی بەڵگەنامە دارایییەکانی(Clearstream)دا بووەتە بابەتی ناکۆکیی یاسایی. ئەم پارەیە وەک داهاتی ڕاستەوخۆی فرۆشتنی نەوت لە هەژمارێکی بازرگانیدا ناژمێردرێت، بەڵکوو پەیوەندی بە بەڵگەنامەی قەرز، وەبەرهێنان و مافی دارایی بانکی ناوەندییەوە هەیە. لە یەکی ئەپریلی ٢٠٢٦دا کۆمپانیای داچ بۆرس Deutsche Borse ڕایگەیاند دادگایەکی ئەمریکا بڕیارێکی بە قازانجی داواکارانی وەرگرتنی لانیکەم ١.٧ میلیارد دۆلار دەرکردووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەندێک لە سامانەکانی ئێران تەنیا بەهۆی گەمارۆوە دەستیان بەسەردا نەگیرا، بەڵکوو لە ناو دۆسیە یاساییە درێژخایەنەکانیشدا ماونەتەوە.

لە ئەمریکا و بریتانیادا سەرچاوەی هەندێک لەو سامانە تەنانەت پەیوەندی بە فرۆشتنی نەوتیشەوە نییە. بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩، شای ئێران پوڵێکی زۆری بۆ کڕینی چەک و کەرەستەی سەربازی بە ئەمریکا و بریتانیا دابوو. دوای شۆڕش بەشێک لەو گرێبەستانە جێبەجێ نەکران و پارەکان بوونە بابەتی داواکاریی یاسایی. لە ساڵی ٢٠١٦دا ئەمریکا بە ڕێککەوتنێک ١.٧ میلیارد دۆلاری دا بە ئێران کە ٤٠٠ میلیۆنی پارەی بنەڕەتی و ١.٣ میلیاردی سوودی ڕێککەوتنەکە بوو. بریتانیاش لە مارسی ٢٠٢٢دا قەرزێکی ٣٩٣.٨ میلیۆن پۆندی پەیوەندیدار بە گرێبەستە سەربازییەکانی پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی یەکلایی کردەوە. پوڵی ئەو دوو گرێبەستە نابێت جارێکی دیکە وەک سامانی بلۆککراوی ئێستا هەژمار بکرێن. لە هەمان کاتدا، دۆسیەی نزیکەی ٢ میلیارد دۆلار سامانی بانکی ناوەندی لە ئەمریکا کە بوو بە بابەتی بڕیاری دادگا و قەرەبووی داواکاران، جیاوازە لە داهاتی نەوتی گیرکراو لە بانکەکانی دەرەوەدا.

بەو پێیە، وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە پارە بلۆککراوەکانی ئێران لە چی پێکهاتوون، ڕوونە: بەشی هەرە زۆریان داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی کەرتی وزەن. بەشێکی دیکە داهاتی فرۆشتنی گاز و کارەبایە، بەتایبەتی لە عێراق. بەڵام سامانی بانکی ناوەندی، بەڵگەنامەی دارایی، سوودی وەبەرهێنان، قەرز و پارەی پێشوەختەی گرێبەستە سەربازییەکانیش لەو دۆسیەیەدا هەن. هەروەها سەروەت و سامانی دەستوپێوەندەکان ڕێژیم و کۆمپانیا گەمارۆدراوەکانی سەر بە ئێران نابێت بەبێ جیاکردنەوە لەگەڵ داهاتی دەوڵەت تێکەڵ بکرێن.

لەبارەی کۆی گشتیی ئەو سامانەشەوە، ناکۆکی گەورە لە نێوان ژمارەکاندا هەیە. لە مانگی مەی و ژووئەنی ٢٠٢٦دا سەرچاوەیەکی نزیک لە تیمی وتوویژکاریی ئێران ژمارەی ٢٤ میلیارد دۆلاریان وەک بڕی پارەکانی بابەتی وتوویژ هێنایە گۆڕێ. لە بەرامبەردا هەندێک هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتی ژمارەی ١٠٠ میلیارد دۆلار یان زیاتر دەهێنن، کە بەشێکیان پشت بە مەزندە کۆنەکان دەبەستن. لە هەمان ساڵدا باسی ئازادکردنی ١٢ میلیارد دۆلار لە وڵاتی قەتەریش کرا، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ژمارەیە بەسەر ٦ میلیارد دۆلارە ناسراوەکەدا زیاد بکرێت، پێویستە سەرچاوە و شوێنی هەڵگرتنی هەر بڕێک لەو سامانە بە جیاواز پشتڕاست بکرێتەوە. هەتا مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦، لیستێکی فەرمی، گشتی و پشتڕاستکراو نییە کە بتوانێت بڕی تەواوی سامانە بلۆککراوەکانی ئێران دیاری بکات.

ئەم دۆخە لە ساڵی ٢٠٢٥دا بەهۆی گەڕانەوەی گەمارۆ ئەتۆمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئوروپا ئاڵۆزتر بوو. لە ٢٩ی سێپتەمبەری ئەو ساڵەدا یەکێتیی ئوروپا بلۆککردنی سامانەکانی بانکی ناوەندی و بانکە بازرگانییە گەورەکانی ئێرانی گەڕاندەوە. لە مانگی ژووئەنی ٢٠٢٦دا باسی ئازادکردنی پارەکان لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی سیاسیی نێوان تاران و واشنگتۆندا کرایەوە، بەڵام بەپێی هەڵسەنگاندنی کۆنگرەسی ئەمریکا، هەتا مانگی ئووتی هەمان ساڵ بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر ئازادکردنی ئەو پارەیانە نەبوو.

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، بلۆکەبوونی پوڵ و سەرچاوە دارایییەکانی ئێران تەنیا مانای ئەوە نییە کە ژمارەیەک دۆلار لە بانکەکانی دەرەوەدا ماونەتەوە. ئەوە بە واتای کەمبوونی دەستڕاگەیشتن بە دراوی بیانی، تێچووی زیاتر بۆ هاوردەکردنی کاڵا، دژواربوونی پارەدانی بازرگانی و زیادبوونی فشار لەسەر نرخی دراوە لە ئێرانی ئەمڕۆدا. هەرچەندە ئازادکردنی ئەو سامانە دەتوانێت یارمەتیی هەڵسوڕانی ئابووری و دابینکردنی کاڵای پێویست بۆ بژیوی خەڵک بدات، بەڵام بە تەنیا ناتوانێت کێشە بنەڕەتییەکانی ئابووریی ئێران چارەسەر بکات. ئەوە پێویستی بە چاکسازیی سیستەمی بانکی، شەفافیەتی داهات و خەرجیی دەوڵەت، کەمکردنەوەی وابەستەیی بە نەوت و گەڕاندنەوەی متمانەی وەبەرهێنەران هەیە.

لە کۆتاییدا، پارە بلۆککراوەکانی ئێران تەنیا دۆسیەیەکی دارایی ئەمڕۆ نین، بەڵکوو ئاوێنەیەکن بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت، وزە و سیستەمی بانکیی جیهان. لە کۆریای باشوورەوە بۆ قەتەر، لە عێراق و هێندستانەوە بۆ چین و ژاپۆن، و لە لۆکسەمبۆرگەوە تا ئەمریکا، ئەم سامانە میژوویەکی جیاواز و دوور و درێژی هەیە و هەمووی لە یەک کاتدا بلۆک نەکراوە. گرنگترین پرسیار لە داهاتوودا تەنیا ئەوە نییە کە چەند میلیارد دۆلار ئازاد دەکرێت، بەڵکوو ئەوەیە کە ئایا ئەو سامانە مەزنە دەگاتە ئابووریی ڕاستەقینەی وڵات و دەبێتە هۆی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک، یان جارێکی دیکە لە ناو بازنەی کێشە سیاسی، دارایی و کارگێڕییەکان کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی ئێرانن گیر دەکات؟

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، بلۆکەبوونی پوڵ و سەرچاوە دارایییەکانی ئێران تەنیا مانای ئەوە نییە کە ژمارەیەک دۆلار لە بانکەکانی دەرەوەدا ماونەتەوە. ئەوە بە واتای کەمبوونی دەستڕاگەیشتن بە دراوی بیانی، تێچووی زیاتر بۆ هاوردەکردنی کاڵا، دژواربوونی پارەدانی بازرگانی و زیادبوونی فشار لەسەر نرخی دراوە لە ئێرانی ئەمڕۆدا.

KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO: 931 21 November 2026

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com

info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv

Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149

polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:

info@kurdistanmedia.com

ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:

Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

لە هاواری بەندکراوێکەوە بۆ مارشی نەتەوەیەک؛ دڵدار و میژووی «ئەی ڕەقیب»

✍بەهار حوسەینی



هەندێک شێعر هەن کە لە چوارچێوەی لاپەڕەکانی کتێبدا نامێننەوە، بەڵکوو دەبنە بەشێک لە ژیانی خەڵک، لە یادەوەریی کۆمەڵایەتییاندا جێ دەگرن و لە کات و شوێنی جیاوازدا نەوە لەدوای نەوە تێکەڵ بە تراژیدیا و حەماسەکانی سەرکەوتنیان دەیانخوێننەوە. ئەو شێعرانە تەنها بەهۆی جوانیی وشە و ڕێکخستنی پیت و دێڕەکانیانەوە ناژین، بەڵکوو هێزیان لەو پەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێوان دەق و ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکاندا دروست دەبێت.

«ئەی ڕەقیب» یەکێکە لەو دەقانەی کە لە بەندیخانەی ئەزموونی تاکەکەسیی شاعیرێکدا چەکەرەی کرد، بەڵام بەکاوەخۆ لە هەموو قوژبنێکی جیهانی کوردبووندا بنجی داکوتا و دواتر بوو بە زایەڵەی سروودی ڕابوونی نەتەوەیەک کە لە سەنگەری حەماسە و پێشمەرگایەتیدا، لە بۆنە نەتەوەییەکاندا، لە قوتابخانە و دامەزراوەکاندا و لە کاتە گرنگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەنگ دەداتەوە و بۆتە هێمای ورە و شکۆ و باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر تەوژمی لافاوی داگیرکاری و قڕان و لەنێوچوونداً. ناوی دڵدار، یونس ڕەئوف، بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەو شێعرەوە گرێ دراوە؛ بەڵام گرنگیی ئەم شاعیرە تەنیا لە نووسینی ئەو سروودەدا کورت نابێتەوە. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی دڵدار، پێویستە سەرەتا سەیری ژیانی ئەو بکەین، پاشان بزانین شێعرەکە لە چ بارودۆخێکدا نووسراوە و چۆن لە دەقێکی شیعرییەوە گەیشتووەتە ئاستی نیشانەیەکی نەتەوەیی.

دڵدار بە ناوی تەواوی یونس ڕەئوف مەلا سەعدی، لە ٢٠ی فێوریيەی ١٩١٨ لە شاری کۆیەی مەڵبەندی زانایان و ڕووناکبیران لەدایک بوو. ئەو لە سەردەمێکدا گەورە بوو کە کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و ئاڵوزیی زۆر ببووەوە. ژیانی ئەو لە ژینگەیەکی کوردیدا دەستی پێ کرد کە زمان و کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی هەموویان لەگەڵ

لە ساڵی ١٩٤٦، کاتێک کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەندرا، «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی ئەو کۆمارە هەڵبژێردرا. ئەمە ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە شێعرەکە تەنها لە مانای ڕاستەوخۆی وشەکانی نییە؛ لە شێوازی دەربڕینەکەشە. شاعیر بە وشەی «کەس نەڵێ» قسەکەی بە شێوەیەکی گشتی دەکات. ئەو قسەیە بە تاکێک سنووردار ناکات، بەڵکوو وەک وەڵامێک بۆ هەر کەسێک دەیخاتە ڕوو کە بوونی کورد ڕەت دەکاتەوە.

دووبارەکردنەوەی بیرۆکەی ژیان و زیندوویی، لەگەڵ ڕێکخستنی کورت و ڕوونی دێڕەکە، وای کردووە ئەم بەشە بە ئاسانی لە بیر نەچێت. لە شێعرەکەدا، ژیان تەنها مانای زیندووبوونی جەستە نییە؛ مانای بەردەوامبوونی زمان، یادەوەری، هەست بە هاوبەشی و توانای دروستکردنی داهاتووشە. ئەم مانایە بە تایبەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە شاعیر لە دۆخی بەندکردندا باس لە زیندوویی دەکات.

لە بەشەکانی دیکەی شێعرەکەدا، ئالا و نیشانەی هاوبەشیی نەتەوەیی دەبنە ناوەندی وێنەسازیی شاعیر. ئالا لێرەدا تەنها پارچەیەک قوماش نییە؛ بەڵکوو وێنەیەکی کۆکراوەیە لە یادەوەری و هیوای هاوبەش. کاتێک شاعیر باس لە ئالا دەکات، لە ڕاستیدا باس لەوە دەکات کە مرۆڤەکان چۆن خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵێکی فراوانتر دەزانن.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامیی «ئەی ڕەقیب»، سروودبوونی ئەو شیعرەیە. هەموو شێعرێک ناتوانێت ببێتە سروودێکی نیشتمانی؛ چونکە سروود پێویستی بە ڕیتم، دووبارەبوونەوە، ڕوونیی دەربڕین و توانای بەشداریپێکردنی گوێگر هەیە. شێعرەکەی دڵدار لە ڕووی زمان و ڕێکخستنی دێڕەکانەوە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە یارمەتیی گواستنەوەی لە دەقێکی نووسراوی سەر کاغەزەوە بۆ سروودێک داوە کە بە ئاسانی دەتوانێ جێگەی خۆی لە هزر و دڵی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەیدا بکاتەوە و ببێتە وێردی سەرزاری گەورە و بچووک.

لە خوێندنەوەی شێعرێکدا، خوێنەر گرتووخانەکەیدا دەبهێنێتە سەر کاغەز، تەنها هەستی وەڕەزبوونی کەسێکی بەندکراو نییە؛ بەڵکوو دەنگی خەڵکێکە کە دەیانەوێت بوون و مانەوەی خۆیان بە شەکاوەڕاگرتنی ئالاکەیان لە نێو دەریای خوێن و شۆڕشدا بسەلمێنن.

یەکێک لە بەناوبانگترین دێڕەکانی شێعرەکە ئەوەیە:

«کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە»

لە ڕووی مانـاوە، ئەم دێڕە ڕەتکردنەوەیەکی ڕوونە بۆ هەر بانگەشەیەک کە بوونی کورد کۆتایی هاتووە یان لە مێژوودا ون بووە. بەڵام گرنگیی دێڕەکە تەنها لە مانای ڕاستەوخۆی وشەکانی نییە؛ لە شێوازی دەربڕینەکەشە. شاعیر بە وشەی «کەس نەڵێ» قسەکەی بە شێوەیەکی گشتی دەکات. ئەو قسەیە بە تاکێک سنووردار ناکات، بەڵکوو وەک وەڵامێک بۆ هەر کەسێک دەیخاتە ڕوو کە بوونی کورد ڕەت دەکاتەوە.

دووبارەکردنەوەی بیرۆکەی ژیان و زیندوویی، لەگەڵ ڕێکخستنی کورت و ڕوونی دێڕەکە، وای کردووە ئەم بەشە بە ئاسانی لە بیر نەچێت. لە شێعرەکەدا، ژیان تەنها مانای زیندووبوونی جەستە نییە؛ مانای بەردەوامبوونی زمان، یادەوەری، هەست بە هاوبەشی و توانای دروستکردنی داهاتووشە. ئەم مانایە بە تایبەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە شاعیر لە دۆخی بەندکردندا باس لە زیندوویی دەکات.

لە بەشەکانی دیکەی شێعرەکەدا، ئالا و نیشانەی هاوبەشیی نەتەوەیی دەبنە ناوەندی وێنەسازیی شاعیر. ئالا لێرەدا تەنها پارچەیەک قوماش نییە؛ بەڵکوو وێنەیەکی کۆکراوەیە لە یادەوەری و هیوای هاوبەش. کاتێک شاعیر باس لە ئالا دەکات، لە ڕاستیدا باس لەوە دەکات کە مرۆڤەکان چۆن خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵێکی فراوانتر دەزانن.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامیی «ئەی ڕەقیب»، سروودبوونی ئەو شیعرەیە. هەموو شێعرێک ناتوانێت ببێتە سروودێکی نیشتمانی؛ چونکە سروود پێویستی بە ڕیتم، دووبارەبوونەوە، ڕوونیی دەربڕین و توانای بەشداریپێکردنی گوێگر هەیە. شێعرەکەی دڵدار لە ڕووی زمان و ڕێکخستنی دێڕەکانەوە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە یارمەتیی گواستنەوەی لە دەقێکی نووسراوی سەر کاغەزەوە بۆ سروودێک داوە کە بە ئاسانی دەتوانێ جێگەی خۆی لە هزر و دڵی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەیدا بکاتەوە و ببێتە وێردی سەرزاری گەورە و بچووک.

لە خوێندنەوەی شێعرێکدا، خوێنەر بە تەنیا لەگەڵ دەقەکەدا دەبێت؛ بەڵام لە سروودێکی هاوبەشدا، دەنگەکان کۆ دەبنەوە. ئەوەی پێشتر لە پەڕەیەکدا نووسرابوو، دەبێتە ئەزموونێکی هاوبەش لە نێوان ژمارەیەکی زۆری مرۆڤدا. لەو کاتەدا، سروود تەنیا هونەر نییە، بەڵکوو دەبێتە ڕێگایەک بۆ دروستکردنی هەستی هاوبەشی و ژیلەمۆیەک بۆ هەڵگیرساندنەوەی ئاگری دامرکاوی ڕۆحی نەتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٦، کاتێک کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەندرا، «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی ئەو کۆمارە هەڵبژێردرا. ئەمە ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە شێعرەکە لە ئاستی بەرهەمێکی ئەدەبییەوە هاتە نێو بۆنەیەکی فەرمیی سیاسی و ڕووداوێکی میژوویی گرنگ. گرنگە ئەوەش بزانین کە دڵدار لەو کاتەدا هێشتا لە ژیاندا بوو؛ واتە لە ژیانی خۆیدا شاهیدی ئەوە بوو کە چۆن بەرهەمەکەی لە دەقێکی شیعرییەوە بوو بە هێمای زیندووبوون و ڕاسانەوەی نەتەوەیەک.

دواتر، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی فەرمیی هەرێمی کوردستانیش ناسێنرا. بەم شێوەیە، شێعرەکە لە دوو قۆناغی میژوویی جیاوازدا ڕۆڵێکی فەرمی و نەتەوەیی وەرگرت: یەکەمجار لە کۆماری کوردستانی مەهاباد و دواتر لە هەرێمی کوردستان.

لە مەودای نێوان دامەزرانی ئەو دوو کیانە نەتەوەییەشدا بۆ ماوەی دەیان ساڵ زایەڵەی «ئەی ڕەقیب» لە نێو هەناسەی سەنگەرەکانی شۆڕش، لە ترپەی دڵی چیا و گوند و مەزرا، تێکەڵ بە شەپۆلی پارازیت لێدراوی ڕادیۆی شۆڕشەکان و لە سەر لاپەڕەی پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامە و تراکت و شەونامە نهێنییەکاندا، لەسەر لێوی شەقارگرتووی پێشمەرگە و لە ململانێی خوێناویی نێوان ڕووناکی و تاریکیدا دەنگی داوەتەوە و تۆوی هیوا و باوەڕبەخۆبوونی لە دڵی نەوەکانی دواڕۆژدا چاندووە.

ئەم بەردەواميیە نیشان دەدات کە هێزی دەقەکە تەنها بە بارودۆخی ساڵی ١٩٣٨ یان ١٩٤٦ سنووردار نەماوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ژیانی ئەدەبیی دڵدار تەنیا لە نێو ئەو بەرهەمەدا کورت بکەینەوە. ئەو بەرهەمی دیکەشی هەبوو و لە گۆڕەپانی شیعری کوردیدا کاریگەریی خۆی هەبوو. ئینسایکلۆپیدیای ئیرانیکا ئاماژە بەوە دەکات کە دڵدار توخمە ڕۆمانسی و واقیعییەکانی خستە نێو شیعری کوردییەوە و ژمارەیەک لە شیعرەکانی لەلایەن هونەرمەندانەوە کراونەتە گۆرانی.

ئەم زانیارییە گرنگە، چونکە یارمەتیمان دەدات دڵدار وەک شاعیرێکی چەندڕەهەندی ببینین، نەک تەنها وەک ناوی نووسەری سروودێک. لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا، هەست و خۆشەویستی و ژیانی مرۆڤ و بارودۆخی کۆمەڵگا جێگای خۆیان هەیە. بەو پێیە، «ئەی ڕەقیب» دەبێت وەک بەشێکی گرنگ لە کۆی ئەزموونی ئەدەبیی ئەو بخوێندرێتەوە، نەک وەک تەواوی ئەو ئەزموونە.

هەروەها، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دڵدار دەرفەتێکە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی شیعری کوردی لە سەدەی بیستەمدا؛ ئەو سەردەمەی شاعیران هەوڵیان دەدا لە نێوان شێوازی کۆنی شیعری کوردی و دەربڕینی نوێدا پردەبازێک دروست بکەن. دڵدار لەو ڕەوتەدا شوێنی خۆی هەیە، چونکە زمانێکی ڕوون و هەستێکی زیندووی بەکار دەهێنا و توانی هەندێک لە بابەتە گشتییەکان بخاتە نێو شێعری خۆیەوە.

دەرئەنجام:

ئەگەرچی دڵدار لە ساڵی ١٩٤٨ بە جوانەمەرگی سەری نایەوە، بەڵام یادگارە ناوازەکەی بۆ نەتەوەکەی واتە «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ کۆتایی ژیانی ئەو کۆتایی نەهات، لە ماوەیەکی درێژدا لە نێو نەوە جیاوازەکاندا گەڕایەوە و بوو بە بەشێک لە یادەوەریی هاوبەشی کورد. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەدەب: هەندێکجار دەقێک دوای مردنی نووسەرەکەی دەست بە ژیانێکی نوێ دەکات؛ ژیانێک کە خوێنەران و گوێگران و ئەو کۆمەڵگایەی دەقەکەیان بەخۆوە گرتووە بەردەوامیی پێ دەدەن.

گرنگیی «ئەی ڕەقیب» لەوەدا نییە کە تەنها لە بۆنە فەرمییەکاندا دەخوێندرێتەوە، بەڵکوو لەوەدایە کە هێشتا دەتوانێت پرسیارێکی گرنگ لەبەردەم گوێگر دابنێت: چۆن کۆمەڵێک مرۆڤ، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیاندا، هەست بە هاوبەشی و مانەوە دەکەن؟ چۆن زمانێک و شێعرێک دەتوانێت ببێتە بەشێک لە ناسنامەی گشتی؟

دڵدار لە ژیانێکی کورتدا بەرهەمێکی دروست کرد کە تەمەنێکی درێژی هەبوو. ئەو لە زیندانەوە دەستی بە نووسینی دەقێک کرد کە دواتر لە سەر زاری خەڵکدا گەڕا. بەڵام ئەوەی ئەم مێژووە بە مانا دەکات، تەنیا چارەنووسی شێعرەکە نییە؛ بەڵکوو توانای ئەوەیە کە هەر جارێک دەخوێندرێتەوە، هەستێکی نوێ لە ناخی گوێگردا دروست بکات. لەبەر ئەوە، «ئەی ڕەقیب» تەنها بەرهەمێکی مێژوویی نییە؛ دەقێکی زیندووە کە لە نێوان ئەدەب، مێژوو و ژیانی ڕۆژانەی کورددا بەردەوام دەژیت.